# دیوێکی دیکەی
# حەکایەتە نەنووسراوەکان

ڕۆمان

PDF4Kurd

یوسف عیزەدین

سلێمانی ٢٠٠٦

دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان
نووسینی: یوسف عیزەدین
بابەت: رۆمان
تایپ: توانا ئەحمەد حەسەن
نەخشەسازی بەرگ: سۆران رەفعەت
تابلۆی بەرگ: شیلان جەبار
تیراژ: ٥٠٠
چاپ: چاپخانەی (شڤان)
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦ سلێمانی
ژمارەی سپاردن(٦٧)ی ٢٠٠٦

ئەم رۆمانە لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە

# ١

لەگەرمترین ئێوارەیەکی تەمموزی یەکێك لەساڵەکاندا، بۆ یەکەمجار، تابووتێك فڕێدرایە نێو ئەو تاکە ڕووبارە بێکۆتاییەی کەدوورگەی (سین)ی دەکردە دوو کەرتی یەکسان و هاوتاو هاوشێوە. بەچەشنێك کە لەهەر بەشێکی دوورگەکەدا گەڕابایت، وات دەزانی لەبەشەکەی تردایت. هیچ جۆرە نووسین و ناوێکت لەسەر هیچ بیناو دەرگایەکی نێو دوورگەکەدا نەدەبینییەوە، تەنها بەژمارە بیناکانت بۆ جیا دەکرایەوە. نزیك ڕۆخی ڕووبارەکەو بەرامبەر بەیەك، دوو پەرستگای لێکچوو، بەحەوادا چووبوون، بەچەشنێك کە لەیەکێك لەڕۆخەکانی ڕووبارەکەوە، نزیك یەکێك لەپەرستگاکان، لەپەرستگاکەی بەرامبەرت ڕوانیبا هەردەتگووت، لەئاوێنەیەکی گەورە دەڕوانیت. لەنێوەڕاستی هەر یەکێك لەبەشەکانی دوورگەکەدا، دەیان بینای هاوشێوەو لێکچووت دەکەوتنە بەرچاو کەکۆیلەکانی تێدا دەحەسایەوە. هەردوو کۆشکەکەی (کڕاڵ) دەکەوتنە پشت هەردوو پەرستگاکەوە، تەنها ڕێگایەکی گەیشتنە نێو کۆشکی (کڕاڵ)یش، بەڕاڕەوێکی نهێنی نێو هەردوو پەرستگاکەدا تێپەڕدەبوو. کۆشکی (کڕاڵ) لەشانزە منارەی بەرزو هەشت ساختمانی بازنەیی پێکهاتبوو، کەسەرەکانی بەگومەزی ڕەنگ پیرۆزەیی گیرابوون، کەمێك لەدەستە ڕاستی هەردوو کۆشکەکەدا، گۆڕەپانێکی تایبەت



هەبوو، بۆ کۆبوونەوەی کۆیلەکان لەو بۆنەو مەراسیمانەدا کە(کڕاڵ) وتارە دوورو درێژەکانی تێدا دەخوێندەوە، پاش ئەوەی دەچووە سەر سەکۆ بەرزەکەی تەنیشت پەیکەری ئەو پیاوە پۆشتەیەی کەسواری ئەسپە بێ سەرەکە ببوو. لەدەستە چەپی هەر یەکێك لەکۆشکەکانی (کڕاڵ)یشدا، بینای تایبەت بەپەخشکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تاکە کەناڵێکی دوورگەکە هەبوو. لەبەشی سەرووی هەردوو بەشی دوورگەکەشدا بینایەکی نیمچەگەورە هەبوو، کە بەبینای ژمارە حەوت ناودەبرا. دووکەڵکێشێکی لوولەییش لەسەربانی یەکێك لەژوورەکانی بەشی دواوەی بیناکەوە بەرز دەبۆوە. ڕۆژانە هەر لەسپێدەوە تا ئێوارێ، هەموو شتێکی نێو دوورگەکەت وەك خۆی دەهاتە پێش چاو، بەڵام هەر کەشەو دادەهات لەجێی هەموو ئەو شتانەی کە بەڕۆژ بینیبووت، شتی دیکەو جیاوازت دەبینی. سەرجەم بیناکانی نێو دوورگەکە، دەبوونە ماڵۆچکەی لەزەل و قامیش دروستکراو، کەجگە لەخشۆك و دەعباکان شتێکی دیکەت لەنێویدا نەدەبینییەوە. لەجێی پەرستگاکان، دوو چیای بەرزت دەکەوتە بەرچاو، کۆشکی (کڕاڵ) لەهیچ شوێنێکی هەردوو بەشی دوورگەکەدا بوونی نەبوو. لەهەر جێگەو شوێنێکی دوورگەکەدا، دەکرا توخم و جۆرێکی زۆر دەگمەنی تەیرو توو و باڵندەو ئاژەڵی دەمێك ساڵ لەمەوپێش لەناوچوو، وەك تارماییەکی ڕەنگاوڕەنگ ببینیت. ئیدی هەموو شەوێك ئەو دوورگە وشك و برنگە دەبووە دنیایەکی بریقەداری ڕەنگاوڕەنگی قەشەنگ. شەوانە دەیان

باڵندە بەسەر ئاسمانی دوورگەکەوە بەرەو خۆرهەڵات قەتارەیان دەبەست. نزیك ڕۆخی ڕووبارەکەو لەسەعاتێکی دیاریکراودا، ڕەوێك ئاسکی چاو زەرد، بێباکانە دەمیان لەئاوی ڕووبارەکە وەردەدا، لەکاتێکدا بریق و باقی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژێر تریفەی مانگەشەو لەچاویاندا دەبریسکانەوە.

شەوانە دەکرا بەئارەزووی خۆت بەسەر چیمەنە سەوزەکاندا هەنگاو بنێیت، بۆنی دەیان گوڵی هەمەچەشنی کێویی بکەیت، کەبۆن و بەرامەیان ڕۆژەڕێیەك بڕی دەکرد. ئیدی لەو کاتانەدا سەدان دارخورماو دارمۆزو دەوەن و درەختی جۆراوجۆر، پانتایی فراوان و بێکۆتایی دەریاکەیان لەبەرچاو ون دەکردیت. ڕەنگی تێکەڵی قەدو لق و گەڵا جۆراوجۆرەکانیان، دەبووە بەربەستی چیدی فڕینی پەپوولەی نیگا تینووەکانی تەماشاو بینین. جارجارە لەژێر چڕەسێبەری لق و گەڵاکاندا کیسەڵێکی بێ جووڵە لەشوێنێکی دەڕوانی. هەندێك جار کووندەپەپووەکان لەچەند لایەکەوە بەڕیتمێکی هێواش دەنگیان دەهات، ئەو دەمانە حەوت ڕەنگیلەو چوێلەکەکان، گوێیان هەڵدەخست، مشکەکان خۆیان لەدرزو کەلێن و کوون و قووژبنەکان دەهاویشت. تاوێك پێش تاریك‌و ڕوونی بەرەبەیان، بۆ دواجار گوێت لەچریکەی باڵندەیەکی دەنگخۆش دەبوو، کەزیاتر دەنگی چریکەی لەئاوازێکی خەمناك یان وشە بەسوێیەکانی گۆرانییەکی دێرین دەچوو.

* * *



بەدرێژایی پێنج ساڵ مانەوەم لەدوورگەکەدا، چەند جارێك خەونم بەو کچۆڵەیەوە بینیوە کەساڵانێکی زۆر لەمەوبەر بەڕێکەوت وابەستەی ببووم. بۆ ماوەی ساڵێك‌و هەموو ڕۆژێك لەساتەوەختێکی دیاریکراودا لەتاکە باخچەیەکی ئەو شارەی کەتێیدا دەژیاین، یەکترمان دەبینی. وەك پیشەیەکی دووبارەبۆوە، دەبوو سەرجەم درەختەکانی باخچەکە بژمێرین‌و یەك بەیەك بەسەریان بکەینەوە. پاشان جیاجیاو بەرامبەر بەیەك دادەنیشتین بەبێدەنگی لەیەکترمان دەڕوانی، پێکەوە گوێمان لەدەنگی خوێندنی کوکوختی‌و قومرییەکان دەگرت. گەرچی هیچ جوانییەکم لەڕووکاریدا نەدەبینییەوە، بەڵام نەشمدەزانی بۆ دەبێت ئاوا گیرۆدەی بووبێتم. بەچەشنێك منی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، کەنەدەکرا دەستبەرداری ببم. هەر دەتگووت پێشترو لەژیانێکی تردا ئەوم لەشکڵ و شێوەی کچۆڵەیەکی تردا ناسیوەو سەردەمانێك پێکەوەبووین.

هەندێ لەو شەقام‌و کۆڵان‌و کووچانەی کەپێکەوە لەگەڵ ئەودا پێیدا تێپەڕ دەبووین، گەرچی لەسەرەتادا وا دەهاتە زەینم کەناکرێت پێشتر بەو شەقام‌و کۆڵان‌و کووچانەدا لەهیچ ئان‌و زەمانێکی بەسەرچوودا تێپەڕبووبێتم، بەڵام دواتر دەنگێك لەناخمەوە پێی دەگووتم(تۆ پێشتر هەموو ئەو شەقام‌و کۆڵان‌و کووچانەت بینیوە). هەموو کاتێك پاش ئەوەی گوێم لەو دەنگە

دەبوو هەستم بەپیربوونی خۆم دەکرد، تەنانەت زۆرجار لەبەرخۆمەوە دەمگوت(تۆ بڵێی وابێت؟!). ئەم حاڵەتە سەیرو دڵەڕاوکێ دەروونییەم زۆری نەخایاند، چونکە پاش ماوەیەک هەر دوای ئەوەی گوێم لەو دەنگە دەبوو، بەچەشنێکی دی ئەو شەقامو کۆڵانو کووچە دێرینانەم دەهاتە پێش چاو کەنەدەکرا (نەوا)، وەک من هەموو ئەو شتانە ببینێت کەمن دەمبینین. جارێکیان ئەو حاڵەتە تایبەتییەی خۆم بۆ گێڕایەوەو گوتم(تەماشای ئەو خانووە دوو نهۆمییە بکە، منیش وەک تۆ ئەو خانووە زۆر دێرینە دەبینم، بەڵام پاش بیستینی ئەو دەنگەی کە لەناخمەوە دێت بەدەر لەویستی خۆم شتێکی تر دەبینم، لەشوێنی ئەو خانووەی کەدەیبینیت، پانزە بیست دەوارێکی چڵکن دەبینم، باوەڕبکە زۆر بەڕوونی ئەو دوو منداڵە دەبینم کە لەبەردەم یەکێک لەدەوارەکانەوە تێم دەڕوانن).

(نەوا) بەپەشۆکاوییەوە گوتی(سەیرە، ئەوەی کەتۆ گووتت، پێشتر لەنەنکی دایکمم بیستووە، بەڵام تۆ بڵێی تۆش وەک من لەکەسێکت نەبیستبێت؟!). (نەوا) ڕەشپێستێکی قژلوولی چوارشانەی باڵابەرزی لچ ئەستوور بوو، قامکەکانی گەورەو درێژو قەوی بوون. چاوەکانی کزو گچکەو پووکاوە بوون، جگەلەوەی تیل بوون. ڕیزێ ددانی بەشی سەرەوەی تاقم و ڕیزەکەی خوارەوەشی چەند ددانێکی لێ دەربچێت، زەردو کلۆرو ڕەش داگەڕاوبوون. ئەو تاقانەی دایکو باوکێکی هەژار بوو، کە بەبنەچە دەچوونەوە سەر ئەو خێڵەی کە بەناچاری



پێش چل پەنجا ساڵێک لەمەوبەر پاش ئەوەی ماڵو حاڵیان هەڕاجکردن، بۆ هەتاهەتایە بەشێکی زۆریان شاریان جێهێشت. هەردەم داوای گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتو سەرگوزشتنەو حەکایەتانەم لێدەکرد، کە لەنەنەکی دایکییەوە بیستبووی. وەک ئەوەی بۆی دەگێڕامەوە، پێ بەپێ دەیبردمە نێو بەسەرهاتو سەرگوزشتەو حەکایەتەکانی. خۆم لێدەبووە پاڵەوانی سەرەکی ماجەراکەو وەک ئەوان خۆم دەهاتە پێش چاو، بەخەیاڵ هەمان جلکی ئەوانم لەبەردەکرد، وەک ئەوان بەگژ دێوو درنجەکاندا دەچوومو شمشێرم ڕادەوەشاند. بەسواری یەکێک لەو ئەسپانەی کەهەمیشە سووچێکی زەینمیان داگیردەکرد، بەرەو گەرمەی جەنگەکە ملم دەکوتا. دەنگی پێکدادانی شمشێری سوارچاکەکانی گۆڕەپانی جەنگ و دەنگی شمشێرەکەم تێکەڵ دەبوون، وەک ئەوان دەمنەڕاندو نەعرەتەم دەگەیشتە عەرشی عەزیم. پاش تەواوبوونیشی لەگێڕانەوەی هەر بەسەرهاتو سەرگوزشتەو حەکایەتێک، گۆرانی کەپرە شینەکەی بۆ دەگوتم و رایدەکێشامە نێو ئەو کەشە تایبەتییەی کە لەهەموو پایزێکدا بەمەبەستی بارینی بارانی پەڵە سازدەکرا.

جارێکیان پاش دووبارەکردنەوەی چەند جارێکی گۆرانییەکە، دایە پرمەی گریان، هێندەی خایاند، ئیدی پێموانەبوو جارێکی تر ژیربێتەوە. هەرچییەکم کردو کۆشام بێسوود بوو، نەختێکی مابوو منیش وەک ئەو بدەمە پرمەی گریان، کەدەنگی گرمەو ناڵەی تۆپبارانی کەناری شار، هەستو

خوستی لێ بڕی، پاش ئەوە بۆ تاوێك گوێی هەڵخست، زاری هەڵهێناو گوتی(کە منداڵ بووم، باوکم لەدەستپێکی هەموو پاییزێکدا، بەچرپە بانگی دەکردمو دەیگووت: وەرە باپێکەوە کەپرە شینەکە چێ بکەین، بەڵام لای کەس باسی نەکەیت، باشە کچی خۆم. پاش ئەوەی دەرگای دەرەوەی ماڵەوەمانی دادەخست، پێکەوە دەچووینە پاڵ دیوارە بەرزەکەی بەشی پێشەوەی خانووەکەمان، کەنەدەکرا لەوێدا کەس بمانبینێت، بەچیچکانەوە دادەنیشتینو ئەو کەپرە پیرۆزەی کەدەبوو زۆر بەگەورەیی و لەشوێنێکی دیارو ئاشکرادا بکرێتو حەشامەتێك دەوری بدات، لەخوا بپاڕێتەوەو دوعا بکات، پاشان نوقڵو شیرینی بەسەر دراوسێکاندا دابەش بکرێت، بەڵام منو باوکم گچکە کەپرۆکەیەکمان دروست دەکرد، لەجێی ئەو کەپرەی کەساڵانەو بەدرێژایی مێژوویەکی دێرین، لەهەمان کاتو ساتی خۆیدا، دروستکراوە. جگەلەوەی ئەو نوقڵو شیرینیانەی کەدەبوو ببەخشرێنەوە، خۆمان دەمانخواردن). دوای ئەوەی(نەوا) لەقسەکانی بۆوە، پێکەوە بۆ ماوەیەك لەگاژە هەورێکی تەنکمان ڕوانی، کە لەدوو پیتی تێکەڵ دەچوو.

زۆرجار باسی ئەو خانووە کۆنینە سەیرو سەمەرەیەی خۆیانی بۆ دەکردم کەدەکەوتە بەشی خوارەوەی یەکێك لەگەڕەکە دێرینەکانی شارەوە. بەخەیاڵ دەرگای دەرەوەی خانووەکەیانم دەترازاندو دەچوومە ژوور، گوێم بۆ دەیان وشەی نامۆو عەجایب هەڵدەخست، نەنکی دایکی (نەوا)م دەبینی،



لەسووچێکی حەوشەکەدا دوعای دەکرد. بسکەکانی بەچەشنێك درێژبوو، کەدیاربوو بەدرێژایی تەمەنی نەیبڕیبوو. خەیاڵەکان ڕاپێچی ئەو ژوورە پوختو جوانەیان دەکردم کەبنمیچەکەی بەشووشەی ڕەنگاوڕەنگو ئاوێنەی قۆقزو ڕووچاڵ گیرابوو، لەتاقە بەرزەکانیم دەڕوانی، ژوور بەژوور دەگەڕامو پاشان خۆم لەگەنجینە لاچەپەکەکەیاندا دەبینییەوە کەبۆنی عەنبەرو بوخوردو ڕۆن گەرچەكو مێخەكو ڕێحانەو گوڵی وشکەڵاتووی لێدەهات. (نەوا) پاش گێڕانەوەی هەر یادەوەرییەك چاوە گچکەو پووکاوەکانی خۆڵی مێژوویەکی کۆنیان لێدەنیشت، لەوکاتانەدا بێزاریو ناڕەحەتییەکی شاراوەم لەبزواندنی قامکەکانیدا دەبینییەوە. پاشان ئاخێکی قووڵی هەڵدەکێشاو پەنجەی بۆ ددانەکانی دەبرد، دواتر دەستی دەکردە کۆخین و هەردوو دەستی لەگەردنی خۆی گیردەکرد. هێندەی نەدەبرد، بەدەنگێکی کزو شێواوو لەرزۆکەوە پڕبەدەم بۆ چەند جارێك ناوی دەهێنامو بانگی دەکرد(موسا.. موسا.. موسا).

هێندە بەئاوازێکی تایبەتو شێوازێکی سەیر ناوی دەهێنام، بەدەر لەویستی خۆم تاماوەیەك غەرقی نەشئەیەکی سیحراوی دەبووم. لێوی لەنێوەڕاستەوە شوێن زامێکی قووڵی پێوەدیار بوو، کە لەکاتی شکاندنی ڕیزە ددانەکانی کاکیلەی سەرەوەیدا لەلایەن منداڵەکانی گەڕەکەوە زامداربوو. هەرکاتێك کەئەو بەسەرهاتەی بۆ دەگێڕامەوە، لەگەڵیدا هۆن هۆن دەگریا. پاشان

هەرچۆنێك بایە، دەمهێنایەوە سەرخۆی‌و بۆ تاوێك باسەکەم لێ دەگۆڕی. دەمگوت(باباسی شتێکی ترت بۆ بکەم). هەموو جارێکیش باسی ئەو توولەسەگەم بۆ دەکرد کە بەمندالی بۆماوەی سێ مانگ لەماڵەوە ڕامگرتبوو. گەرچی لەدەستپێکی گێڕانەوەی حەکایەتەکەدا، کەمێك بزەو خەندە لەسەر لێوم دەنیشت، بەڵام دواتر گەردو خۆڵی خەم‌و کەسەرێکی نیشتووی نێو قووڵاییەکانی دەروونم، لێویان دەهێنامە لەرزین. ریتمی شەپۆلەکانی دەنگمیان دەگۆڕی، بەتایبەت کەدەگەیشتمە سەرباسی ئەوساتەوەختەی توولەسەگەکەم لەقەراغ شاردا جێهێشت. کەزنجیرەی بەرەوپێشچوونی ئاستی گێڕانەوەی حەکایەتی توولەسەگەکەم دەگەیشتە ئەو ترۆپکە هەستیارە، هەردەم لەو ساتەوەختەداو وەك هەموو جارێکی پێشوو، (نەوا) قسەی پێدەبڕیم‌و دەیگوت(باشە بۆچی جێتهێشت؟). منیش بەپەلە وەڵامم دەدایەوەو دەمگوت(دراوسێکانمان ناچاریان کردم، خۆزیا پاش چەند ڕۆژێك توولەسەگەکەم نەگەڕابایەتەوە، چونکە نەئەوە بوو بتوانم بیهێنمەوە ژوورو نەئەوەش بوو منداڵە وردکە لێی بگەڕێن. سەرەتا کلکیان بڕی، پاشان پەلەکانی پێشەوەیان بەبەرد شکاند، دواجاریش هەردوو چاویان کوێرکرد. لەیەکێك لەبەیانییەکاندا، بەپەلە خۆم گەیاندە ئەو کەلاوەیەی کەداماوە خۆی تێدا حەشاردەدا، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو، توولەسەگەکەم گیانی تێدا نەمابوو).



وەك هەمیشە پاش ئەو وەڵامەم، پێکەنینی دەهات، پاشان کەدەیزانی پێکەنین تووڕەم دەکات، بەشەرم‌و شکۆیەکی سەیرەوە چاوی لەچاوەکانم دەبڕی‌و دەیگوت(ئازیزم، دڵنیابە لەوەی کە بەتۆپینی سەگەکەت پێناکەنم، بەڵکو بەوە پێدەکەنم، کەهەموو جارێك هەمان بەسەرهاتم بۆ دەگێڕیتەوە. پێناچێت هیچی دیکەت بەدرێژایی ژیانت، هاتبێتە ڕێ! یان ڕەنگە ئەو سەگەت لەهەموو کەس‌و شتێکی ئەم دنیایە، زیاتر خۆشویستبێت، من وەك خۆم ئێرەیی پێدەبەم!). ئەو کۆڵان‌و شەقامانەی کەپێکەوە بەناچاری هەموو ڕۆژێك پێیدا تێپەڕدەبووین، دەیان ناحەزو دوژمنی لابەلای بۆ دروست کردبووین. کەوەك دوو بوونەوەری قێزەون‌و مارمێلکە خشۆکێکی دەعەجان‌و پیس، تێیان دەڕوانین. دەمزانی لەناخیانەوە چ گڕکانێکی پڕ لەڕك‌و کینەی خەفەبووی پێشینە مێژووییەکی ناشیرین قوڵپ دەدات. چاوەکانیان نەفرەت‌و خێسەی ئیبلیسی لێ دەباری، نەشدەکرا بەچاوێکی دیکە بڕواننە پەیوەندیی نێوان نێرو مێیەکی شارەکەیان، چونکە ئەوان هەر لەمنداڵییەوە فێری نەفرەت دەکران، بەجوێن‌و تف زاریان دەپڕژا. بەناچاری دەبوو جارجار کۆڵان‌و شەقامێکی نوێ بدۆزینەوە، تابتوانین بۆ ماوەیەك بەکامی دڵی خۆمان بدوێین‌و بگەڕێین.

ساتەوەختەكانی باران بارین باشترین كاتی پیاسەكردنمان بوو، لەوكاتانەدا منو ئەو لەژێر هەمان چەتردا جێی خۆمان دەكردەوە، هێندەی هێزو تاوو خوڕەی بارانەكە، قاقامان لێدەداو تاپێمان كرابا ڕامان دەكرد. لەو دەمەدا چەند حەزم دەكرد بۆ تەنها كورتەساتێك شەو داهاتباو پڕ بەدڵ ماچێكی ڕوومەتە ڕەشەكانیم كردبا، دەستێكم بۆ پرچە زبرو لوولەكانی بردبا، بەڵام هەردەبوو لەو ساتەوەختانەدا هەستم بەبوونی دووچاوی ڕەنگ خورمایی پشت پەچەیەكی ڕەش بكەم، كە لەشوێنێكەوە تێیان دەڕوانیمو ناچاریان دەكردم بێمەوە سەرخۆمو تاپێم بكرێت بەعەیەبو ئاغرانە بجوڵێمەوە. لەیەكێك لەڕۆژە هەرە ساردەكانداو پاش بەسەرچوونی ساڵێك لەپەیوەندیمان كە قەولبوو وەك هەموو ڕۆژێك لەكاتو شوێنی دیاریكراودا، ئامادەبێت، لەپەنا درەختێكدا چاوەڕێی بووم، كەچی نەهات؟!! پاش ساڵانێكی دوورو درێژ، بەدارتێلی یەكێك لەشەقامە لاچەپەكەكانی شارەوە پۆستەرێكی هەڵواسراوم بینی كەناوو وێنەی ئەوی پێوەبوو، هێندەی لەسەر نووسرابوو(نەوا.. لەڕۆژی سێشەممەی، مانگی گەلاڕێزانی ساڵی لافاوە گەورەكەدا، لەشاری بەغدا لەسێدارە درا).

* * *



هێندەی ڕێمدەكەوتە كتێبخانەی پەرستگای بەشی ڕۆژئاوای دوورگەی (سین) خۆم بەخوێندنەوەی كتێبە جۆراو جۆرەكانەوە خەریكدەكرد، بەتایبەت ئەو كتێبانەی كەشتێكیان لەبارەی دۆزینەوەی دوورگەكەوە، دەخستەڕوو. زۆربەی كتێبەكانی نێو كتێبخانەكە بەدەست نووسرابوونەوە. پێنج شەش كاهین، لەكاهینەكانی نێو پەرستگاكە بەنووسینەوەی ئەو كتێبانەوە خەریكبوون، كەبەشێكی زۆری تایبەت بوو بەبەسەرهاتی ژیانو ماجەراو پەیوەندییە سێكسیو قارەمانێتییەكانی (كڕاڵ).

گرنگترین بابەتێكی مێژوویی كەسەبارەت بەدۆزینەوەی دوورگەكە چنگم كەوت كتێبێكی زۆر كۆن بوو كەناوی نووسەرەكەی لەسەر نەبوو. باسی لە(شەهمون) ناوێك دەكرد، كەگوایە یەكەم كەسێك بووە، بەڕێكەوت دوورگەی (سین)ی دۆزیوەتەوە. لەنێوان دوو كەوانەی گەورەدا بەسەرهاتی (شەهمون)و دۆزینەوەی دوورگەكەی تێدا خرابووەڕوو((شەهمون) پاش ئەوەی لەدووبارەبوونەوەی سەدجارەی خەونێكی ناخۆش بەئاگادێتەوە، دەڕوانێتە ئەو دەریایەی كەشەپۆلەكانی خەیاڵی سەفەرو هەوڵی كەشفكردنی دوورگەو شوێنو جێگە كەشف نەكراوەكانی پانتاییەكی جوگرافی ون، لەمێشكدا دەورووژێنن. ئیدی پاش

ئەوە، دەبێتە کەشتییەوان، دەیانجار بەمەبەستی دۆزینەوەی دوورگەو پانتاییە جوگرافییە کەشفنەکراوەکان، لەتاکە بەندەرێکی وڵاتەکەیەوە، بەسواری کەشتییەکی کۆن و گچکە، دەستەو ئێخەی شەپۆلەکان دەبێت و بەمەبەستی کەشفکردنی مەجهول دەکەوێتەڕێ. بەڵام هەموو جارێک بەناکامی دەگەڕێتەوە. تاپاشای وڵات، بەم کەین و بەینەی (شەهموز)و بڕیاری دۆزینەوەو کەشفکردنی دنیایەکی نەدۆزراوە، دەزانێت و بانگی دەکاتە لای خۆی و بەدەنگێکی قەڵەو پێی دەڵێت(شەهموز- ئەگەر دەتەوێت باشترین کەشتییەکی بەندەرەکەت دەدەمێ، چیت دەوێت لەچەک و تفاق و کەلوپەل و پێداویستیی سەفەر ئامادەیە، بەڵام یەک مەرجم هەیە، دەبێت تەنها بەیەک سەفەر بگەیتە ئەو شوێن و دوورگەیەی کەخەون بەدۆزینەوەیەوە دەبینیت، کەگەڕایتەوە لەگەڵ خۆت نموونەی هەموو چەشنە ئاژەڵ و پەلەوەرو باڵندەو دەعباو تەنانەت یەک دوو بنیادەمی ئەو شوێنەشم لەگەڵ خۆتدا بۆ بهێنە. بەڵام ئەگەر وەک هەموو جارێک بەدەستی بەتاڵ و بەناکامی بگەڕێیتەوە ئەوە بێگومانبە لەوەی کە بەزیندوویێتی دەتسوتێنم). (شەهموز) پێش هەموو شتێک، چل کەس لەخزم و برادەرەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو قەناعەتیان پێدەکات کە لەگەڵی بچن.

لەبەرەبەیانێکی تەماویدا، چارۆکەکانی کەشتییەکەی هەڵدەکات و بەنیازی دۆزینەوەی دوورگەیەکی مەجهول



دەکەوێتەڕێ. بەڕێکەوت باوبۆران و ڕەشەبایەکی توند ئاراستەی بەرەوپێشچوونی کەشتییەکەی دەگۆڕن. پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی دوورو درێژ لەبەر شپرزەیی و ترسی ونبوون، بەروارو ژمارەی ڕۆژەکانی پێشووی سەفەرەکەی لەبیردەچێتەوە.

لەسپێدەی یەکێک لەڕۆژەکاندا، تەمی کەڵەکەبووی ڕۆژانی پێشوو دەڕەوێتەوەو گزنگی بەرەبەیانی خۆرەتاوێکی شەرمن، ختووکەی دەموچاوی سپی هەڵگەڕاوی دەدات، کاتێک بەتەواوی خۆر بەتاقی ئاسمانەوە دەبینێت، بەتەواوی لەوە دڵنیادەبێت کە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کەشتییەکەی شەپۆلە هارو شێت و تێکچڕژاوەکانی دەریاکەی بڕیوە، هەردەم بەپێچەوانەی ئاراستەی ئاسایی و دیاریکراوی سەفەرەکانی پێشوویەوە کەوتۆتەڕێ. گەرچی خۆی و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدان لەسەرەتادا خەم دایاندەگرێت، بەڵام پاش دیتنی پانتایی خاک و خۆڵی وشکانییەک کەمێک خەمیان دەڕەوێتەوە.

لێی نزیک دەبنەوەو لەدووری سەد مەترێکەوە قوولاپە ئاسنینەکان فڕێ دەدەنە قووڵایی دەریاکەو لەنگەر دەگرن. چەند بەلەمێک دادەگرن و بەدوای یەکدا خۆیان دەگەیەننە کەناری خۆرئاوای دوورگەکە. هەرپێیان دەگاتە سەر وشکانی، (شەهموز) دوورگەکە ناودەنێت، دوورگەی (سین). ئەوو ئەو چل کەسەی کە لەگەڵیدان، پاش گەڕانێکی زۆر

لەبەشی خۆرئاوای دوورگەکەدا جگە لەدوورگەیەکی وشكو برنگ هیچی دیکە نابیننەوە.

(شەهمون) لەوکاتەدا بەساردو سڕییەکەوە دەڵێت(چ چڵە گیاو ڕووەکێکی دەگمەنو گوڵو گوڵزارێکی عەجایبو چ ئاژەڵو تەیرو توویەك لەگەڵ خۆمان بەرینە لای پاشا. جگە لەوەی ڕێگەی گەڕانەوەش پەی پێ نابەم). یەکێکیان دەم هەڵدێنێتەوەو دەڵێت(بەڵام هێشتاکە بەتەواویی نەگەڕاوین). پاش ئەوەی پێکەوە چوار پێنج سەعاتێك دەگەڕێن، خۆیان لەنزیك ڕۆخی ڕووبارێکدا دەبیننەوە، کەزۆر بەهێمنیو لەسەرەخۆیی شەپۆلەکانی دەچنە پێش.

سێ کەسی ڕەشتاڵەو تێکسمڕاوی لای دەستەڕاستی (شەهمون)، بەپەلە جلەکانیان دادەکەننو دەچنە نێو ئاوی ڕووبارەکە. لەکاتێکدا ڕووی هەموویان گەشاوەتەوەو بزەیان دێت، هەرسێ کەسە ڕەشتاڵەکە لەبەرچاویان ون دەبن. لەوەدایە کەیەك دووانێکی تریشیان بچنە نێو ڕووبارەکە، بەمەبەستی تێگەیشتن لەونبوونی سێ کەسەکەی ترو دۆزینەوەی لاشەکانیان. کە(شەهمون) ڕایاندەگرێت و دەبێژێت(سەرنجی ئەوەتان نەدا، کەهیچ کامێکیان، پێش ئەوەی بخنکێن، نەدەنگیان لێ هاتو نە لەقەفرتێیان کردو نەپەلیشیان بەمەبەستی خۆقوتارکردن هاویشت. لەبەرئەوەی



هەریەکسەر، لەبەرچاوماندا ون بوون، هەروەك ئەوەی شتێك هەڵیلووشیبێتن. شتێکم لەبارەی ڕووبارێکی لەو چەشنەوە لەکتێبێکی بەرگ شیندا خوێندۆتەوە، بەڵام لەئێستدا هیچم لەبیرنەماوە).

بۆ بەیانی بەلەمێك لەگەڵ خۆیان دەهێننو دەیخەنە ڕووبارەکەوە، (شەهمون) بەتاقی تەنیا دەچێتە نێویو بەلەمەکە دەداتە دەم شەپۆلە هێمنو سەربەرەو خوارەکانی ڕووبارەکە، بەڵام سەیر دەکەن بەلەمەکە هەر بۆخۆی بەرەو ڕۆخی ئەودیوی ڕووبارەکە دەکەوێتە جووڵە. چەند سەوڵ لێدەدات بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی بەرەوپێشچوونی بەلەمەکە، بەڵام ناگاتە ئەنجام. پاش ئەوەی بەلەمەکە لەڕۆخی ئەودیوی ڕووبارەکە نزیك دەبێتەوە، دادەبەزێتو بۆماوەی چەند سەعاتێك لەبەشی خۆرهەڵاتی دوورگەکەدا دەگەڕێت. هەرزوو لەوە حاڵی دەبێت کەهەردوو بەشی دوورگەکە، کتومت لەیەکتر دەچن. پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆلای سیو حەوت کەسەکەی ئەودیوی ڕۆخی ڕووبارەکە، ڕوویان تێدەکاتو دەڵێت(با بەڕۆخی ڕووبارەکەدا سەربەرەوژوور بکەوینەڕێ، دەبێت سەرچاوەکەی بدۆزینەوە، ئەگینا هیچ لەلوغزی ڕووبارەکە تێناگەین). پێکەوە هەنگاو دەنێن، ناوبەناو ڕەنگو شێوەو پانی ڕووبارەکەیان،

لەبەرچاو دەگۆڕێت، جگەلەوەی هەندێجار ڕوون دێتە پێش چاویان و هەندێ جاریش لیخن و لێڵ. پاش ماوەیەك لەڕۆیشتن، هەست دەكەن تەنها لەشوێنی خۆیاندا هەنگاو دەنێن و یەك بست چییە، نەچوونەتە پێش. پاشان هەروەك ئەوەی كوێربووبێتن، هەست بەلێڵبوونی بیناییان دەكەن، تێكڕا هەر سی و حەوت كەسەكە، دەست بەهاوارو فوغان دەكەن. (شەهمون) لەوكاتەدا" هیچ ناشڵەژێ و بەدەنگێكی قەوی و هێمن پێیان دەڵێت(بەپەلە بكشێنە دواوە). بەقسەی دەكەن و هێندە نابات، بیناییان ڕوون دەبێتەوەو دەبینن، یەكێكیان ترس و خۆف ناشارێتەوەو دەڵێت(باسبەینێ هەر لەگەڵ شەفەق كەوتن، ئەم دوورگە سەیرو سەمەرەیە جێی بهێڵین، لەشەیتان و جندۆكە بەولاوە، كەسی تری تێدا ناژی).

(شەهمون) پاش ئەوەی یەكەیەكە دەست دەخاتە سەرشانیان، دەڵێت(ئازیزانم، پێویست ناكات بسڵەمێنەوەو بترسن، چونكە ئەو ڕووبارەی كە لەڕۆخەكەیدا ڕاوەستاون، یەكێكە لەڕووبارە پیرۆزەكانی دنیا، لەپشت ئەو شوێنەوە كەتۆزێك لەمەوپێش، بینایی لێڵ و تەڵخ كردن، بێگومان بەهەشتێكی جوان و بێگەرد هەیە، كەناشێت و ناكرێت بەو هەموو گوناهەوە كە لەژیانماندا كردوومانە، گوڵ و گوڵزارو



دارو درەخت و دەوەنە سەرمەدییەكانی نێوی ببینین، دەبێت لەهەردوو بەری ڕووبارەكەداو بەرامبەر بەیەك دوو پەرستگای هاوشێوەو لێكچوو دروست بكەین. پاشان كەسانێكی دەمووچاو نورانی و دەروون پاك لەشوێنێكی تری دنیاوە بهێنینە ئێرەو ئیشوكاری هەردوو پەرستگاكەیان بدەینە دەست. دەبێت سەرجەم دوعاكانمان فێربكەن و ئێمەش پەیتاپەیتا لەدوویان بیڵێینەوە، بەڵكو یەزدان لەگوناهەكانمان ببوورێت و لەناوەوە پاكببینەوە. ئەوە باش بزانن یەزدان بەخۆڕا ئێمەی لەتۆفان و گەرداوی دەریاكە ڕزگار نەكردووە، دەبێت ئەم دوورگەیە ئاوەدان بكەینەوە)).

ئەوەی كە بەلامەوە سەیربوو، لەهیچ كامێك لەكتێبە مێژووییەكاندا باس لەچۆنیەتی ئاوەدانكردنەوەی دوورگەكە نەكرابوو، نەك هەر لەڕووی هاوشێوەیی و لێكچوونی پەرستگاو كۆشك و بیناكانی هەردوو بەشی دوورگەكە، بەڵكو هیچ ئاماژەیەكیش بۆ چەشنی هێنانی بەردو كەرەستە پێویستەكانی بیناسازی نەكرابوو، جگەلەوەی كە هیچ باسێك لەكۆیلەكانی دوورگەكە نەكرابوو، كەبێگومان دەبێت باوانیان لەجێگەو شوێنێكی ترەوە هێنرابێتن.

* * *

# ٢

لەیەکێك لەشەوە گەرمەکانی تەمموزی دوورگەکەدا، وەدووی کەڵەکێوییەکی ڕەشی قەترانی گچکەی سەیرو عەجایب کەوتم، کەبەرەو ڕۆخی ڕووبارەکە ملی دەنا. هەر کەگەیشتە ڕۆخی ڕووبارەکە، ماوەیەکی دوورو درێژ بەدوو دڵییەوە، ڕوانییە شەپۆلە هێمن و لەسەرەخۆکانی ڕووبارەکە. پاشان هێدی هێدی چووە نێو ڕووبارەکەو بەمەبەستی پەڕینەوە بۆ ڕۆخەکەی بەرامبەر، کەوتە مەلە. هێشتاکە دە دوانزە جار پەلەکانی نەبزواندبوو، کەڕووبارەکە لەبەرچاومدا بووە زاری کراوەی دەعبایەکی ترسناك و لەیەك کون فەیەکوندا کەڵەکێوییەکەی هەڵلوشی. پاشان هەروەك ئەوەی کەهیچ نەبووبێت، شەپۆلەکانی لەژێر تریفەی مانگەشەودا، هێمن هێمن کەوتنە جووڵەو ڕەنگ گۆڕین، بەچەشنێك کەنەتدەزانی چ ڕەنگێکە. کەمێك دوور لەڕۆخی ڕووبارەکە هەڵترووشکام و وێنەی ئەو کەڵەکێوییە ڕەشی قەترانییەم هێنایەوە پێش چاوی خۆم، کەیەکەمجارم بوو کەڵەکێوییەکی لەو جۆرە ببینم، تابڵێی گچکەو چاوەکانی بێ گلێنەو قەپۆزی بەهی ئەسپ دەچوو. لاقەکانی هێندە ڕاست و ڕەق بوون کەهەردەتگوت لەتەختە



دروستکراون، قۆچەکانی دەهێندەی خۆی بەرزو درێژبوون. هەر لەخۆمەوە، دەم ڕێژێك جنێوم بۆ ئەو ڕووبارە بێئامانە ڕەوانە کرد، کە لەچاوترووکانێکدا ئەو بوونەوەرە غەریب و سەیرەی لەبەرچاو ونکردم. پاش تاوێك، قۆچی ئەو کەڵەکێوییە هەڵواسراوەی سەر دەرگاکەی ماڵی باپیرم وەبیرهاتەوە، کەباپیرم هەر لەبەچکەییەوە بەخێوی کردبوو. قەد لەبیرم ناچێت، لەئێوارەیەکی بێ خشپەی پاییزدا، کەڵەکێوییەکەی باپیرم هەر لەخۆیەوە بەلاداهات، تا بەیانی باپیرم بەبێدەنگی بەدیارییەوە دانیشت، هەر لەگەڵ گزنگی بەرەبەیاندا قۆچەکانی لەبنڕا دەرهێناو بۆ هەتاهەتایە لەسەرو دەرگای ماڵەکەیانەوە هەڵیواسی.

بەدرێژایی سالآنێك هێندەی هەموو دنیا خۆشیویستبوو، قەفەزێکی زۆر گەورەی تایبەتی لەحەوشەی ماڵەکەیاندا بۆ دروستکردبوو، باشترین جۆری گژوگیای دەدایێ. هێندە هۆگری ببوو لەڕۆژە ساردەکاندا دەیبردە یەکێك لەژوورە چۆڵەکانی پشتەوەی ماڵەکەیان، بەتایبەت سۆپای بۆ هەڵدەکرد. هەر بەحاڵ دەنگی هاتبا، خۆی دەگەیاندە لای و بەدیاریەوە هەڵدەتروشکا. نازانم بۆ پاش هاتنەوە یادی ئەو یادەوەرییانە لەبەرخۆمەوە گوتم(ئەگەر باپیرم لەژیاندا مابایەو زانیبای کە من لەدوورگەیەکدا ژیان دەبەمەسەر، چی دەگووت؟!). دڵنیام لەوەی کەزۆر توورەو زویر دەبوو، چونکە ئەو هەردەم پێی

دەگووتم(ئەگەر ناچاریشت بکەن نەکەی شاری باوو باپیرانی خۆت جێبهێڵیت، تۆ پارچەیەکیت لەداروبەردی ئەم شارە، بەشێکیت لەکۆڵانە تەسکو تروسکو ماڵۆچکە دێرینەکانی. بەشێکیت لەزنجیرە چیاکانی دەوری شارو کانیو سەرچاوەو کارێزەکانی، ئەجدادی تۆ لەگۆڕستانەکانی ئەم شارەدا ڕاکشاون، نەکەی جێیان بهێڵیتو هەڵبێیت). دواجار باپیرم لەیەکێك لەڕۆژە ساردەکانی زستانێکدا گیانی داو مرد، کەپەیتاپەیتا وردە کاغەزی سپی لەئاسمانەوە دادەبارییەخوار. کەگوێم لەهاوارو فوغانی داپیرەم بوو، بەپەلە سەرم هەڵبڕیو ڕوانیمە ئەو ئاسمانەی لەوکاتەدا لەلاپەڕە کاغەزێکی سپی بەرفراوانی زۆر گەورەدەچوو. لەوەتەی گەیشتبوومە ئەم دوورگەیە، چ یادەوەرییەکانی ڕابردوو و چ یادەوەرییەکانی ئەو پێنج ساڵەی نێو دوورگەکەم بەباشی دەهاتەوە یاد. ئەوەی کەبۆی دەگەڕامو بەدوویدا عەوداڵ بووموو لەهیچ شوێنو بەشێکی زەینمدا چنگم نەدەکەوت، ساتەوەختی گەیشتنو هاتنم بوو، جگە لەهۆو هۆکارو چۆنییەتی هاتنە ئێرەم.

بەدرێژایی پێنج ساڵ، بێ پسانەوەو وچان وێڵو عەوداڵی دۆزینەوەی ئەو ئەڵقە ونبووەی ژیانم بووم. چەندان پرسیار هەروەك گەراکانی کوێرە ماسییەك لینجو نەرم بەشوێنێکی



سندووقی سەرمەوە دەلکان، کەهیچ وەڵامێکم بۆ هیچ کامێکیان پێنەبوو.

دوورگەی (سین) هێندە دنیایەکی داخراوو دوورە دەست بوو، کەئیدی لێرەوە مەحاڵ بوو پەیوەندییەك بەدنیای دەرەوە بکەیت. جگە لەیەك کەناڵی تەلەفزیۆن، کە لەدوو بیناوە پەخش دەکراو تایبەت بوو بەبڵاوکردنەوەی وتارەکانی (کڕاڵ)و ئەو بابەتو باسانەی کە بە(کڕاڵ)یاندا هەڵدەدا. هیچ جۆرە ئامێرو کەرەستەیەکی تەکنەلۆژی تێدانەبوو. تەنانەت کاتێك دانەوێڵەو کەرەستەو کەلوپەلی پێویستیان لێ دەبڕا، نامەیان بەکۆتردا دەناردە دوورگەکانی دراوسێ تائەوەی کەدەیانەوێت بۆیان بێت. لەبری ئەو شتانەی کەبۆیان دەهات، مرواریو مەرجانو یاقوتو گەوهەرو بەردی بەنرخی ژێر دەریایان دەدا بەو بازرگانانەی کەشتومەکەکانیان بۆ دەهێنان. بەڵام ئەگەر کەلوپەلو شتومەکی زۆر تایبەتو گرنگیان بۆ هاتبا، کە لەلایەن (کڕاڵ)و کاهینەکانی پەرستگاوە زۆرجار داوا دەکرا، ئەوا پاسەوانو دەستو پێوەندەکانی (کڕاڵ) لەجێی مرواریو مەرجانو یاقووتو گەوهەرو بەردی بەنرخی ژێر دەریا، گوێنییەکی پڕیان لەلمی نزیك کەناری خۆرئاوای دوورگەکەیان دەدانێ. کەپێدەچوو ماددەیەکی زۆر بەنرخو بەهادار بێت.

* * *

تاچاو هەتەری دەکرد، دەریایەکی توورەو شێتگیرم دەکەوتە پێش چاو، کەگەر ویستبای لەماوەیەکی کەمدا، سەرتاپای دوورگەکەی غەوردەکرد. ڕکێکی شاراوەم لەدەنگی هاژەو هاڕەیدا دەبینییەوە. خۆپەسەندییەکی سەیرو شەوق و زەوقێکی بێوێنە لەپێکدادانی شەپۆلەکانیدا دەکەوتە بەرچاو. کەدەمڕوانییە دەریاکە، بریسکەی ئازارێکی نامۆو سەیر لەناخمەوە دەدرەوشایەوە، ئەو دەمانە نەمدەتوانی جڵەوی پەیتاپەیتای هەناسە بڕکێم بگرم، زارەتەرەك دەبووم و ڕەفتارو ڕووخسارم گۆڕانی بەسەردا دەهات.

پاش کەمێك لەنیگاکردنی دەریاکە، سەرم نەوی دەکردو لەفکران ڕادەچووم. منداڵ دەبوومەوەو دەکەوتمە لەپەکوتێ، بەشوێن کێلونی دەرگای ژوورەکەمدا، کە بەڕۆژی ڕووناکیش هەر تاریك و نووتەك بوو. من لەوێدا گوێم لەخشەخشی گەڵای درەختان دەگرت، بیرم لەجوانی شەبەنگ و تیشکی ڕووناکی و ڕەنگی باڵی پەریتانکەکان دەکردەوە. ژوورەکەم دەکەوتە تەنیشت ژوورەکەی باپیرم، کەشمشێرو جلە سەربازییەکانی تێدا دەشاردەوە، پاش ئەوەی حەوت شەوو حەوت ڕۆژ، خۆی و برادەرەکانی وەدووی سوپای تێکشکاوی عوسمانییەکان کەوتبوون و تاپێیانکرابوو گورزی کوشندەو کاریگەریان لێ وەشاندبوون، ژەنەڕاڵێکی ئینگلیز وەك خەڵات و هێمایەك بۆ ئازایەتی و چاونەترسیی باپیرم و برادەرەکانی



شمشێرێك و دەستێ جلی سەربازیی بەهەریەکێکیان بەخشیبوو.

ژەنەڕاڵەکە کەجلە سەربازییەکانی بەباپیرم بەخشیبوو، پێی گوتبوو(بۆ دەبێت لەئێمە زیاتر ڕکت لەعوسمانییەکان بێتەوە؟!). باپیرم لەوەڵامدا گوتبووی(باوکم بۆی گێڕاومەتەوە، کەساڵانێکی زۆر لەمەوپێش دوو ئەفسەری عوسمانی جوانترین کچی شارەکەمیان فڕاندووەو دوای ئەتککردن و بێ بنکردنی، پاش ماوەیەك لەقەراغ شاردا، جەستەی شێواویان فڕێداوە، جگەلەوەی کەدوو ساڵ لەمەوپێشیش ئەسپەکەیان دزیم). ژەنەراڵەکە بەسەر ڕاوەشاندنێکەوە گوتبووی(باشە ئەگەر ئەوەت لێ نەدیبان، هەروەك ئێستا ڕکت لێیان دەبوو). باپیرم بێ سێ و دوو، لەوەڵامدا گوتبووی(باشە تۆ ڕکت لەڕەشەبایەك نابێتەوە، کەدارو درەختی باخچەی ماڵەکەتان تێك بشکێنێت، دارو پەردوو هەڵاشی سەربانەکەتان بەئاسماندا ببات و تاکە چرایەکی بەرهەیوانەکەتان بکوژێنێتەوە؟!).

ژەنەراڵەکە لەسەر ئەو قسەیە سێ مەدالیا لەسەر قەپاغی گیرفانی سەرەوەی مورەخانییەکەی باپیرم دەدا. باپیرم جلکە سەربازییەکانی خۆی زۆر خۆش دەویست، ناو بەناو چنگێ تووتنی بۆنداری بەسەردا دەکرد. بەمنداڵی جارێك لێم پرسی(باوە گەورە بۆ تووتنی بەسەردا دەکەیت؟). گەرچی هیچ وەڵامی نەدامەوە، بەڵام دواتر هەمان پرسیارم لەداپیرەم کردو لەوە حاڵی بووم کەبۆنی تووتنەکە مۆرانەی لێ وەدووردەخات.

لەچەند مانگێکی دیاریکراوی ساڵداو بۆ چەند ڕۆژێك بەتەنێ دەچووە ژوورەکەی خۆی، کەشمشێرو جلەکانی تێدا هەڵدەگرت، پاش ئەوەی دەرگاکەی لەپشتەوە کلۆم دەدا، چەند سەعاتێك لەوێدا دەمایەوە.

زۆر حەزم دەکرد، بزانم چی دەکات‌و بەچییەوە سەرقاڵە، هەرچییەکم کردو کۆشام چەند پرسیارم دەکرد هیچ وەڵامێکم چنگ نەکەوت. تا لەڕۆژێکی هاویندا کاتێك لەسەر سەربانە گڵێنەکەی ماڵی باپیرەمدا کۆلارەم هەڵدەدا داپیرەم لەحەوشەکەوە هاواری لێکردم‌و گوتی(موسا، تەپ‌و هوڕمەکە، باپیرت لەژوورەکەدایە). پاش تاوێك کلاوڕۆژنەی سەر ژوورەکەی باپیرم بیرکەوتەوە. بەخێرایی پەتی کۆلارەکەم هەڵکردەوەو لەنێوەڕاستی سەربانەکەدا جێم هێشت. بەئەسپایی هەروەك ئەوەی پێ بەهێلکەدا بنێم، لەکلاوڕۆژنەکە نزیك بوومەوەو ڕوانیمە خوار. سەرەتا باپیرم لەدەفتەرێکی هەزار لاپەڕەیی قەبارە گەورەدا شتی دەنووسی، کەیەکەمجار بوو ئەو دەفتەرە بەدەستییەوە ببینم، ماوەیەکی دوورو درێژ بەخێرایی‌و بێ دەستهەڵگرتن کۆمەڵێ لاپەڕەی یەك لەدوای یەکی دەفتەرەکەی ڕەش کردەوە. دواتر جلکە سەربازییەکانی لەبەرکردو شمشێرەکەی لەنێو قەدی بەست، گەرچی تا جلکە سەربازییەکانی داکەندو خستییەوە هەمان شوێنی پێشووی، نەمبینی هیچ لەشوێنی خۆی ببزوێت. بەڵام کە شەو داهات‌و خەوتم، لەهەمان کلاوڕۆژنەوە سەیری باپیرم دەکرد، کەوەك شۆڕەسوارێك بەڕاست‌و چەپدا شیری ڕادەوەشاند. پاش



کەمێك دەرگاکەی ترازاندو خۆی گەیاندە کۆڵان‌و سواری ئەسپێکی کەحێل بوو، کەڕووەو پێدەشتێکی کاکی بەکاکی ملی نا، گەرچی لەسەر سەربانەکە ڕاوەستابووم، بەڵام چاویشم لەو شوێنە بوو کەباپیرم بۆی دەچوو. پاش تاوێك نەك هەرچاوم لەو شوێنە بوو کەبۆی دەچوو، بەڵکو بۆ خۆم لەپێش ئەودا لەوێدا بووم‌و لەدامێنی چیایەکی نزیك چۆمەڵانەکەدا هەڵترووشکابووم. قیڕەی بۆق‌و دەنگی زیکزیکەو کۆمەڵێ دەعباو جڕو جانەوەری سەیرم دەهاتە گوێ. جارجارە دەوەن‌و بنچکی دەوروبەری چۆمەکە، جووڵەیان تێدەکەوت‌و پاش تاوێك جووڵەیان لێدەبڕا. کوندەپەپوویەك لەنزیك منەوە، پڕی دایە مشکێك‌و بەبێدەنگی گەڕایەوە بۆ سەر ئەو تاکە پیرەدارەی کەچەند مەترێك لەدوامەوە بوو.

باپیرم گەیشتە نێو چەمەکەو خۆی لەپشت تاتە بەردێکدا حەشاردا. زۆر هەوڵمدا دەنگێك لەئەوکمەوە بێتە دەرو گازی باپیرم بکەم، بەڵام هەر دەتگوت، زارم بەدەرزی‌و دەزروو دادووراوە. لەوساتەوەختەدا، لەبەر خۆمەوە گوتم(بۆ دەبێت باپیرم لەپشت ئەو تاوێرە بەردەدا خۆی مەڵاس دابێت؟). لەوەدابوو کەهەستمە سەرپێ‌و بەرەولای باپیرم بکەومەڕێ، خاکی ژێرپێم، هێندەی بەرزی هەردوو شانم ڕۆچووە خوار.

هەرچیم هەوڵداو کۆشام بێهوودە بوو، چونکە تا دەبزوام بڕێك زیاتر ڕۆدەچوومە خوار، ئیدی وازم لەجووڵە جووڵ هێناو، چاوم بڕییە ئەو تاوێرە بەردەی کەباپیرم خۆی لەپشتییەوە مەڵاس دابوو، بەهیوای ئەوەی باپیرم بۆ تاوێك

هەستێتە سەرپێ‌و چاوێك بەدامێنی چیاکەدا بخشێنێت‌و بمبینێت. لەبەر تیشکی تریفەی مانگەشەودا هەموو شتێك ڕووناك‌و دیار بوو. بەکاوەخۆ، هێندەی ملم بۆ وەردەچەرخا، ئاوڕێکم لەپشتەوەی خۆم دایەوەو جەنگەڵستانێکی چڕوپڕم کەوتەبەرچاو. سەرەتا وامزانی ڕەنگە چاوەکانم خەواڵوو بێت‌و چەند درەختێکی تاکوتەرای قەدپاڵی چیاکەم لێ بووبێتە جەنگڵستان، بەڵام پاش ئەوەی بەدیوەکەی تریشدا ملم وەرچەرخاندو سەیرم کرد، لەبوونی جەنگەڵستانەکە دڵنیابووم. لەنێو جەنگەڵستانەکەوەو کەمێك لەدەستە ڕاستمەوە، دوو زرتە زەلامی کەڵەگەت، کەکلۆجەو پانتۆڵیان لەبەردابوو، بەلامدا تێپەڕبوون‌و خۆیان گەیاندە قەراغ چەمەکە، یەکێکیان هەردوو دەستی بۆ دەمی بردو وەك کووندەپەپوو کەوتە خوێندن. باپیرم لەشوێن خۆی هەستایە سەرپێ‌و بانگی کردن. هەردوو زەلامەکە بەپەلە خۆیان گەیاندە لای باپیرم، کەتارادەیەکی زۆر بەشێوە لەو دەچوون، وەك ئەویش لەپشت تاوێرە بەردەکە خۆیان مەڵاسدا. لەپڕ تەق‌و هوڕی چوار ناڵەی ڕەوە ئەسپێك هاتە گوێم و تا دەهات نزیك دەبوونەوە. کەگەیشتنە ئەو ئاستەی دەکرا، لەوێوە بیانبینم تاپێمکرا تێمڕوانین‌و لێیان وردبوومەوە. بەژمارە هەشت نۆ سەربازی سوارەی تورك بوون، کەتابڵێ دێوە زەلام و تێکسمڕاوو ئێسك تۆکمەو ناوشان پان بوون. ئەسپەکانی ژێریان لەچاو ئەواندا گچکەو بنێس دەهاتنە پێش چاو.



کەمێك ڕاوەستان و پاشان بەرەو ڕێگای نێو دڕووەکانی ئەوبەری چەمەکەدا، کەوتنە تاودانی ئەسپەکانیان. زۆربەیان بەخێرایی‌و یەك لەدوای یەك بەنێو چەمەکەدا پەڕینەوەو خۆیان گەیاندە ڕێگای نێودڕووەکان. لەوەدابوو کەئەو سێ سوارەش چەمەکە ببڕن، ئەسپەکانیان لەئەسپی سەربازەکانی تر ئاغرترو هێواشتر ڕەوتیان دەکرد. کاتێك باپیرم‌و هەردوو هاوڕێکەی لەپشتەوە شاڵاویان بۆ بردن. گەرچی زۆرم مەبەست بوو گەرمەی جەنگەکە ببینم، بەڵام ڕۆچوونی کەمێکی تری عەردی ژێرپێم لەبینینی ڕووداوەکەی ترازاندم‌و سەرقاڵی غایەڵەیەکی دیکەی کردم. بەناچاری تا بەیانی لەنێو چاڵەکەدا مامەوە. بەرەبەیان پیرەپیاوێك کە بەڕێکەوت بەلامدا تێپەڕبوو، لەچاڵەکەی هێنامەدەر. هەر لەخۆمەوە چوومە ئەوبەری چۆمەکەو ڕێك‌و ڕاست بەنێو دڕوەکاندا کەوتمەڕێ، لەوێوە چوومە سەرپێدەشتەکە، کە بەپێچەوانەی شینایی ڕۆخی چەمەکە، چڵەگیایەکی کەسکی تێدانەبوو، لەنێو پووش‌و پەڵاشە زەردبۆوەکانەوە، جارجارە باڵندەیەك فرتەی دەکردو دەفڕی. مارمێلکەکان، لەشوێنێکەوە دەردەپەڕین‌و خۆیان لەچاڵ‌و کونێك دەهاویشت. لەوەدابوو کەبگەمە بەردەرگای ماڵێ، کەداپیرەم بەئاگای هێنامەوەو گوتی(ئەوە چییە، بۆنی خاك‌و خۆڵ‌و ئارەقەی ڕۆژە ڕێیەك ڕۆیشتنت لێدێت؟!). هێندەی لەئێستادا وەبیرم دێتەوە، لەو کاتەدا هیچم نەگوت‌و بۆ تاوێك لەسەر جێگەکەم بەچیچکانەوە دانیشتم.

*   *   *

هەر لەو دەمەوە کەتابووتەکەیان فڕێدایە نێو ڕووبارەکەوە، جارجارە گیزەگیزی چنگیٚ مێشی لاساری بێڕەنگ نێوەخنی سندووقە سەریان دەتەنیم، کەناچاریان دەکردم، مێشکی خۆمم وەك کەلاکێکی گەنیوو بۆگەن بێتە پێش چاو. گەرچی لەڕاستیدا هیچ جۆرە ئاژەڵو پەلەوەرو دەعباو مێروویەکت لەسەرانسەری دوورگەکەدا نەدەبینییەوە، بەڵام ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگ بوو، نەبوونی مێش بوو، چونکە بەدرێژایی ژیانم بەگیزەگیزیان هەراسانو دۆڕدۆنگ بووم، جگە لەوەی کەهەر لەمنداڵییەوەو لەوکاتەوە کەمێشەکان لەجەستەی کوژراوێکی قەراغ شیوەکەی سەرومالی باپیرمەوە وروکابوون، ڕكو کینێکی سەیرم بەرامبەر بەهەموو مێشێك لا پەیدابوو. هەر کاتێك مێشێکم دیتبا، جەستەی ئەو کوژراوەم دەهاتەوە پێش چاوو هەر کاتێکیش کوژراوەکەم وەبیرهاتبایەتەوە، مێشم دەهاتەوە یادو گوێم لەگیزەگیزیان دەبوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەمزانی بۆ ئەو کوژراوەی کەدەستیٚ ڕانكو چۆغەی خاکیی لەبەردابوو، بۆ لەنیوە شەوێکداو بەدوو گوللە لەقەراغ شیوەکەدا ساردیان کردەوە. بێکەسو بێدەرەتان تاجەستەی گەنیوو و ڕیشاڵ بوو، کەس لاقەی نەکرد. پاشان چەند پیاوچاکێکی گەڕەك لەئێوارەیەکی درەنگوەختدا، بەترسو لەرز جەستەکەیان



لەشوێنی خۆیدا داپۆشیو هێندەی گچکە تەپۆڵکەیەك خۆڵیان لەسەر ڕۆکرد. ئیدی لەو دەمەوە بەتەپۆڵکەی کوژراوەکە ناوزەد کرا. پاشان کەسێکی نەناسراو دارئەرخەوانێکی لەنێوەڕاستیدا ڕواند، هێدی هێدی ژنانی گەڕەك، پەڕۆی سەوزیان لەلقو پۆپی دار ئەرخەوانەکە بەستو پاش ماوەیەك هەر لەخۆیەوە بووە جێنزرگەو کوژراوەکەش وەك(شەخسو موشایخ) لەناو خەڵکدا ناسرا. کە لەچوارشەمواندا لەهەموو جێگەو شوێنێکی شارەکەوە کەسانێك دەهاتنە زیارەتی.

ئەو دەمانەی خەمو کەسەر دایاندەگرتم دەرهەق بەئەستەمی دەربازبوونم لەدوورگەکە، هەردەم دەنگێك لەناخمەوەو بەئیقاعێکی خاو، دڵنەوایيو سەبووری دەدامەوەو دەیگوت(تا لێرە بیت، گوێت لەگیزەگیزی مێشەکان نابێت).

پاش بەسەرچوونی ماوەیەك لەمانەوەم لەدوورگەکەداو لەیەکێك لەڕۆژە هەر گەرمەکانی تەممووزدا، کەجگە لەمن، هیچ کەسێکی تر ئارەقەی دەرنەدەدا، هەر لەخۆمەوە وێنەی مێشێکی تا بڵێی گەورەم لەسەر خاكو خۆڵی بەردەم یەکێك لەبیناکانی ڕۆژئاوای دوورگەکەدا بەشیشێکی ژەنگاوی کێشا. جگە لەوەی کەکاهینو پاسەوانەکان بەردەوامو ڕۆژی چەند جارێك بەتەنیشت وێنەکەدا ڕەتدەبونو تێیان دەڕوانی. هەندێك لەکۆیلەکانیش گەرچی واپێنەدەچوو کە بەدرێژایی ژیانیان هیچ شتێك سەرنجی ڕاکیشابێتن، بەڵام چەندیان پێکرابا،

تاساتەوەختی سڕینەوەی تەواوی وێنەکە، لەژێر پێیاندا لەکاتی بارگواستنەوەو هاتوچۆیاندا بەتایبەت ئەو کاتانەی پاسەوانەکان لێیان غافڵ دەبوون، دوورو نزیك لەوێنەکە نزیك دەبوونەوەو بەعاجبایەتیو سڵو سامێکی بێوینەوە تێیان دەڕوانی.

لەیەکێك لەئێوارەکاندا کەدەستنووسێکی نێوکتێبخانەی بەشی خۆرئاوای دوورگەکەم دەخوێندەوە، بوونی گەورە کاهینم لەکتێبخانەکەدا بەهەل زانیو بەمەبەستی هەڵکڕاندنو زانینی شتێك سەبارەت بەنهێنیو پەنهانی ساتەوەختی گەیشتنم بۆ دوورگەکە، لێی نزیکبوومەوەو گوتم(حەزم دەکرد شتێك سەبارەت بەسەرەتای هاتنم بۆ دوورگەکە بزانم، چونکە لەڕاستیدا هیچم دەرهەق بەو ساتەوەختە لەیاد نییە؟!). گەورە کاهین، پاش ئەوەی دەستێکی بۆ سەرە تیلاکەکەی برد، بەکاوەخۆ وەڵامی دامەوەو گوتی(کوڕی خۆم دارۆ..). هەر یەکسەر قسەم پێ بڕیو گوتم(بەڵام من ناوم موسایە!). زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێویو پاشان گوتی(تۆ بهێڵە تێت بگەیەنم، ئەوە ماوەی پێنج ساڵە ئێمە ئاگامان لێتەو دەزانین خۆت لێ بۆتە کەسێکی تر، پێتوایە کە لەشوێنو جێگەیەکی تری ئەم دنیایەدا ژیابیت، حەزدەکەم ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم، تۆ بیستەمین نەوەی (شەهموز)ی موبارەكو زانایت، کە دۆزەرەوەی ئەم دوورگەیەیە، هەربۆیە تەنها تۆ بۆت هەیە جگە



لەهەردوو کۆشکەکەی (کڕاڵ) بچیتە هەموو شوێنێكو چیت پێ خۆش بێت بیخۆیتو چۆنت بوێت ئاوا ڕابوێریت، بێجگە لەتۆو ئێمەو پاسەوانو کەسە نزیکەکانی (کڕاڵ) کێی تر لەنێرینەکان بۆی هەیە بچێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەو دوورو نزیك لەهەموو مێینە کۆیلەکانو کچە سەماکەرو کەنیزەكو گۆرانیبێژەکانی(کڕاڵ) بڕوانێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە کەنیزەکانی (کڕاڵ) بەڕووتو و قوتی لەدەریاکەدا مەلە دەکەن؟ تا ئێستا کێ بۆی هەبووە جگە لەکاهینو پاسەوانە تایبەتییەکانی بینای حەوت، ناوەوەی ئەو بینایە ببینێتو بەچاوی خۆی لەجەستەی کۆیلە سووتاوەکان بڕوانێت، بەتایبەت ئەو دەمەی کە لەنێو فڕنە گەورەکەدا قرچە قرچیان دێتو بۆنی گۆشتی سووتاوو بۆن کڕوز بەدووکەڵکێشەکەدا بەرەو سەر هەڵدەکشێت؟ بەڵام تۆ هەموو ئەمانەت بینیوەو هەموو کاتێکیش بۆت هەیە بیبینیت، باشە هیچ کاتێك ئەوە سەرنجی ڕانەکێشاویتو نەبۆتە مایەی پرسیار؟! ئەگەر تۆ کەسێکی تر بایتو وەك خۆت دەڵێیت لەشوێنێکی تری دنیاوە هاتبایت، ئەوە دەمێك بوو کرابوویتە کۆیلە، ئەگەر پێشت نەکرابا ئەوە زۆر لەمێژبوو سووتێنرابوویت. بێجگە لەتۆ کێی تر بۆی هەیە هەرکاتێك ئارەزووی کرد بێتە ناو پەرستگاو لەئیشوکارمان ئاگادار بێت، چی مەبەست بێت لەسەرچاوەو کتێب بخرێتە بەردەستیو بیخوێنێتەوە. تۆ ئەگەر ئەو حاڵە

دەروونییەت نەبایە ئەوە دەمێك بوو لەجێی(كڕاڵ) حوكمی دوورگەكەت بەدەستەوە دەگرت. گەرچی (كڕاڵ)یش خوا بیپارێزێت بەبنەچە بیستەمین نەوەی خزمێكی (شەهموز)ە. پێدەچێت باوكی وەیاد نەیەتەوە، كە(كڕاڵ)ی دوورگەكەمان بوو پێش پێنج ساڵ لەمەوبەر، لەشەوێكی ئەنگوستە چاودا هەواڵی مەرگی لەناكاوی باوكتمان لە(كڕاڵ)ی ئێستاوە پێگەیشت، كە لەو دەمەدا بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەكانی كۆشكی خۆرهەڵات بوو.

لەكاتێكدا كەدەبوو تۆ لەجێی باوكت بچیتە سەر تەخت، تووشی ئەم حاڵە بوویتو دەستت كرد بەگێڕانەوەی حەكایەتی سەیرو سەمەرە. زۆرمان هەوڵدا كەچی هەر نەهاتیتەوە سەر خۆت! باسو خواسی ئەو گیانەوەرو پەلەوەرو خشۆك و مێروو و دەعبایانەی كەبۆت باس دەكردین هێندە سەیر بوون نەدەكرا پێنەكەنین، هەروەك ئەوەی بەدرێژایی ژیانت لەم دوورگەیەدا نەژیابیت، كەسانێكی ترت بەكەسوكاری خۆت دەزانی و ناوت دەهێنان. باسی جلوبەرگی سەیری خەڵكانی شارێكی ترت بۆ دەكردین، كوچەو كۆڵانو شەقامەكانی ئەو شارەت بۆ وەسف دەكردین، ئێمە دەمانگوت تۆ (دارۆ)یتو تۆش هاوارت دەكردو دەتگوت من موسام.

(دارۆ) ئەبێت هەرگیز ئەوەت لەبیرنەچێت كەتۆ پشتاوپشت دەچیتەوە سەر ئەو پیاوە مەزنەی كەموقەدەسترین ڕووباری



دنیایەكی ونبووی دۆزییەوە، گەرچی شەپۆلەكانی سەربەرەوخوار تەوژم دەدەن، بەڵام تەنها ڕێگەی ئەوەت دەدا كە لەمبەریەوە بەدیوی پانیدا بپەڕێیتەوە بۆ ئەوبەری).

دوای ئەوەی گەورە كاهین قسەكانی تەواوكرد، دەستێكی بۆ ڕدێنە سپییەكەی بردو بۆ تاوێك لەعەردەكەی ڕوانی، پاشان هێور هێور كتێبخانەكەی جێهێشت. گەرچی وەك خۆم بەتەواویی لەوە دڵنیابووم كەكێمو لەكوێوە هاتووم، بەڵام قسەكانی گەورە كاهینیش بێكاریگەریی نەبوونو هەر هیچ نەبێت لەو ساتەوەختەدا تووشی گومانێكی ناوەكییان كردم، بەتایبەت لەو ڕووەوە كە بۆ دەبوو من نەكرابێتمە كۆیلە!؟ ڕۆژانە دەمڕاونییە ئەو كۆیلانەی كەدەموچاویان بەپارچە ئاسنێكی ژەنگگرتوو دەچوو، پشتیان چەماوەو باڵایان نەوی. رۆژانە دەیان شەقو شولاقیان لەخۆڕا دەخواردو تفی خەستی پاسەوانەكان بەنێوچەوانیانەوە دەلكا. لەهەموو ژیانیاندا ساڵی یەك جار جووت دەبوون، ئەویش لەهەرەتی گەنجێتییاندا. كۆیلەكان، هێندەی من دەمبینینو لێیان ورد دەبوومەوە تاكە وشەیەكیان لەدەم نەدەهاتەدەر. هەریەكەیان بەژمارەیەكی تایبەت دەناسرانەوە، كەگاز دەكران تەنها سەریان دەلەقاند، لەیەكتر دەچوون. گنجو لۆچو هێڵەكان تەمەنت لەدەموچاوە ژەنگاوییەكانیاندا نەدەبینییەوە. هەموو ڕۆژێك لەشەبەقی

بەرەبەیانەوە تا ئێوارێ کاریان دەکرد. شەوانە دەگەڕانەوە نێو ئەو بینا تایبەتییانەی کەتێیدا دەحەوانەوە، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار شەوانە بانگ دەکران و باری پاپۆڕەکانی نزیک کەناریان پێ دادەگرتن و دواتریش لەجێی ئەوە شتومەکیان پێ بار دەکردن.

تەنها دەنگێك کەپێدەچوو، تروسکەی بزەیەك بهاوێتە سەر لێویان دەنگی (کڕاڵ) بوو، بەتایبەت لەو کاتانەی کە لەبۆنەو مەراسیمەکاندا وتاری بۆ دەخوێندنەوە. هەرچەندە هەموو وتارەکانی (کڕاڵ) لەیەکتر دەچوون، بەڵام پاش هەموو وتارێکی نوێی (کڕاڵ) بڕیارێکی تازە دەردەچوو، کەهەریەکەیان لەوەی پێشتری سەیرتر بوو. بەلای منەو سەیرترین بڕیارێکی (کڕاڵ) خەتەنەکردنی هەموو کۆیلە نێرو مێیەکانی دوورگەکە بوو. سەرەتا (خەتەنەکردن) لەبەشی خۆرئاوای دورگەکەوە دەستی پێکرد، یەکەیەکەی نێرینە کۆیلەکان و یەك لەدوای یەك هەر چوار پەلیان بەچوار مێخی ئاسنی لەعەرد داکوتراودا شەتەك درا، کاهینەکانیش کەوتنە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی (کڕاڵ). پێم سەیربوو، هیچ یەکێك لەکۆیلەکان لەکاتی خەتەنەکردنیدا نرکەی لێوە نەهات و چرپەی نەکرد. پاش ئەوان دەستکرا بەخەتەنەکردنی مێینەکان، گەرچی ئەوانیش دەنگیان لێوە نەهات، بەڵام لەرزێکم لەدەمارە گرژەکانی نێوگەڵیاندا



دەبینییەوە، بەتایبەت لەو کاتەدا کەیەکێك لەکاهینەکان گوێزانێکی لەپارچە گۆشتێکی گچکەی دیاریکراو دەدا. خۆراکی هەمیشەیی کۆیلەکان شۆربای کوێرە ماسییەکی گۆشت تاڵی نێو دەریا بوو، تەنها لەبۆنەو مەراسیمەکاندا بێجگە لەشۆرباکە، چڵێ سەوزەو کەرتە سێوێك و پارچە پەنیرێك و لەتە سەمونێکی جۆیان پێ دەدرا، کەهەر هەموو ئەو جۆرە خۆراکانە لەجێگەو شوێنێکی ترەوە دەگەیشتنە دوورگەکە. ساڵانەو بەپێی گۆڕانی وەرزەکان، کەبەحاڵ بۆت جیادەکرانەوە، چوار رۆژی تایبەت هەبوو بەسزادانی گشت کۆیلەکانی دوورگەکە، کە لەدەستپێکی ئەو رۆژە تایبەتەدا سەرەتا کاهینەکان لەپەیکەری پیاوە پۆشتەکەی سەر ئەسپە بێ سەرەکەیان دەڕوانی و دوعایان دەکرد، پاشان پاسەوانەکان بەشوڵێکی تایبەت کەزوو زوو تەڕ دەکرا، دەکەوتنە وێزەی کۆیلەکان. سەرەتا کۆیلە نێرینەکانیان سزا دەداو دواتریش کۆیلە مێینەکان. بەوپێیەی کاهینەکان باسیان دەکرد، رۆژی سزادانی کۆیلەکان، رۆژێکی پیرۆزە، چونکە رۆحی نەگریس و دزێوی کۆیلەکانی تێدا پاك دەبێتەوە. بێجگە لەوەی کەسزادانیان لەم دنیادا سزادانی ئەو دنیایان لەسەر کەم دەکاتەوە.

*       *    *

# ٣

گەرچی بەحاڵ وەرزەکانی ساڵی دوورگەکەم بۆ جیادەکرانەوە، بەڵام بەو پێیەی لەدەفتەرێکی تایبەتدا ڕۆژە بەسەرچووەکانم تۆمار دەکرد، دەمزانی لەچ وەرزو مانگێکی ساڵدام. پاییز ناخۆشترین وەرزێکی دوورگەکە بوو، کەهیچ سیماو خەسڵەتێکی پاییزت تێدا نەدەبینییەوە گەرچی هیچی واشی لەگەڵ وەرزەکانی دیکەی ساڵدا فەرق نەبوو، کەهەر هەموویان لەمەداری گەرمای هاوینێکی هەڵپروکێنەردا هەڵدەسووڕان. هەر هێندە هەبوو لەهاویندا پلەی گەرما چەند پلەیەك زیاتر بەرەو سەر هەڵدەکشا. بەدرێژایی پێنج ساڵو هەموو پاییزانێك هەمان چەشنە یادەوەریی ڕۆژگارێکی منداڵیم وەبیردەهاتەوە، بەتایبەت لەو ڕۆژەی کەباپیرم لەگەڵ خۆیدا منی بردە ژێر تاکە پردێکی ئەو شارەی ساڵانێکی ژیانم تێدا بردبووەسەر. لەژێر پردەکەدا کەوو کۆترو پەلەوەر دەفرۆشرا، جگە لەوەی کە بەپێی گۆڕانی وەرزەکان، باڵندەو ئاژەڵو دەعباو دەعەجانی کێویشت دەکەوتە پێش چاو. لەو ڕۆژەدا، بەقادرمەکاندا چووینە خواریو سەربەرەو ژوور خۆمان کرد



بەژێر پردەکەدا، کەجگە لەکۆمەڵێ کۆتری حاقوی دەندووك درێژی ڕەنگ خۆڵەمێشی، هیچی تر لەتاکە قەفەزێکی بەردەم پیاوە ریش سپییەکەدا نەبوو، جگە لەویش کەسی دیکە لەو دەورو بەرەدا نەبوو. دزێوی ڕەنگو بچمی حاقوەکان زۆریان بێزارو ناڕەحەت کردم، باپیرم بەڵێنی پێدابووم، کەباڵندەی ڕەنگاوڕەنگو ژیشکی سپیو سمۆرەی ڕەشم پیشان بدات.

باپیرم هەریەکسەر هەستی بەو حاڵەتە دەروونییەم کرد، ئەوەبوو دەستەسڕەکەی لەگیرفانی شەڕواڵەکەی دەرهێناو چەند جارێکی بەپێش چاومدا هێنایو بردی، پاشان گوتی(دە ئێستا سەیر بکە).

کەڕوانیمە پێش خۆمو ئەملاو ئەولاو چواردەوری خۆم، پەشۆکام، خۆم لەنێو دارستانێکی چڕوپڕدا بینییەوە، کەدەیان باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر لقو پۆپی درەختەکانەوە تێیان دەڕوانیم، بەچەشنێك دەیانجریواند کەپێشتر هیچ نەغمەو ئاوازێکی وام نەبیستبوو. لەنێو چڕە دەوەنێکی پشت ڕیزە درەختێکی دەستەچەپەوە، یەك دوو کارمامز سەرەتاتکێیان بوو. ژیشکە سپییەکان لەبەرپێمدا گرمۆڵە ببوون، سمۆرە ڕەشەکان بێ سڵەمینەوە کەمێك لەپێشمەوە گوێزیان دەشاردەوە. باپیرم دەستی گرتمو بەنێو دارستانەکەدا گوزەرمان کرد، تاگەیشتینە بەردەمی دەرگای ماڵی باپیرم،

لەباڵندەو پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ بەولاوە، هیچی دیکەم نەبینی. کەچووینە ژووریٚ، هەریەکسەر چوومە لای داپیرەم‌و لەنووکەوە ئەوەی کەڕووی دابوو، بۆم گێڕایەوە.

داپیرەم بەپێکەنینەوە گوتی(تازە دەزانیت کەباپیرت دەتوانێت، هەمووشتێك لەبەرچاوی بنیادەمان بگۆڕێت‌و لێیان بکاتە شتێکی تر؟! من بەچاوی خۆم بیندوومە، کەباپیرت بەدوعاکردن گەنم‌و جۆی لەسەر دیوارێکی رەق‌و تەق رووان‌دووە، رۆحی مردوانی بانگ کردووەو قسەی لەگەڵ کردوون، نەخۆشی بەیەك فوو پێداکردن چاك کردۆتەوە، جگە لەوەی کە بەهیچ فیشەك‌و سەرەنێزو ڕمێك نەك هەر نامرێت، بەڵکو زامداریش نابێت. لەماوەی دەساڵی هەڕەتی گەنجێتیدا، سەدجار بەشداریی هێرشکردنە سەر دوژمنی ئەو دەمەی کردو لەهیچ کامێکیشیاندا هیچی لیٚ نەهات. گەرچی زۆربەی برادەرەکانی لەو شەڕانەدا کوژراون. کوڕی خۆم باپیرت جندۆکەی هەیەو ئەوان ناهێڵن کەس لاقەی بکات). ئیدی پاش ئەوجارە بەردەوام موعجیزەکانی باپیرم دەبینی کە چیدی لێی نەدەشاردمەوە، قوڕو لیتەو چڵپاوی چاڵە جۆراو جۆرەکانی شاری لێدەکردمە گۆم‌و سەرچاوەی ئاو. دەرۆزەکەرەکانی بەردەمی گەورەترین مزگەوتی شاری لێدەکردمە کۆمەڵیٚ پشیلەی بۆر، کەبۆ تیکە نانێك دەیانمیاواند.



جارێکیان شاری لێکردمە پانتاییەکی بیٚ کۆتا، کەهیچ زنجیرە چیاو بەرزی‌و نزمی‌و بەربەرستێك لەبەردەمیدا نەبوو، سەرجەم خانوو و باڵەخانەو ساختمانەکانی لەشووشە دروست کرابوون کەزۆر بەئاسانی کەسەکانی نێویت دەبینی. کۆترە شینکەکانی سەر قووبەو منارەکانی گەورەترین مزگەوتێکی شاری لێدەکردمە کۆمەڵیٚ بولبوولی هەمەجۆرەی ڕەنگاوڕەنگ، کە بەدەیان ئاواز دەیانخوێندو چریکەیان دەهات. بەردەرکی سەراو دەوروبەرەکەی لێدەکردمە دەربەندە ئاوێك کەدەیان قاژوو و قورینگ‌و قازو مراوی مەلەیان تێدا دەکرد. مرۆڤەکانی ئەو شارەی کەباپیرم لەخەیاڵمدا بنیاتی دەنا، بەچرپە قسەیان دەکردو زۆر بەهێمنی هەنگاویان دەنا. دواشتێکی سەیر کە لەباپیرەم بینی، پێش ئەوەی کەبمرێت لەو رۆژەدا روویدا کەپێکەوە بەلای یەکێك لەفولکەکانی شاردا تێپەڕبووین‌و خۆمان لەبەردەم پەیکەری پیاوێکی تێکسمڕاودا بینییەوە، کەکەللەسەری سەربڕاوی کەسێکی تری بەدەستەوە بوو. لەوکاتەدا کۆمەڵێك کچ‌و کوڕی گەنج، پەیتا پەیتا دێڕێکیان دووبارە دەکردەوە. لەو دەمەدا کەمن‌و باپیرم لەپشت حەشاماتەکەوە لەپەیکەرەکەمان دەڕوانی، کۆمەڵیٚ دێوەزەلامی ڕەنگ‌و بۆ خۆڵاویی نێو پیکابێکی سەربەرەڵا حەشاماتەکەیان

دایە بەر ڕێژنەی گوللە، حەیتەکانی دەوروبەریش کەوتنە وێزەی ئەو خەڵکەی کەهەریەکەی بەلایەکدا هەڵدەهات.

لەو ساتەوەختەدا باپیرم هیچ لەجێی خۆی نەجووڵاو هێندەی بەمن گوت(دەبوو ئێستا لای گۆڕی بابت باینایەو فاتیحەمان بۆ دابایە). پاش ئەو دێڕە ئاساییەی کە لەزاری هاتەدەرێ، خۆمو باپیرم لەپاڵ گۆڕەکەی بابمدا راوەستابووین. من دەستم بەکێلی بەرەو قیبلەی گۆڕەکەیەوە گرتبوو، باپیریشم لەبەردەم کێلەکەدا لەبەرخۆیەوە چەند دێڕە وشەیەکی دەگوتەوە. تەنانەت دواتر چووینە سەر کارێزەکەی نزیک گۆڕستانەکەو تاوێك دانیشتین، پاشان بۆماوەی نیو سەعاتێك لەدارکاژەکانی چوار دەوری کاریزەکەمان ڕوانی. دوای ساڵانێك کە بەڕێکەوت بەلای هەمان فولکەدا تێپەڕبووم لەناخەوە داچڵەکامو تابڵێی پێم سەیر بوو، پەیکەرێکی هاوشێوەی ئەو پەیکەرەی کە لەو ڕۆژەدا منو باپیرم بینیبوومانو دواتر رووخێنرا، بەچەشنو شێوەیەکی دیکە دروست کرابۆوە، کە بەتەواویی لەپەیکەرەکەی پێشوو نەدەچوو. بەڵام لەهەمووی عەجاییتر پەیکەرەکە لەجێی سەری بڕاوی کابراکەی پێشوو چەپکێ گوڵی سەرقرتاوی بەدەستەوە بوو.

* * *



پێنج جار لەپەیکەری پیاوە پۆشتەکەی سەر ئەسپە بێ سەرەکە نزیك ببوومەوەو بەکاوەخۆ تێم ڕوانیبوو، لەجاری پێنجەمدا ئەو دەمەی بەرامبەری ڕاوەستابووم، هەستم بەلەرزینی خاکی ژێر پێمکرد.

چاوێکم بەچوار دەوری خۆمدا گێڕا، زۆر بەئاسانی کۆیلەکان کاری ڕۆژانەی خۆیانیان جێبەجێ دەکرد. لەوەدابوو بۆ جارێکی دیکە بڕوانمە پەیکەرەکە، گوێم لەزریکەی مێینەیەك بوو. روانیمە ئەو لایەی کەدەنگەکەی لێوەهات، کچۆڵەیەکی رەشپێستی باڵابەرزی قژ لوولم کەوتە بەرچاو، کە تاهێزی تێدابوو بەرەو ڕووی دەریاکە ڕایدەکرد. لەبەرخۆمەوە گوتم(هەر دەبێت لەکۆشکەکەی بەشی خۆرئاوای دوورگەکە هەڵهاتبێت). بەجلوبەرگیدا لەیەکێك لەکیژە سەماکەرەکانی کۆشکی (کڕاڵ) دەچوو. گەرچی کیژەکە زۆر بەپەلە ڕایدەکرد، بەڵام هێندەی نەبرد، دوو پاسەوان پێی گەیشتنەوەو دەستگیریان کرد، لەسەرەخۆ بردیانەوە بۆ نێو کۆشکەکەی (کڕاڵ). کچە کراسێکی شیفۆنی مەیلەو سەوزی زۆر تەنکی لەبەردابوو، کە بەتەواویی ژێرەوەیت دەبینی. لەوکاتەدا هەر لەخۆمەوە وام هەستکرد کەڕەنگە پێشتر رووداوێکی لەو چەشنەم بەخەون بینیبێت، هەربۆیە گێژو سەرسام خۆم دایە بەرهێنانە پێش چاوی زریزە شەپۆلی ئەو خەونانەی کە تا ئەو دەمە، لەدوورگەکەدا

بیندبووم. پاش تاوێك تێفكرین، گەیشتمە ئەو ڕاستییەی كەزیاد لەخەونێكی لەو چەشنەم بیندووە، كەتەنها لەیەكێكیاندا بەرامبەر بەپەیكەری پیاوە پۆشتەكە ڕاوەستابووم. لەخەونەكانی دیكەدا، نەك هەر بەرامبەر پەیكەرەكە ڕانەوەستابووم، بەڵكو تەنانەت لەدوورگەكەشدا نەبووم. لەهەمووشیان سەیرتر ئەو خەونە بوو، كەتێیدا بەترس و سڵێكی زۆرەوە لەكونی كێلونی دەرگایەكەوە دەمڕوانییە پانتایی پێدەشتێك كەپۆلە قەتێكان هەڵفڕو دافڕیان بەسەردا دەكرد، دواتر پێدەشتەكە لەبەرچاومدا بووە شارێكی بچكۆلەكراو كە لەكون فەیەكونێكدا لەلایەن كۆمەڵێ بنیادەمەوە دروستكرا، كەهەریەكەیان هێندەی مێروولەیەك دەبوون و بەردەوام و بێ پسانەوە، غەڵبە غەڵبێكیان لێ بەرز دەبۆوە.

بەڕووت و قووتی دەگەڕان و جگە لەپەڵەمویەكی چڕو درێژی نێوگەڵیان، تاكە موویەك چییە بەئازای گیانیانەوە نەبوو. نێرینەكانی ئەو شارە بچكۆلە كراوەی كەدەمبینی هەر كاتێك حەزیان كردبا، پەلی یەكێك لەمێینەكانیان دەگرت و لەكوێ ئارەزوویان كردبا لەگەڵیان جووت دەبوون. ماوەیەكی دووردرێژ بەچەشنی گەماڵ و دێڵە سەگ پێكەوە دەلكان. هێشتاكە تێر لەشارە بچكۆلە كراوەكەم نەڕوانیبوو، گوێم لەزریكەی مێینەیەك بوو. پاش تاوێك كیژێكی ڕەشپێستی بەژن و بالا بەرزم هاتە پێش چاو، كە لەچاو مێروولە بنیادەمەكانی شارە بچكۆلە كراوەكەدا دێوێكی گەورەو گران



بوو، هێندەی نەبرد، مێروولە بنیادەمەكان چوار دەوریان تەنی و لەهەموو لایەكەوە پێیدا هەڵگەڕان. ئەویش تا پێی دەكرا دەیزریكاندو پەیتا پەیتا پێی بەوانەدا دەنا كەدەیانویست وەك ئەوانی تر پێیدا هەڵگەڕێن. گەرچی كچە زۆری كردو كۆشا، بەڵام مێرولە بنیادەمەكان خۆیان گەیاندە نێوگەڵی و لەكونێكەوە یەك لەدوای یەك چوونە ژوور. سكیان بەشێوەیەك هەڵئاوساند كەپێدەچوو سەدان هەزار مێروولە بنیادەمی تێدابێت، پاشان هێندەی دیكەی بەسەردا هەڵگەڕاو لەناكاو مێروولە بنیادەمەكان كچەیان لەخرتۆڵێ وەردا. كورتە ساتێك عەردەكەی ژێر پێم بۆ جارێكی تر لەجێی خۆی لەرزی. كەسەرم هەڵبڕی، هیشتاكە لەبەردەم پیاوە پۆشتەكەی سەر ئەسپە بێ سەرەكەدا ڕاوەستابووم. ئەوێم بەجێ هێشت و لەوەدابوو كەبەرەولای پەرستگاكە هەنگاوبنێم، بۆ جارێكی تر گوێم لەزریكەی ئەو كچە ڕەشپێستە بوو كەكەمێك لەمەوپێش پاسەوانەكان بردبوویانە نێو كۆشكەكەی (كڕاڵ).

كەمێك چاوم گێڕاو سەیرم كرد چەند پاسەوانێك كچەكە بەرەو بینای ژمارە حەوت دەبەن، كەتایبەت بوو بەسووتاندنی كۆیلە مردووەكانی بەشی خۆرئاوای دوورگەكە. ئاوڕم لەیەكێك لەكاهینەكان دایەوە، كە لەو ساتەدا لەپشتمەوە ڕاوەستابوو سەبارەت بەوەی كەدەمبینی پرسیارم لێكرد. لەوەڵامدا پێی گوتم(گەرچی جگە لەكۆیلە مردووەكان، كەسی تر لەم دوورگەیەدا ناسووتێنرێت، بەڵام بەپێی بڕیارێكی (كڕاڵ)

هەرکەسێك سەرپێچی ویستێکی (کڕاڵ) بکات بەزیندوویێتی دەسووتێنرێت). پێم گوت(باشە دەبێت (کڕاڵ) چی لەکچە ویستبێت و ئەویش سەرپێچی لێکردبێت).

کاهینەکە بەدوو دڵی و ترسێکەوە گوتی(ئەوە پەیوەندیی بەئێمەوە نییە! جگە لەوەی لەهەموو کتێبە پیرۆزەکاندا ئاماژە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی سەرگەورەی دەوڵەت کراوەو ئەوە ئەرکی سەرشانی هەر مێینەیەکە کەسەرگەورەی دەوڵەت دەستنیشانی کردبێت و ئەو ئەرکە پیرۆزەی پێ بەخشیبێت).

پاش ئەوەی کاهینەکە قسەکانی تەواوکرد، دووکەڵکێشێکی لوولەیی سەر ژوورێکی بەشی پشتەوەی بینای ژمارە حەوت، چڕە دووکەڵێکی خۆڵەمێشیی لێ بەرزبۆوە. بەمەبەستی نەبینینی دووکەڵەکە، تەماشای دەریاکەم کرد، کە لەوکاتە سپی دەچۆوە.

بەدرێژایی ژیانم لەبینین و سەیرکردنی ڕەنگی سپی هەڵدەهاتم، چونکە هەردەم تەرمی کفن کراوی باوکمی دەهێنامەوە یاد. گەرچی پێشتریش، زۆرجار لەدەریاکەم ڕوانیبوو، بەڵام یەکەمجار بوو بەو شێوەیە بیبینم. کەفچڕینی شەپۆلەکانی رکێکی شاراوەی دەرحەق بەدوورگەکە تێدا دەبینرایەوە، هەردەتگوت دوورگەکە بەمشەخۆرێکی نەیار دەزانێت، کەشوێنێکی جەستەی زامدار کردووەو لەوێوە خوێنی دەمژێت.

* * *



پاش چەند ڕۆژێك لەسووتاندنی کچە ڕەشپێستەکە، ڕوومکردە کتێبخانەی بەشی خۆرئاوا. مەبەستم نەبوو جارێکی دی کتێبە مێژووییەکان بخوێنمەوە، دەمویست سەرە هەواڵێکی دنیا تایبەتییەکەی (کڕاڵ) بدۆزمەوەو کەمێك لەحاڵەتە دەروونی و سێکسییەکانی تێبگەم. پێشتریش ئەو بەشەی کتێبخانەکەم بیندبوو، کە لەسەری نووسرابوو(ماجەرای عیشق و حەزو ئارەزووەکانی کڕاڵ). بەڵام یەکەمجار بوو بەمەبەستی خوێندنەوەی کتێبی نێو ڕەفەکانی، لێی نزیك ببمەوە، نەشمدەزانی بۆ پێشتر نەمویستبوو بیخوێنمەوە؟! بەبێ سەیرکردنی ناونیشانی کتێبەکان، هەر لەخۆمەوە یەکێك لەکتێبەکانم دەرهێنا، کە لەسەری نووسرابوو(گەشتی کڕاڵ بەنێو دوورگەی مەمکدا).

کتێبەکەم کردەوەو سەرەتا کەوتمە تێڕوانینی وێنەکانی، پاش ئەوەی بەخێرایی سەیرێکی هەموو وێنەکانم کرد. لەسەرەتاوە دەستم پێکردەوە، وێنەیەکی فۆتۆگرافی گەورەی ڕەش و سپی (کڕاڵ)ی پێوەبوو، کەوەك هەمیشە ماسکێکی سپی لەدەموچاودا بوو، پاشان

بەشێنەیی کەوتمە هەڵدانەوەی یەکەیەکەی لاپەڕەکانی کتێبەکەو بەوردی کەوتمە سەرنجدانی وێنەکانی دیکە، دە وێنەیان تایبەت بوو بە(کڕاڵ)و ئەو کیژۆڵە رووتو قووتانەی کەچواردەوریان دابوو، تەنها شتێك کەتێیاندا دەگۆڕا وەزعی دانیشتنو هەڵسانو راکشانو نووشتانەوەو بەچیچکانەوە دانیشتنی (کڕاڵ) بوو.

ئەو پێنج وێنەیەی کەدەشمانەوە، هەر هەموویان وێنەی یەك ساتەوەختی بێگۆڕانی کیژۆڵەیەکی رەشپێستی، قژبژی، لووت پانی مەمك زل بوو، کە مەمکەکانی تاخوار ناوکی هاتبوونو گۆیەکانی بەچەشنی گوانی دێڵەسەگێك شۆڕبووبوونەوە. سەیر لەوەشدابوو، کەسەرجەم کیژۆڵەکانی نێو وێنەکانی پێشووش بەشکڵ و شێوە هیچی وایان لەگەڵ پێنج وێنە بەتەنیا گیراوەکەی یەك ساتەوەختی بێگۆڕانی کیژۆڵەکەدا فەرق نەبوو، تەنها جیاوازییەك کەپاش لێوردبوونەوەیەکی زۆر هەستم پێکرد، ئەوەبوو کەمەمکی کیژۆڵە تەنیاکە کەمێك لەمەمکی ئەوانەی تر گەورەتر بوو.

دوای سەیرکردنی یەك بەیەکی وێنەکان، کەوتمە خوێندنەوەی ماجەرای گەشتەکەی (کڕاڵ)، بەوپێیەی کەنووسەری کتێبەکە باسی لێوەدەکرد. گوایە (کڕاڵ)



لەگەشتێکی سەدوپەنجا رۆژیدا بۆ یەکێك لەدوورگەکان بەمەبەستی تەپکەنانەوە بۆ تاکە پەپووسلێمانکەیەکی ئەو شوێنە کەپێشتر زۆر حەکایەتو سەرگوزشتەی لەبارەیەوە خوێندۆتەوەو خۆبەخۆ بڕیاری داوە هەردەبێت بەزیندوویێتی دەستگیری بکاتو بیهێنێتەوە بۆ نێو یەکێك لەباخچە داخراوەکانی نێو کۆشکەکەی کەپڕبووە لەهەموو جۆرە باڵندەو تەیرو توویەکی عەجایب. ئیدی لەکاتێکدا عەودالی دیتنی پەپووسلێمانکەکەیە، لەپشت کۆمەڵێك دەوەنەوەو نزیك جۆگەلە ئاوێك، گوێی لەدەنگی گۆرانی گوتنی کیژۆڵەیەکی دوورگەکە دەبێت، بەکاوەخۆ لێی نزیك دەبێتەوەو بۆ تاوێك بەئەسپایی تێی دەڕوانێت.

رووتو قووتی کیژۆڵەو چەشنو شێوەی مەمکە زلەکانی، قەدەرێك سەرسامی دەکات. پاشان خۆی لەکیژۆڵەکە ئاشکرا دەکات، گەرچی پێی وایە کەڕەنگە لەدەستی هەڵبێتو بزریکێنێت؟! بەڵام بەپێچەوانەوە دەبینێت کیژۆڵەکە هیچ ناسڵەمێتەوەو زۆر بێشەرمانە لەماسکەکەی دەموچاوی ورد دەبێتەوە، پاشان چاو دەبڕێتەوە بستێ خوارتری پشتێنە چەرمینەکەی نێوقەدیو دەست دەکات بەتریقانەوەیەکی جادووگەرانە کەبەتەواوی (کڕاڵ) لەشوێن خۆیدا سڕو سەرسام

دەکات و هەستی مەستی و سەرخۆش بوونی تێدا دەبزووێنێت. بەئەستەم خۆی پێ رادەگیرێت و زاری دەبێتە تەڵەی تەقیوو. کچەکە، کەهەست دەکات عیشوەو نازی تەواو کاری خۆی کردۆتە سەر (کڕاڵ)، بەنەرمی و هێواشی دەستی دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەیباتە نێو دارستانێکی ئەرخەوانی، کەجگە لەسەدان پەپووسلێمانکە هیچ جۆرە باڵندەیەکی دیکەی تێدا نییە، پاش هەرسەد هەنگاوێك، کەهەردووکیان پێکڤە دەینێن، ڕەنگی دارستانەکە کاڵتر دەبێتەوە تادەگاتە ئەوەی کەهیچ نابینن. (کڕاڵ) لەوەدایە کە زاری بەش کاتەوەو شتێك بڵێت! بەڵام کچە هەروەك ئەوەی پشت ماسکەکەی بینیبێت! ناهێڵێت بدوێت و دەڵێت(کەمێك لەزێکە، هێندەمان نەماوە بگەینە نێو ئەو دنیایەی کە بەخەونیش نەتدیتووە). پاش تاوێك، (کڕاڵ) خۆی لەبەردەم سێ حەوزی گەورەی نزیك تاڤگە ئاوێکدا دەبینێتەوە، کەدەیان کیژۆڵەی هاوشێوەی ئەو کیژۆڵەیە کە تا ئەوێ لەگەڵی هاتووە، دوورو نزیك بەڕووت و قووتی لەحەوزەکەدا مەلە دەکەن. ئیدی بەو حوکمەی لەوە بەدواوە دەستخەتی کتێبەکە تێکەڵ و ناشیرین و پچڕپچڕ بوو، نەمتوانی درێژە بەخوێندنەوەی بدەم. دەستم دایە



کتێبێکی دی، کەلەسەر بەرگەکەی بەهێڵێکی درشت و بەمەرەکەبی چینی نووسرابوو(چاوی بەخوماری کۆچەرییەك). تەنها وێنەیەکی نێو کتێبەکە کەدەکەوتە لاپەڕەی سەدوبیست، (کڕاڵ)ی بەجل و بەرگی فرۆکەوانییەوە دەخستەڕوو. لەکتێبەکەدا باسی لەهێرشێکی هەوایی دەکرد بۆ سەر وڵاتێکی پڕ لەدارەبەن و چنارو سپیدار و بەڕوو، کەگوایە (کڕاڵ) خودی خۆی لەو هێرشەدا بەشدارییکردووە. گەرچی لەبەر هۆیەکی نادیار فرۆکەکەی دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام بەموعجیزە رزگاری دەبێت و بەساغ و سەلامەتی لەفڕۆکە تێکشکاوەکە دێتە دەرێ و هەروەك ئەوەی کەهیچ نەبووبێت، ملی ڕێگای نێو زۆزانێك دەگرێتەبەر.

پاش تاوێك خۆی لەبەردەم کۆمەڵێ ڕەشماڵدا دەبینێتەوە. پیرەمێردێکی دەکەوێتە پێش چاو کە لەبەردەمی یەکێك لەڕەشماڵەکاندا جگەرە پێدەکات، لەوەدا بووە پرسیارێکی لێبکات، کاتێك چاوی بەکچۆڵەیەکی چاو بەخومار دەکەوێت، هەر لەیەکەم ساتەوە عاشقی دەبێت. بەڵام نووسەر هەر هێندەی سەبارەت بەو ماجەرایە خستبووەڕوو، هەروەك ئەوەی لەبیری چووبێتەوە پێشتر چیی نووسیوە، لەپڕ بابەتەکە

دەکاتە باسی زیرەکێتی و زانایی (کراڵ) لەوازیی شەترەنجدا، کەگوایە لەیەکێك لەو دوورگانەی لەدەرئەنجامی جەنگێکی بێ ئامانجدا بەدەستی هێناوە، گۆڕەپانی گەورەی نێوەڕاستی دوورگەکەی بەچەشنی خانەکانی شەترەنج خەت خەت کردووەو تەباشیرێکی زۆر گەورەی لەو کارەدا بەکارهێناوە. پاشان دەستە دەستە پیاوەکانی دوورگەکەی بەپێی ژمارەی داشەکانی هەرلایەکی شەترەنجەکە دابەشکردووە.

دواتر بۆ خۆی چۆتە سەر سەکۆیەکی بەرز، تابتوانێت بەئاسانی پانتایی شەترەنجەکە ببینێت. داشەکانی لەسەر ریزکردووەو فەرمانی داوە هەریەکەی سەرو خەنجەرێکی نووک تیژیان پێبدرێت، بەڵام بەمەرجێك کە بەپێی ڕێساو یاسای راستەقینەی شەترەنج بجووڵێن و تەنها ئەو داشەی کەبۆی هەیە داشەکەی بەرامبەری بخوات، دەتوانێت خەنجەرەکە لەقەپرغەی دوژمنەکەی گیر بکات. لەوە زیاترم بۆ نەخوێندرایەوەو کتێبەکەم خستەوە شوێنی خۆی. کەهەستامە سەرپێ، هێندەی نەمابوو بەرەولای یەکێك لەکاهینەکان هەنگاوبنێم، کە لەو کاتەدا لەکتێبخانەکەدا بوو، تادەرهەق بەهۆی نووسین و نووسینەوەی کتێبی لەوجۆرە شتێکی لێ بپرسم. بەڵام



هەر لەخۆمەوە پاشگەزبوومەوە. پاش کەمێك ئەوێم جێهێشت و لەیەکێك لەدەرگاکانی پەرستگاکەوە چوومەدەر. لەبەر خۆمەوە گوتم(ناکرێت (کراڵ) ئاگای لەکتێبەکانی نێو کتێبخانەکە نەبێت و یەکە یەکە نەزانێت چییان تێدا نووسراوە؟!).

لەمشتومڕی ئەوەدابووم، لەوە تێبگەم ئاخۆ ئەو کتێبانە بۆ چ مەبەستێك و بۆ کامە خوێنەرێك دەنووسرێت، بەتایبەت لەدوورگەکەدا جگە لەمن و کاهینەکان کەسی دیکە نەبوو کتێب بخوێنێتەوە. کاتێکم زانی پاسەوانێك و دوو کۆیلە لەدەرگای پەرستگاکەوە چوونە ژوورێ، هێندەی نەبرد هەردوو کۆیلەکە سندووقێکی تەختەی پڕ لەکتێبیان هێنایە دەرێ، پاسەوانەکەش لەدوویانەوە دەڕۆیشت و تاو ناتاوێك تێی دەخوڕین. هەردوو کۆیلەکە تاسندووقەکەیان نەگەیاندە لای کەنارەکە، وچانیان نەدا، پاشان هەردووکیان چاویان بڕییە ئەو پاپۆڕەی کە تادەهات لەکەنارەکە نزیك دەبۆوە.

* * *

# ٤

لەو رۆژەدا کەیەکێك لەکەشتییە چارۆکەدارەکان، لەنێو دەریاکەدا نغرۆ دەبوو، یەکێك لەکاهینەکان باسی کۆترە نامەبەرەکانی (کڕاڵ)ی بۆ دەکردمو گوتی(تائێستاو لەهیچ ئان و ساتێکدا، کەس ئەو کۆترانەی نەبینیوە، جگە لەدەستو پێوەندو پاسەوانە تایبەتییەکانی نێوکۆشکی (کڕاڵ)، بێجگە لەوانیش کەس نازانێت لەکوێدانو کەیو چۆنو لەکوێوە هەڵدەفڕنو دەچنە کوێ. بەڵام وەك لەدەستنووسێکی کۆندا کەوتۆتە پێش چاوم، ئەو کۆترانە بۆ یەکەمجار لەلایەن کوڕی کوڕەزای (شەهموز)ەوە هێنراونەتە دوورگەکە. پاش ئەوەی باخچەیەکی تایبەتییان لەنێو یەکێك لەکۆشکەکاندا بۆ دروستکراوە، کە بەتەواوی لەدەیان دارستانی بچکۆلە دەچێت. سەدان درەختی تێدا رووێنراوە، دەیان ڕیزە چیاو تەپۆلکەو هەڵدێرو شیوو نشێوی تێدایە. دیارە ئەو زاناو پسپۆڕانەی کەکوڕی کوڕەزای (شەهموز) بەپارەیەکی زۆر هێناونی، تا بەهەشتە باخچەیەکی گچکەی بۆ دروست بکەن. دەرحەق بەخەڵقکردنی زنەو کانیو تاڤگەو رووبارێك لەنێوەڕاستی باخچەکەدا بڕوات، دەستەوسان دەبن، لەبەرئەوەی ناکرێت



بەهەشتێکی بێ ئاو تەسەور بکرێت؟! کوڕی کوڕەزای (شەهموز) زۆر تووڕە دەبێتو هێندەی نامێنێت سزایان بدات، کەیەکێك لەزاناکان دەڵێت(قوربان، خەڵقکردنی زنەو کانیو تاڤگەو رووبار، تەنها گەورە جادووگەران دەڕۆستی دێن؟!). کوڕی کوڕەزای (شەهموز) لێی دەپرسێتو دەڵێت(چۆن؟). زاناکەش لەوەڵامدا دەڵێت(ئەوەی دەتوانێت رۆح بکاتە بەری ئەو باخچە بەهەشتە گچکەیەی ئێوەو بەکون فەیەکونێك زنەو کانی تێدا هەڵقوڵێتو تاڤگەو رووبار تێیدا خووڕەی بێت، پیرەژنێکی جادووگەرە کە لەیەکێك لەوڵاتە چیاییەکانی سەرو وڵاتی (کزر) دەژی. دەبێت کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆت بنێریتە ئەو وڵاتە پاش دەدوانزە مانگێك رەنگە بگاتە سنوورەکانیو ئەو دەمە دەبێت حەوت شەوو حەوت رۆژان بەپێیان بەسەر پردی (مرۆخ)دا بپەڕێتەوە، تادەگاتە بەردەم چیایەکی فرە سەختو رەقەن و دژوار. بێ پسانەوەو کۆڵدانو وچان، سێ رۆژو سێ شەو پێیدا هەڵگەڕێتو میز بکاتە حەوت ئەشکەوتی سەرەڕێ، تادەگاتە گچکەترین ئەشکەوتی دووندی چیاکە. لەوێ دەبێت ئیکسیری خوێنی رێویی سپیو کیسەڵی دەریاو مارمێلکەی رەشو کوێرە ئەژدیها رۆبکاتە بەردەم زارکی ئەشکەوتەکەو حەوت جار هاوار بکات(پلکە حەبانێ). پاشان دەبینێت، پیرەژنێکی سەدوپەنجا ساڵەی رەشپۆشی چارۆکە لەشانی، فێس لەسەرو لاگیرە لەملی چاو بەکل، هێور هێور لەناو

ئەشکەوتەکەوە بەگۆپاڵێکی لەدار گوێز دروستکراو دێتە دەر. ئەو دەمە، ئەو کەسەی ناردووتانە هەرچییەکتان گەرەك بێت پێی دەڵێت و تێی دەگەیەنێت. پاشان دوو گچکە پریاسکەی پڕ لەزێڕی بۆ جێ دەهێڵێت و پاشەو پاش بەبێدەنگی بەر زارکی ئەشکەوتەکە جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە. پێش گەڕانەوەی ئەو کەسەی کەناردووتانە، دەبینن هەموو ئەوەی کەویستووتانە دەبێتە واقیع و بەچاوی خۆتان دەیبیننەوە). کوڕی کوڕەزای (شەهمون) بەقسەی کابرای زانا دەکات و نزیکترین کەسێکی خۆی دەنێرێتە لای پیرەژنە جادووگەرەکەی ئەو وڵاتە دوورە دەستەو پاش ساڵێك لەچاوەڕێ بوون، کوڕی کوڕەزای (شەهمون) لەیەکێك لەشەوەکاندا گوێی لەخوڕەو هاژەی تاڤگەو رووبارو دەنگی هەڵقووڵینی ئاو دەبێت. بەپەلە دەچێتە لای باخچە داخراوەکەی و دەبینێت رووبارێك بەنێوەڕاستی باخچە داخراوەکەیدا ڕێ دەکات، لەچەند بەرزاییەکەوە تاڤگەی تێ دەڕژێت و لێرەو لەوێ زنەوکانی هەڵدەقووڵێن. شاگەشکە دەبێت و چەند سەعاتێك دەڕوانێتە سیحری ئەو هەموو گۆڕانەی کە بەسەر باخچەکەدا دێت، سەرەتا ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو رووبارەکە دەبینێت، پاشان لەخونچەکردنی گوڵە کێویلەکان ورد دەبێتەوە. گەرچی زۆر چاوەڕێی پەیدابوونی باڵندەو ئاژەڵ و خشۆك و مێرووە جۆراوجۆرەکان دەکات، بەڵام نایبینێت و بەناکامی کەمێك خەوی لێدەکەوێت. کە ڕۆژ



دەبێتەوە بڕیاری هێنانی هەموو چەشنە باڵندەیەکی دەگمەن دەدات، جگە لەو کۆترانەی کەدەمێك لەوەوپێش لەلایەن کەشتیوانێکی رەشتاڵەوە پێشکەشی کراوە. تا ئێستاش نەزانراوە کە بۆچی کوڕی کوڕەزای (شەهمون) تەنها باڵندەی داواکردووە هەموو جۆرە ئاژەڵ و خشۆك و مێرووەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە؟! هێندە نابات دەیان چەشن و جۆری باڵندەی عەجایب لەقەفەزی ڕەنگاوڕەنگدا دەگەنە یەکێك لەکۆشکەکانی کوڕی کوڕەزای (شەهمون).

یەکێك لەکاهینەکان لەو دەمەدا دەم هەڵدێنێتەوەو دەڵێت(باشە قوربان، بەو پێیەی باخچەکەی جەنابتان باخچەیەکی گچکەکراوەی دەیان دارستان و سەدان گچکە درەخت و دەیان ریزە چیاو تەپۆلکەو هەڵدێرو شیوو و نشێوە؟! تۆ بڵێی جێگەی ئەو هەموو باڵندە راستەقینە گەورانەی تێدا ببێتەوە؟!). کوڕی کوڕەزای (شەهمون) دەڵێت(بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەیادت نەچێت، کەنیوەی باخچەکە سیحراوییە!). هەر کەیەکەم باڵندە بەردەدەنە نێو باخچەکە، دەبینن وەك هەموو شتێکی نێو باخچەکە بچووك دەبێتەوەو لەنێو لقە چڕوپڕەکانی درەختەکاندا خۆی ون دەکات، ئیدی پاش ئەوە دەیان باڵندە بەر دەدەنە نێو باخچەکە کەهەر هەموویان بەهەمان چەشن بچووك دەبنەوە. بەڵام پاش ئەوەی کۆترەکان بەردەدەنە باخچەکەوە، دەبینین وەك خۆیان دەمێننەوە وەك باڵندەکانی تر

گچکە نابنەوە. کوڕی کوڕەزای (شەهموز) دەپەشۆکێت و پاش مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ گەورە کاهین و دەست و پێوەندەکانی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کەسیحرو ئەفسوونی کۆترەکان، زۆر لەوە بەهێزترە کەش و سیحری باخچە بچکۆلە کراوەکە کاریان تێبکات. ئەو کۆترانە وەك لەوێنەیەکی بەدەست کێشراودا بیندوومە، درێژکۆلەو تەشیلەیی و باڵدرێژن، ڕەنگیان بەڕەنگی لم دەچێت، لەجێی دەندووك لچ و لێوو قەپۆزیان هەیە، قاچەکانیان درێژو وەك بنیادەم پێنج ئەنگوستی پێوەیە. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە کەوەك کۆتری دیکە هێلکەکەر نین و وەك ژن دەزێن، کەجووچکەکانیان لەسکی دایکیان دێنەدەر. دەم دەنێن بەو گووانانەوە کە لەگەردنی کۆترە دایکانەوە بەچەشنی موولوولەی خوێن شۆڕ بوونەتەوەو ڕەنگی شیرەکەشیان سوورێکی مەیلەو شەرابییە). پاش ئەم باس و خواسەی کاهینەکە هەموو ئەو کۆترانەم وەبیرهاتەوە کەهیچیان لەو کۆترە نەبینراوانەی دوورگەکە نەدەچوون. ئێواران هەڵمدەفڕاندن و بۆ چەند سەعاتێك دەمڕوانییە چەشنی فڕین و ئاسمان تەی کردنیان هەرهەموویان ڕەنگیان تەڵخ و بۆر بوو.

زۆر بەرز دەفڕین و لەبەرچاومدا دەبوونە پنتکێکی ڕەش، کە لەو ساتەدا بیرکردنەوەو ڕامان و تێفکرینم ڕادەوەستاو حەزی فڕین و بەباڵندەبوونم تێدا دەبزوا. ئەو ئاسمانەی کەمن لێی



دەترسام ئەوان بێ سڵەمینەوە باڵەکانیان تێدا ڕادەگرت و خۆیان دەدایە بەر تەوژمی ئەو بایەی، کە چۆنی ویستبا ئاوای دەبرد. کەدەنیشتنەوەو لەشوێنێکدا هەڵدەکوورمان، حوزنێکی سەیرم لەچاوەکانیاندا دەبینییەوە. حوزنێکی شاراوەو پەنهان کەدنیایەك حەکایەت و سەرگوزشتەی لەخۆدەگرت. چەندم حەز دەکرد زمانیان هەباو شتێکیان لەو حەکایەت و سەرگوزشتانە بۆ گێڕابامەوە، چەند خۆشحاڵ دەبووم گەر زاریان گۆی کردباو چەند وشەیەك یان تەنانەت تەنها وشەیەکیان بەمن گوتبا. دەمزانی ئەو شتانە دەزانن کەمن نایزانم و عەقڵم پەی پێ نابات، دەمزانی ئەوان ئەو دنیا نەبینراوە دەبنن کەمن نایبینم!

گەرچی هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە کەجێیان بهێڵم، بەڵام لەیەکێك لەئێوارەکاندا کەخەریکی هەڵواسینی بەیاننامەیەکی نهێنی یەکێك لەلایەنەکان بووم کە بەتەواوی نەمدەناسین و لەبەر خاتری برادەرێك ئەو کارەم گرتبووە ئەستۆی خۆم، هێشتاکە بەیاننامەکەم بەتەواویی بەدارتێلی یەکێك لەکۆڵانەکانی شارەوە هەڵنەواسیبوو، کەدوو خەفیە لەپشت دیواری کەلاوەیەکی نزیکەوە لێم دەرپەڕین و دەستگیریان کردم.

ئیدی پاش ساڵانێك، کەلەزینداندا بردمەسەر، لەبەهارێکی باراناویدا حەشامەتێك لەخەڵکی ئەو شارەی کەتێیدا ژیابووم هەر هەشتا قفڵی چل دەرگای زیندانەکەیان شکاندو ئازادیان کردین. کەچوومەماڵێ، هیچ یەکێك لەو کۆترانەم نەبینییەوە

کەپێشتر رامگرتبوون، شوێنەواری کولانەو هێلانەکانیشیانم نەکەوتە بەرچاو. وەك جاران کە لەدەرگا سەرەکییەکەی خانووەکەی باپیرمەوە چوومە ژووریٚ، خۆم لەباخچەکەدا نەبینییەوە، بەڵکو خۆم لەنێو دالآنێکی بەرفراوانی دوورو درێژدا بینییەوە، کە بەهیچ تەواو نەدەبوو. پاش والآکردنی چوار دەرگای شەق و شڕ گەیشتمە نێو ئەو ژوورەی کەسالآنێکی تەمەنم تێدا بردبووە سەر، پێش هەموو شتێك روانیمە ئەو وێنەیەی (نەوا)، کە بەقەڵەمێکی سوور لەسەر رووی پێشەوەی کەنتۆرە سپییەکە کێشابووم، بەڵام سەیر لەوەدابوو، گەرچی پێشتر ژوورەکەم بەڕۆژی رووناکیش تاریك و نووتەك بوو، کەچی لەوکاتەدا رووناك دەهاتە پێش چاوم. ئیدی لەو رۆژەوە کۆترەکانم، لەیادی هەر ساڵڕۆژێکی ئەو نیوەڕۆژەی کەتێیدا ئازادبووم، بەشێکی زیندەخەونەکانمیان داگیردەکردو لەشوێنێکی فیکرو زەینمدا هەڵدەکوورمان. چاوەکانیان هەروەك جاران حوزنی لیٚ دەباری و جگە لەوەش جارجارە هەستم بەبەربوونەوەی دڵۆپە فرمێسکێکی خوێناوی دەکرد کەپێم وابوو لەچاوی بەتەمەنترین کۆترێکم بەربێتە خوار.

*      *   *



هەرکاتێك کەپێم دەنایە نێو بینای ژمارە حەوت و لەدەرگاکەیەوە دەچوومە ژوور، گڕەی بۆنێکی ناخۆش و دژوێن پرکی دەکرد، بەچەشنێك لەو کاتەدا وادەهاتە پێش چاوم کەڕەنگە بووبێتمە جرج و خۆم لەژێرابێکی پڕ پاشەڕۆکی بنیادەمان نابێت. بۆنی نەوشادرو یۆریا چاومیان دەچووزاندەوە، بۆنی رۆنی سووتاوو چەوری و بەزو پیوی هەڵقرچاو لەهەموو گۆشەو سووچ و پەنایەکی نێو بیناکەوە دەهات. بۆ دڕنی ئارەقەو هەڵم و هالآوی خەستی تێکەڵ بەگازی میسان، لەبنمیچی ژووری فڕنەکەدا چڕدەبوونەوەو پاش ئەوەی بەچەشنی دەیان دڵۆپە ئاوی لیخن و پیس، لێرەو لەویٚ بۆ تاوێك خۆیان بەبنمیچەکەدا هەڵدەواسی، وەك دڵۆپەکردنی ساپیتەیەکی گڵینی دوای بارانێکی بەخوڕ، بەردەبوونەوەو ئیقاعە دەنگێکی بێزارکەر لەکەوتنە خوارەوەیاندا دەهاتە گوێم.

ژووری فڕنەکە، ژوورێکی لاکێشەیی گەورە بوو، فڕنەکە دەکەوتە بەشی بنەبانی ژوورەکە، لەچوار پێنج لاوە بۆری گازی بۆ راکێشرابوو. دەرگای فڕنەکە لەپارچە پلێتێکی گەورە پێکهاتبوو، بەدەستهێنان بەدوگمەیەکی سووردا بۆ ناوەوە دەکرایەوە. چوار دوگمەی ڕەنگاوڕەنگ لەملاو ئەولای فڕنەکەدا هەبوون. کە بۆ یەکەمجار چوومە نێو ئەو ژوورەوە، نەمدەزانی

بەڕێکەوت لەو ساتەوەختەی من لەوێدام جەستەی کۆیلەیەك دەهێنرێتە ئەوێ‌و لەبەرچاومدا دەسووتێنرێت. گەرچی جەستەی کۆیلەکەم بینی لەسەر سەدییەك راکشاوەو چوار پاسەوان بۆ ژوورەکەی دەهێنن، هەوڵی چوونە دەرەوەم دا، بەڵام ئەو کاهینەی کە لەدوای کۆیلە مردووەکەوە رێی دەکرد نەیهێشت‌و بەپاڵ هێنامییە نێو ژوورەکە. کاهینەکە دەستی برد بۆ دوگمەیەك‌و دەرگای فڕنەکەی والآ کرد، پاشان چوار پاسەوانەکە جەستەی کۆیلەکەیان بەسەدییەکەوە لەفڕنەکە نا، بەچەشنێك کەسەری کۆیلەکە رووی لەئاستی دەرگا والآکە بوو. چوار پاسەوانەکە، پاش ئەوەی ئیشی خۆیانیان جێبەجێ کرد، بەهێمنی کشانەوە بۆ بەشی خوارەوەی ژوورەکە. لەکاتێکدا کەکاهینەکە خەریکی توندکردنەوەی سەرەوانەی یەکێك لەبوتڵە گازە گەورەکانی گۆشەیەکی ژوورەکە بوو، لەجەستەی کۆیلەکە چوومە پێش‌و کەوتمە سەرنجدانی رووکاری ژەنگ گرتووی. لەوەدابوو بکشێمە دواوە، کاتێك هەستم بەلێدانی دڵی کۆیلەکە کرد، زیاتر لێی نزیك بوومەوەو جووڵە جووڵی پێڵووە داخراوەکانیم کەوتەبەر چاو، دەستێکم بۆ نێوچەوانی برد، گەرم بوو، توند راموەشاند بەشڵەژانێکەوە چاوەکانی کردەوەو زەق زەق تێی روانیم، لەوەدابوو کەبانگی کاهینەکە بکەم‌و تێی بگەیەنم کەجەستەی نێو فڕنەکە زیندووە، لەپڕدەستی گرتم‌و بەچەشنێك تێی روانیم، کە بۆ ساتەوەختێك لەشوێن خۆم



سڕبووم. هێدی هێدی قەتماغەی ژەنگەکانی دەموچاوی دەوەرین‌و بەدەیان شێوە دەیویست لەوە حاڵیم بکات، کە نەدەکرا بیلێت؟! بەمەبەستی هێمن کردنەوەی، دەستێکم خستە سەر دەستی‌و سەری رەزامەندیم بۆ لەقاند، بەهێمنی کشامە دواوەو هەروەك هیچ نەبووبێت بەچیچکانەوە لەسەر عەردی ژورەکە دانیشتم. کاهینەکە پاش توندکردنەوەی سەرەوانەی یەکێك لەبوتڵە گازەکان‌و پشکنینی یەك دوو بۆری، کەپێدەچوو لەیەکێکیانەوە کەمێکی ئەو گازە دزە بکات، کەسەری بنیادەمی وەگێژ دەهێنا، ئاماژەیەکی بۆ یەکێك لەپاسەوانەکان کرد، بێ سێ‌و دوو، دوو تاکی پەنجەرە گەورەکەی خستە سەرپشت. پاشان کاهینەکە فڕنەکەی گڕداو پێش ئەوەی دەست بەو دوگمەیەدا بهێنێت کەدەرگای فڕنەکەی پێ دادەخرا، بزەیەکی نائاسایم لەسەر لێوی کۆیلەکە بیندەوە.

گەرچی هەتا کاهینەکە فەرمانی بەپاسەوانەکان دا تا دەرگای ژوورەکە بخەنە سەر پشت‌و رێگەم پێ بدەن کەبڕۆم، هەر بەتەمای بیستنی دەنگی ناڵەو نرکەیەکی ئەو مرۆڤە بووم کە لەنێو فڕنەکەدا دەسووتا، بەڵام تا دەرگای ژوورەکەشم بەجێهێشت‌و چوومە نێو هۆڵە گەورەکەی تەنیشتی گوێم لەهیچ دەنگێك نەبوو، جگە لەدەنگی نێڵە نێڵی ئاگرەکە. لەبەشی سەرەوەی هۆڵەکەدا وێنەیەکی گەورەی (کڕاڵ) هەڵواسرابوو کە لەژێریدا تەلەفزیۆنێکی بچکۆلەی رەش‌و سپی لەسەر مێزێکی

تەختە دانرابوو. لەسەر یەکێك لەکورسییەکانی بەرامبەر بەتەلەفزیۆنەکە دانیشتمو کەوتمە تەماشاکردنو گوێگرتن لەنوێترین وتارێکی ئەو ڕۆژەی (کڕاڵ).

دەنگە گڕەکەی تانیوەی وتارەکە تینوو تاوی دەدایە رستەو وشە بێماناکان، پاشان بەدەنگێکی مینگنو زیقاوڵە درێژەی دایەو تا تەواوبوو. جگە لە(دەرچوونی بڕیاری ژمارە چوار هەزارو سەدو پەنجا) کەدەبوو هەر لەو ڕۆژەدا جێبەجێبکرێت، هیچی تری لێ حاڵی نەبووم. بینای ژمارە حەوتم جێ هێشتو بەمەبەستی بینینی چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە(چوار هەزارو سەدو پەنجا) بەرەو گۆڕەپانی بەشی خۆرئاوای دوورگەکە ملم نا. تاگەیشتمە ئەوێ کۆیلە نێرینەکان، بەپێی ژمارەکانیان یەك لەدوای یەك ریزیان بەستبوو. (کڕاڵ)و پاسەوانو دەستوپێوەندو کاهینەکان، گەیشتنە نزیك پەیکەری پیاوە پۆشتەکەی سەر ئەسپە بێ سەرەکە. (کڕاڵ) پاش سڵاوکردنو دەست راوەشاندنێکی کەمخایەن، بەسەکۆکەدا چووە سەرێو تاوێك وەك پەیکەر لەجێی خۆی راوێستا. پاشان یەك دوو جار کۆکیو بەدەنگێکی تێکەڵ لەگڕیو زیقنی گوتی(هەر ئێستا بڕیاری ژمارە چوار هەزارو سەدو پەنجا جێبەجێ دەکرێت). هەر یەکسەر بڕیارەکە جێبەجێ کراو گشت کۆیلە نێرینەکان جلکەکانیان داکەندو رووتبوونەوە. پاش



ئەوەی گەورە کاهین، چەند دێڕێکی کتێبێکی کۆنی خوێندەوەو چەند دڵۆپە ئاوێکی نێو شووشەیەکی مەیلەو شەرابی لەبەردەم سەکۆکەدا رۆکرد، پاسەوانەکان سەرو مەکینەیەکی ریشتاشینیان دایە دەست کۆیلەکان. بەرپرسی پاسەوانەکان بەئاماژەکردنێك تێی گەیاندن کەدەبێت دەست پێبکەن. کۆیلەکان زۆر بەخێرایی کەوتنە تاشینی مووەکانی لەشیان، هەر لەپووزیانەوە دەستیان پێکرد، تاگەیشتنە تاشینی مووی تەپڵەسەریان. نەدەکرا بەو خێرایی و پەلە پروزێیە، زۆر شوێنی جەستەیان بریندار نەکەن؟!

پاش ئەوەی هەر هەموویان لەتاشینی گشت مووەکانی لەشیان بوونەوەو هەریەکەی لەچەند لایەکەوە جەستەی خۆیانیان زامدارکرد، بەئاماژەکردنێکی بەرپرسی پاسەوانەکان یەك لەدوای یەك بەرەو دەریاکە کەوتنە ڕێو پاش ئەوەی گەیشتنە ئەوێ، یەکە یەکە خۆیان لەسوێراوی دەریاکە هەڵکێشاو دواتر جلکە کۆنو پێڵاوەکانیان کۆکردەوەو لەکەنار دەریاکەدا گڕیان تێبەردا. پاشا پاسەوانەکان سەرو دەستێ جلی نوێو جووتێ جزمەیان دا بەهەریەکێك لەکۆیلەکان، کەدەبوو بەخێرایی لەبەری بکەنو بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.

* * *

پاش ئەو رۆژە دوورو درێژەو لەشەودا، درەنگ وەختانێك چاوم چووە خەوو لەخەومدا، بەبێئەوەی کەبزانم چی دەکەم، بەپیکێکی گەورە دەستی راستی پەیکەری پیاوە پۆشتەکەی سەر ئەسپە بێ سەرەکەم وردو خاش کرد.

پاسەوانەکانی سەر قووللە بەرزەکانی چواردەوری کۆشکەکەی (کڕاڵ) بەدووربینە یەك لوولەییە کۆنەکانیان لێم ورد دەبوونەوە. هێندەی نەبرد، هەرهەموویان کەوتنە شاور لێدان و هاوارکردن. لەحەژمەتا بەرەو ئەو بینایە هەڵهاتم کەکۆیلەکانی تێدا دەحەوانەوە، لەیەکێك لەدیوارەکانیەوە خۆم کرد بەناو بیناکەدا. بۆنی نێوگەڵی گەنیاوو بۆن ترشاوو بۆن رشانەوەو بۆن پای کەڕوواویی و پۆقژاویی و بۆگەن، بۆشاییە بێ کەلوپەلەکانی نێو بیناکەی پڕکردبۆوە. لەوەدابوو کەخۆم لەژێر یەکێك لەپەتۆ چڵکنەکانی پاڵ یەکێك لەکۆیلەکان بشارمەوە کەپاسەوانەکان هاتنە ژوورو دەستگیریان کردم. لەچاوتروکانێکدا منیان گەیاندە بەردەم دەرگای ژووری فڕنەکە، کە لەو ساتەدا هیچ بۆن و بەرامەیەکی لێ نەدەهات. کەپاڵیان پێوەنام و لەدەرگای ژووری فڕنەکەوە چوومە ژوور، سەدان وێنەی لێکچووی کۆیلەکانم کەوتە بەرچاو، کە بەسێ لای دیوارەکانی ژوورەکەوە هەڵواسرابوون. لەجێی فڕنەکەو لەبن عەردەوە ئاو هەڵدەقووڵاو بەئاڕاستەی بنەبای ژوورەکە رێی



دەکرد. بەدەوری سەرچاوە ئاوەکەداو بەبەرزی مەترو نیوێك دیوارێك دروستکرابوو، کە بەچەشنی جۆگەلە ئاوێك کەپانییەکەی نزیکەی مەترێك دەبوو، دیوارە رووخاوەکەی بەشی سەرەوەی ژوورەکەی دەبڕی و تاچاو بڕی دەکرد درێژ دەبۆوە. پاسەوانەکان تابووتێکیان هێنایە نێو ژوورەکەو لەسەر عەردەکە دایاننا، بەزۆر منیان خستەنێو تابووتەکەو سەرەکەیان نایەوە، پاشان کەوتنە بزمار رێژکردنی سەری تابووتەکەو سواغ دانی کون و کەلێن و درزی مابەینی تەختەکان بەماددەیەکی تایبەت. ئەوەندەی نەخایاند تابووتەکەیان بەرزکردەوەو بەلەسەرەخۆیی فڕێیان دایە نێو جۆگەلە ئاوەکە، کەهیچ شڵپ و هوڕێکی لێ هەڵنەستاو هەر یەکسەر تابووتەکەی نایە پێش خۆی و لەژوورەکەی بردەدەر. بەڵام هەروەك ئەوەی نەخرابێتمە نێو تابووتەکەو ئاوی جۆگەلەکە نەیبردبێتم، لەپشت پاسەوانەکانەوە لەجۆگەلە ئاوەکەم دەڕوانی. پاسەوانەکان کەژوورەکەیان جێهێشت، بەتەنیشتمدا رەت بوون و هەروەك ئەوەی کەنەیاندیبێتم ژوورەکەیان جێهێشت. لەبەر خۆمەوە گوتم(تۆ بڵێی کڵاوی سەخرەجندەم لەسەر نابێت و ئیدی نەبینرێم). بەپەلە پێشیان کەوتمەوەو لەبەردەم بیناکەدا کەوتمە چاوەڕێکردنیان، بەڵام جارێکی تریش بەتەنیشتمدا رەت بوون و نەیانبینیم. چوومە نێو پەرستگاکەو هیچ کامێك لەکاهینەکان نەیانبینیم. چەندم ویست دەم هەڵبێنمەوەو بەدەنگمدا لەبوونم ئاگادار بن، بەڵام هەرچەندم کرد چرپەم بۆ نەکرا، هەروەك

ئەوەی لەودیوی زارمەوە گەروو و قوڕقوڕاگەیەک نەبێت، تادەنگێکیان لێ بێتەدەر. زۆر بەتوندی پاڵێکم بەگەورە کاهینەوە نا، بەڵام هەر بەخۆی نەزانی و هەستی بەهیچ نەکرد.

نەمدەزانی خۆشحاڵو کامەران بم، بەوەی کەنابینرێم، یان ناڕەحەتو دڕدۆنگ؟! لەوەدابوو لەفیکران رۆچم، کەهەر لەخۆمەوە راڕەوە نهێنییەکەی نێو پەرستگاکەم وەبیرهاتەوە.

حەزو ئارەزووی بینینی باخچە داخراوەکەی نێو کۆشکەکەی بەشی خۆرئاوای دوورگەکە، پاڵپێوەنەرێکی راستەقینەی گەڕانم بوو، بەشوێن راڕاوە نهێنییەکەدا، بەو پێیەی کەهەر کاتێک هاتبایەتمە نێو پەرستگا، جگە لەژوورێکی دەرگا گەورەی کلۆم دراو رێم پێدەدرا سەر بەهەموو ژوورێکی تری پەرستگاکەدا بکەم، هەربۆیە پێم وابوو کەڕەنگە راڕەوە نهێنییەکە لەپشت دەرگا گەورەکەی ئەو ژوورەوە دەست پێبکات. چوومە بەردەم دەرگای کلۆمدراوی ژوورەکە کەدوو کاهین لەملاو ئەولای دەرگاکەدا راوێستابوون وەک تارماییەک بەنێوەڕاستیاندا تێپەڕبوومو دەرگاکەم بڕیو چوومە ژوور. سەرەتا خۆم لەنێو راڕەوێکی تاریکو نوتەکدا بینییەوە، پاش ماوەیەکی کەم لەڕێ کردن، یەک دوو قوتیلەی داگیرساوم بینی، کە لەملاو ئەولای دیوارەکانی راڕەوەکەدا هەڵواسرابوون. تاگەیشتمەلای پێپلیکانە دوورو درێژەکە تەنها شەش پاسەوانم کەوتە بەرچاو کەهەریەکەی لەپەنایەکدا هەڵکوورمابوو، پاش ئەوەی زۆر بەخێرایی پێپلیکانە دوورو درێژەکەم بڕی، خۆم لەسەرەتای



راڕەوێکی تردا بینییەوە، کەلەوەی پێشوو تەسکو تروسکتر بوو. دوای ئەوەی ئەویشم بڕی، بۆ جارێکی تر بەسەر پێپلیکانەیەکی لەوەی پێشوو دوورو درێژتردا سەرکەوتم، کەبەهیچ تەواو نەدەبوو.

پاش شەکەتی و ماندووبوونێکی زۆر خۆم لەبەردەم دەرگای گەورەترین هۆڵێکی کۆشکەکەدا بینییەوە بۆ تاوێک غەڵبەغەڵێک لەپشت دەرگاکەوە هات، دوو پاسەوان دەرگاکەیان والاکردو لەسەر پشت جێیان هێشتو رۆیشتن. هەر کەچوومە ژوور خۆم لەبەردەم باخچە داخراوەکەدا بینییەوە کەتیشکو رەنگو تروسکاییەکی ئەفسووناوی کەمێک بەبەرزییەوە دەدرەوشایەوەو ئاوی چاوی دەبرد. هەردوای ئەوەی کەچوومە نێو باخچەکەو چەند هەنگاوێکم نا وەک هەموو شتێکی نێو باخچەکە بچووک بوومەوە. سەدان باڵندەی رەنگاوڕەنگ ئەم چڵو ئەوچڵیان دەکردو دەیانجریواند. پۆلێک کەنسەمەی دەندووک بچووک، ئاسمانیان تەی دەکردو سنگیان لەو رەشەبایە هەڵدەسوو، کەتاوێک بوو هەڵیکردبوو.

گەرچی لەسەرەتادا بەرگەی توندیی رەشەباکەیان دەگرتو توانستێکی بێوێنەی فڕینیان هەبوو، بەڵام هێندەی نەبرد بەباڵشکاوی و بەپەڕوباڵ هەڵپڕووکاوی داباریننە خوارێ، بەچەشنێک پێدەچوو زۆر لەوە زیاتر بەئاسمانەوە بووبێتن، کەمن بیندبووم. یەک دووانێکم لەو کەنسمانە هەڵگرتەوە کە لەبەر پێمدا کەوتبوون، جگە لەشکانی باڵەکانیان

چاوەکانیشیان هاتبوونەدەر. ئەوەندەی نەبرد رەشەبا زۆر بەهێزو توندەکە کەوتە وێزەی دارو درەختو نەمامو رووەکی باخچە داخراوەکەو هێندەی پێی کرا ژمارەیەکی زۆریانی لەبنڕا هەڵقەند. دواتر چیاو تەپۆلکەکانی کردە خۆڵو پاش ئەوەی بردنیە حەوت تەبەقەی ئاسمان بەچەشنی خۆڵبارانێکی چڕوپڕ دایباراند. پاشان هەروەك ئەوەی رووبارەکەی وەبیرهاتبێتەوە لەبەشی باشووری رووبارەکەوە بەرەو باکوور کەوتە تەکاندنو ماسیو بەردو زیخو قەوزەکانی نێو رووبارەکەی بەچواردەوری خۆیدا تووڕهەڵدا. بەماوەیەکی کەم ئاوی لەڕووبارەکەدا نەهێشتو گشت شوێنو جێگەیەکی باخچەکەی کردە یەکپارچە قووڕو لیتە کە تائەژنۆمی تێدا رۆچوو بوو. کە ویستم هەنگاو هەڵبێنم پێڵاوەکانم لەنێو قووڕەکەدا جێماو بەپێی پەتی هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە دەرەوەی باخچەکە، لەشوێن خۆمدا هەڵتروشکامو وچانێکم دا. کەهەستامە سەرپێ هەستمکرد بەقەبارە وەك خۆمم لێ هاتۆتەوەو گەڕاومەتەوە بۆ دۆخی جارانم.

بەمەبەستی بینینی دوا دیمەنی باخچەکە، ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە، بەڵام ئەوەی کەبینیم بەتەواوی سەرسامو پەشۆکاوی کردم، چونکە هیچ باخچەیەکم نەهاتە پێش چاو، لەشوێن جێگەی ئەو شوێنەی کەپێم وابوو باخچەکەی لەسەر دروست کرابوو، پەیکەرێکی گەورەی لەمەڕمەڕ دروستکراوی (کڕاڵ)م کەوتە بەرچاو. لەبەرخۆمەوە گوتم(تۆ بڵێی هەر لەبنەڕەتدا



باخچەکە نەبووبێتو نەمبینیبێت، هەموو ئەوەی کەماوەیەك لەمەوپێش پێم وابوو دەیبینم، تەنها ساتەوەختێکی خەون بووبێت؟!). بەڵام سەیر لەوەدابوو، پێپەتی بوومو پێیەکانیشم قووڕاوی! لەوە زیاتر لەهۆڵەکەدا نەمامەوەو چوومە نێو ژووری ئاژەڵە مۆمیاکراوەکان، کەدەیان جۆری مۆمیای ئاژەڵی کێویی تێدابوو، کەیەکێکیان لەهەموویان عەجایبتر بوو. گەرچی کەمێك لەگورگ دەچوو، بەڵام کەدەتڕوانییە پەڵە پەڵەیی کەوڵەکەی پڵنگێکت دەهاتە پێش چاو، چاوەکانی چاوە گورگو کەڵبەکانیشی کەڵبەی پڵنگ بوون. بەڵام بچمو شێوەی ئاژەڵە مۆمیاکراوەکانی دیکە لەچاو ئاژەڵە عەجایبەکەدا ئاسایی بوون. ئەوێم جێهێشتو چوومە نێو کتێبخانەیەکی گەورە، کەجگە لەپێنج کتێب هیچ کتێبێك لەڕەفەکانیدا نەبوو. سیانیان تایبەت بوون، بەجۆرو چەشن و شێوەکانی وتار خوێندنەوە. دووانەکەی تریشیان باسیان لەچەشنەکانی ئەشکەنجەدانو سڕینەوەی دەماغ دەکرد. سەرجەم رەفە بەتاڵەکانی کتێبخانەکە بەوێنەی (کڕاڵ) پڕکرابوونەوە، کە لەهەموو وێنەکاندا ماسکەکەی بەدەمووچاوەوە بوو. پاش ئەوەی کتێبخانەکەم جێهێشت، بەپێپلیکانەیەکدا سەرکەوتمو خۆم گەیاندە نهۆمی دووەم، کەژمارەیەکی زۆر لەدەستو پێوەندەکان لەو نهۆمەدا بەڕاپەڕاندنو بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانەوە سەرقاڵ بوون.

کۆمەڵێ خزمەتکارو کارەکەری کەشەڤ بەدەست بەرەو هۆڵێکی زۆر گەورەی نهۆمی دوو ملیان دەنا، وەدوویان کەوتمو

بەدوایاندا چوومە نێو هۆڵەکە. کیژێکی باڵابەرز، کەکراسێکی شیفۆنی پەڕپەڕەی لەبەردابوو، لەبەردەم تیپێکی مۆسیقادا راوەستابوو. پاش ئەوەی کوڕێکی گەنج کەکەمانچەیەکی بەدەستەوەبوو ئاماژەیەکی بۆ مۆسیقاژەنەکان کرد، هەموویان لەیەك کاتداو پێکەوە کەوتنە ژەنینی ئاوازێکی بەجۆش، هەر یەکسەر کچەش کەوتە سەماکردن و گۆرانی گوتن. گەرچی ریتمی گۆرانییەکەو چەشنی سەماکە ئاسمان و رێسمانی فەرق بوو، بەڵام کچە تابڵێی دەنگی خۆش بوو، جگە لەو تەرزە سەمایەی کەدەیکرد، زیاتر بەپەپکە خواردن و هەڵسانەوەی مارێکی زامدار دەچوو. لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی ئیقاعی مۆسیقاکەدا کچە پڕ بەدەم و بەچەشنێك دەیقیژاند کەتا ماوەیەکیش هەر سەدای ئەو دەنگەم دەهاتەگوێ.

(کڕاڵ) لەسەر کورسییەکەی بەنقێم و عاج و زێڕو زیو نەخشێنراوی زۆر قەشەنگ، چوارمشقی دانیشتبوو، لەدەستە راستییەوە مێزێك دانرابوو، کەزۆربەی چەشن و جۆرەکانی شەراب و میوەو هەنگوین و گۆشتی لەسەر بوو. لەدەستە چەپیشییەوە کورسییەکی تایبەت بەدانیشتی ئەو کچۆڵانە هەبوو کە(کڕاڵ) بۆ خۆی دەستنیشانی دەکردن.

(کڕاڵ) لەجێی ماسك، پەڕۆیەکی ئەستوری رەنگ رەشی بەدەموچاویدا دابوو، کەنەدەکرا لەپشت ئەو پەڕۆیەوە هیچ ببینێت. کچە سەماکەرەکە کەمۆسیقاکە خاو دەبۆوە بەدەم سەماکردنەوە دەچووە بەردەمی (کڕاڵ)و پشتاوپشت خۆی



بەسەر (کڕاڵ)دا دەشکاندەوە بەچەشنێك کەمەمکەکانی بەرپەڕۆکەی دەمووچاوی دەکەوتن. هەر لەسەرەتای سەماکردنییەوە، کچە مەمکەکانی لەمەمکدانەکەی هاتبوونە دەرو لەهەموو بەشەکانی دیکەی جەستەی زیاتر دەبزوان. مەمکەکانی درێژکۆڵەو باریك و چرچ و بۆربوون، جگە لەو تۆپەڵە مووە درێژانەی کەهەردوو گۆپکەکانی داپۆشیبوون هیچ جوانییەکی ترم لەمەمکەکانیدا نەدەبینییەوە. بەمەبەستنی دیتنی دەموچاوی (کڕاڵ) بەچەند هەنگاوێك خۆم گەیاندە لای کورسییەکەی و لەنێو خۆمدا هەر لەناکاو بڕیاری هەڵدانەوەی ئەو پەڕۆیەم دا کەدەموچاوی پێ داپۆشیبوو. یەکسەر دەستم بۆ پەڕۆکە بردو هیچ بەدەستمەوە نەهات، زیاتر دەستم لێ بردنە پێش و پەنجەکانم لەودیوی سەریەوە هاتنەدەر. هەرپاش ئەوە، هەموو ئەوەی کەتا ئەوکاتەی بیندبووم، لەبەرچاومدا ون بوون و نەمان. بەدەست لێدانێك سیحری ئەو ساتەوەختەم بەتاڵ کردبۆوە. پاشەوپاش گەڕامەوەو بەهەمان رێگادا کەلێوەی هاتبووم چوومەوە نێو پەرستگاکە. پاش کەمێك وردبوونەوە لەسیمای گەورە کاهین کە لەو کاتەدا لەلەپی دەستە راستی خۆی دەڕوانی. بەکاوەخۆ پەرستگاکەم جێهێشت و پاش ئەوەی سەد مەترێك دوور کەوتمەوە، لەبەرخۆمەوە گوتم(تۆ بڵێی بەڕاستی سەد مەترێك لەپەرستگاکە دوورکەوتبێتمەوەو ئەوەی کە لەئێستاشدا دەیبینم خەون نەبێت؟!).

* * *

# ٥

بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو ئەڵقە ونەی کەئێستاو رابردووی یادەوەرییەکانمی پێکەوە گرێ دەدا، دەیان چەشن و جۆری حەکایەتی جیاجیام، لەخەیاڵی خۆمدا خولْقاندبوو، کەهەر هەموویان بەشێك بوون لەو حەکایەتە دوور درێژانەی داپیرەم، کە لەشەوەکانی زستاندا بۆی دەگێڕامەوە. هەمیشە حەکایەتەکانی لەهیچەوە دەستیان پێدەکردو لەهیچیشدا کۆتاییان دەهات، کەزۆر لەسەرگوزشتەو بەسەرهات و حەکایەتە راستەقینەکانی ژیانی من دەچوون.

داپیرەم پێش گێڕانەوەی هەر حەکایەتێك، فەقیانەکانی توند دەکردەوەو مێخەکبەندەکەی ملی بۆن دەکردو فێسەکەی سەری راست دەکردەوە، پاشان پریاسکەکەی دەردەهێنا، کەپڕبوو لەمووروی عەجایب و چەند پارچە زێڕو زیوو و یاقووتێك کە بەدرێژایی ساڵانی تەمەنی کۆی کردبوونەوە. دوای ئەوەی کە لەسەر دەستەسڕێکی ئاوریشمی گوڵ گوڵی هەڵیدەڕشتن، بەخێرایی دەکەوتە ژماردنیان، دواتر زۆر بەوردی لێیان ورد دەبۆوەو یەکەیەکەی مووروەکانی پیشان دەدام و بۆی وەسف دەکردم. سپییەکەیان مووروی رزق و زەردەکەیان مووروی



بەختەوەری و شینەکەیان مووروی چاوەزارو رەشەکەیان مووروی عەقڵ و قاوەییەکەشیان مووروی تەمەن درێژی بوو. پاش ئەوەی دەیخستنەوە نێو پریاسکەکە، ئایەتێکی دوورو درێژی بەسەردا دەخوێندن، زاری پریاسکەکەی توند شەتەك دەداو لەبەرکی کەواکەیدا هەڵیدەگرتن. ئیدی دەستی دەکرد بەگێڕانەوەی حەکایەتێکی نوێ، کەهیچ کامێکیان لەحەکایەتەکەی پێشووتری نەدەچوو. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەژیانیشدا بوو هیچ کاتێك حەکایەتی لێ نەبڕا، ئەمە جگە لەگێڕانەوەی سەرگوزشتەو ماجەرای ژیانی کەسانێکی ناودارو ناسراو.

جارێکیان باسی کەسایەتییەکی زۆر گرنگی ئەو شارەی بۆ کردم، کەساڵانێکی تەمەنم تێدا بردبووەسەر. پاش ئەوەی سەددجار خۆی کردە قوربانی ئەوزاتە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی(کوڕی خۆم، ئەو لەسەردەمی پێش بنیاتنانی ئەم شارەدا ژیاوە، لەودەمەدا شار تەنها یەك گچکە گەڕەك بووەو ناوی–مەلەکا–بووە. هیچ زاتێکی موبارەکی ئەم دنیایە هێندەی ئەو باڵابەرزو دەموچاو نورانی و سوورو سپی و دەست و زمان پاك و بەڕەحم و بەبەزەیی نەبووە. هیچ زاتێك وەك ئەو نەیتوانیوە لەزمانی تەیروتوو ئاژەڵ و دەعباو جانەوەرەکان تێبگات. ئەو لەژیانیدا گۆشتی هیچ گیاندارێکی نەخواردووەو تاك و تەنیا لەخانوویەکی نزیك جێنزرگەکەی ئێستایدا ژیاوە. تابڵێی خانوویەکی فەرەح و دڵگیری هەبووە، کەچواردەورەکەی

باخچەبووەو سەدان جۆرو چەشنی گولّو گولّزارو رووەکی دەگمەنی تێدابووە، جگە لەو درەختە بۆنداره جۆراوجۆرانەی کەباڵندەو تەیرو تووەکان هێلانەی خۆیانیان لەسەر چێ کردووە. باڵندەکان نەك هەر لەسەر عەردی حەوشەکە، بەڵکو لەسەر لەپی دەستە موبارەکەکانی بێ سڵەمینەوەو ترس، دانو هەرزنیان خواردووە. لەپشت خانووەکەشیەوە گەوڕێکی فراوانو گەورەی بۆ هەموو ئەو ئاژەڵە نەخۆشو سەقەتو پیرانە دروستکردووە کە لەڕای خوا لەخاوەنەکانی کڕیونەتەوەو لەسەربڕین قورتاری کردوون. دەگێڕنەوەو دەڵێن: لەیەکێك لەشەوە زۆر ساردو سامناکەکاندا زاتی موبارەکی گوێی لەدەنگی لوورەی گورگو دەنگی پێی کۆمەڵێ کارمامز بووە، کەچۆتە دەرێ کارمامزە تۆقیوەکانی لەسەری کۆڵانەکەدا بینیوە، کەنەیانزانیوە لەتاو ئەو گورگانەی کەوەدوویان کەوتوون چی بکەنو رووبکەنە کوێ. ئەویش بێ سێو دوو دەرگای حەوشەکەی بۆ خستوونەتە سەرپشت. هەروەك ئەوەی پێشتر کارمامزەکان ئەویان ناسیبێت، هەر یەکسەر ملیان بەرەولای ئەو ناوەو لەدەرگای حەوشەکەوە چوونەتە ژوور. پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە، گورگەکان گەیشتوونەتە ئاست دەرگای ماڵەکەیو چوار دەوریان داوە، بەڵام نەیانوێراوە لەوە زیاتر لێی بچنە پێشو لەپڕ بەخۆدا شکاونەتەوە. هەروەك ئەوەی دەنگێك لەناوەوە پێی گوتبێتن، نەکەن لەو زاتە بچنە پێش، هەربۆیە پاش ئەوەی ترووسکەی پەشیمانی لەچاویاندا



بریسکاوەتەوە، پاشەوپاش کشاونەتەوەو دواتریش زۆر بەخێرایی لەو ناوە دوورکەوتوونەتەوە، ئەو بۆساتێکیش لەبەردەم گەلەگورگەکەدا هەستی بەترس نەکردووەو هێدیو لەسەرەخۆ تێی روانیبوون. بەرەبەیان کارمامزەکانی بردۆتە نێو گەوڕەکەی دیوی پشتەوەی خانووەکەیو تا بەهارێ لەوێدا رایگرتوونو بەهەموو چەشنێك ئاگای لێیان بووەو باشترین جۆرە ئالیکێکیشی داونەتێ. ئەو لەدەستپێکی بەرەبەیانێکی باراناویداو سێ رۆژ پاش کردنەوەی ئاگری نەورۆز، هەموو کارمامزەکانی ئازادکردووە. هەموو ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ساتەوەختی ئازادکردنی کارمامزەکان بوونو لەوکاتەدا لەوێدا ئامادەبوون، بەهەڵوێستەکردنی کارمامزەکان پاش ئازادکردنیانو تێڕوانینیان لەڕووکاری ئەو سەرسام بوون. بەچاوی خۆیان فرمێسکی قەتیسماوی نێو چاوی یەکەیەکەی کارمامزەکانیان دیتووە. پاشان بەخێرایی دوورکەوتوونەتەوەو لەسەر نزیکترین تەپۆلکەیەك بەسالاچووترین کارمامزیان بۆ تاوێك هەڵوێستەی کردووەو چاوی بۆ گەڕەكو خانووەکەی ئەو گێڕاوە).

هەر کاتێك بەبەردەم مەزاری ئەو زاتەدا رۆیشتبام، سڵو سامێکی سەیر دایدەگرتم، پاشان بۆ ساتەوەختێك لەگۆڕەکەی ورد دەبوومەوە، کەهەمیشە کەسانێك بەدیارییەوە دەگریانو دەپاڕانەوە، جگە لەوانەی کە بەمەبەستی حاسڵبوونی رازو نیازیان، گچکە بەردێکی تایبەتییان بەکێڵی گۆڕەکەیەوە

دەنووساند. ئەو دەیان حەکایەتەی کەسەبارەت بەئەڵقە ونبووەکەی نێوان ئێستاو رابردووی ژیانم لەمێشکمدا خولْقابوون، تەنها یەکێکیانم لەهەموویان زیاتر بەڕاستتر دادەنا، کەدیاربوو ئەویش بۆخۆی چ بەشێكو چ دیوێکی دیکەی یەکێك لەحەکایەتەکانی داپیرەم بوو. پاش چەند جارێك گێڕانەوەو هێنانو بردنی لەنێو خۆمدا، زیاتر گۆڕانی بەسەردا هاتو دواتر بووە بەسەرهاتێکی لەو چەشنەی کەپێم وابوو هۆکاری هەڵهاتنمو گەیشتنە ئێرەم بێت. حەکایەتەکەم لەو ساتەوەختەوە دەستی پێدەکرد، کە بەڕێکەوت بوومە برادەری پیرەپیاوێکی ردێن سپی. پاش ساڵێك لەیەکتر ناسینمانو لەیەکێك لەڕۆژە هەرە خۆشەکانی بەهارێکدا گوتی(دەزانم عەودالّی دۆزینەوەی شتی سەیرو سەمەرەو عەجاییبیت! دەمێك بوو بەشوێن کەسێکی وەك تۆدا دەگەڕام، تا ئەو نهێنییەی کەدەیزانم نەیبەمە ژێر گڵو بەناکامی سەر نەنێمەوە. پێویستیش ناکات کەپێت بڵێمو لەوە ئاگادارت بکەم کەنابێت لەهیچ ئانو ساتێکدا ئەو نهێنییەی کەبۆتی باس دەکەم بیدرکێنیت!).

پاش ئەوەی وێنەیەکی دەستکردی دووکەڵەشێری لەزێڕ دروستکراوی لەگیرفانێکی خوارەوەی چاکەتەکەیدا هێنایە دەرو تاوێك لەبەرچاومدا رایگرت، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشاو بەدەنگێکی پڕ لەکەسەرو خەمەوە بەکاوەخۆی دەمی هەڵهێناو گوتی(ئەگەر لاقێکم هەر لەزگماکەوە سەقەت نەبایە، ئەوە دەمێك بوو ئەو دوو کەڵەشێرە لەزێڕ دروستکراوەم لەبیرە زۆر قووڵەکە



هێنابووە دەر. من تەنها نەوەیەکی ئەو بنەماڵەیەم کەپشتاو پشت لەزاتێکی موبارەکەوە ئەو دوو کەڵەشێرەمان بۆ ماوەتەوە. باپیرم سالآنێك لەمەوپێش لەسەفەرێکیدا بۆ شارۆچکەی (هاجوول) پاش شەکەتیو ماندووبوونێکی زۆر تینووی بووەو خۆی گەیاندۆتە لێواری ئەو بیرەی کە نەیزانیوە وشكو برنگە. ئیدی نازانم بۆ لەوکاتەدا هەردوو کەڵەشێرەکەی بەدەستەوە بووەو چۆن چۆنی لێی بەربۆتەوە؟!).

دوای ئەوەی دارشەقەکەی خستە ژێربالّیو خۆی گەیاندە لای ئەو مەرکانە ئاوەی کە لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا دانرابوو، جامێ ئاوی خواردەوەو درێژەی دایەو گوتی(جگە لەکەسێکی بنەماڵەکەی ئێمە، کەزۆر دەمێکە جگە لەمن کەسی تریان لەژیاندا نەماوە، یان کەسێك کە بۆخۆم رایسپێرم، هیچ کەسێك گەر بشچێتە نێو بیرەکە کەڵەشێرەکان نابینێتەوە، چونکە تەلیسمو سیحرێکی پەنهانو شاراوەی لەنێودایە. تەنها خاوەنەکەیو ئەو کەسەی کە لەلایەن ئەوەوە رادەسپێردرێت، دەتوانێت بیدۆزێتەوە. لەیەك کاتیشدا دەبێتە موڵکی کەسێکی دیو لەبەرچاوان غەیب نابێت، کەخاوەنەکەی بۆ خۆی بیکاتە دیاریو پێشکەشی ئەو کەسەی بکات). پاش ئەوەی جگەرەیەکی پێکردو مژێکی قووڵی لێدا، لەپڕ گوتی(دەزانم بەزەییت بەمندا دێتەوەو دڵنیاشم کە لەبەر من ئەو کارەی بەتۆ دەکرێت بەچاکی بەئەنجامی دەگەیەنیتو دەیکەیت). بۆ بەرەبەیانی رۆژی دوایی بەجێبێکی مۆدێل کۆن، کە بەکرێ

گرتبووی، هات بەشوێنمدا. پاش دوو سێ سەعات، گەیشتینە نزیك ئەو ڕێگەیەی کەدەچووە سەر بیرەکە. پاش ئەوەی شۆفێرەکەی ئاگادارکردەوەو پێی گوت(گەر بتوانیت لای کەپرەکەوە رابوێستە).

شۆفێرەکە جێبەکەی لەشوێنی دیاریکراودا ڕاگرت، گوریسە سەد مەترییەکەی کە لەگەڵ خۆی هێنابوو، پێکەوە لەبەشی پشتەوەی جێبەکەمان هێنایە خوار. پاش ئەوەی جێبەکە هەردووکمانی لای کەپرەکەی سەرەڕێ جێهێشت، پێکەوە ئەو ڕێگەیەمان گرتەبەر، کە دەچووە سەر بیرەکە، هێندەی نەبرد گەیشتینە لای بیرەکە. پێش ئەوەی گوریسەکە لەنێوقەدم ببەستێت، گوتی(ئەوەت لەبیرنەچێت کە مەحاڵە هەردوو کەڵەشێرەکە لەیەك کاتدا بدۆزیتەوە، دەبێت سەرەتا یەکەم کەڵەشێریان بدۆزیتەوەو گوریسەکە توند بەدەوریدا گرێ بدەیت. هەر پاش ئەوەی کەیەکەم کەڵەشێرم ڕاکێشایەسەر، سەرسام دەبیت بەوەی کە کەڵەشێری دووەمیش هەر بۆخۆی لەبن پێتدا کەوتووە، ئەو دەمە دەکرێت ئەویان لەهەگبەکەت بنێیت و پێکەوە بێنەسەر). سەرەتا سەرێکی گوریسەکەی لەنێوقەدم بەست و پاش ئەوەی توند شەتەکیدا، سەرەکەی تریشی ڕاکێشایە نزیك دارگوێزێکی بەساڵاچوو، کەتابڵێی بەرزو بڵندبوو. چەند جارێك بەدەوری قەدی دارگوێزەکەدا سووڕایەوەو تا پێی کرا زۆر بەچاکی گوریسەکەی لەقەدی دارەکە ئاڵاندو توند شەتەکیدا، پاشان گوتی(بێ ترس، بچۆرە



خواریێ). هەر کە گەیشتمە نێو بیرە وشكو برینگەکە، یەكێك لە کەڵەشێرەکانم دیتەوە، کەهەر دەتگوت تازە فڕێ دراوەتە نێو بیرەکە، چونکە خۆڵو دڕكو داڵو پووشو پەڵاشو تەبارەی وشکە گەڵای لەسەر نەنیشتبوو، لەکاتێکدا هەموو شوێنێکی بن بیرەکەیان پڕکردبوو. گوریسەکەم زۆر بەتوندی لەکەڵەشێرەکە بەستو پیرە پیاو تابڵێی بەهێواشیو لەسەرەخۆیی ڕایکێشایە سەر. چەند چاوەڕێم کردو لەبن پێی خۆم ڕوانی، کەڵەشێری دووەمم نەبینییەوە، بەناچاری کەوتمە لادانی تەبارە گەڵاو پووشو پەڵاشو دڕكو داڵی ئەو ناوە. کەزانیم بۆم نادۆزرێتەوە، هاوارم لەپیرەپیاوەکە کردو گوتم(کەڵەشێری دووەمم بۆ نادۆزرێتەوە! گوریسەکەم بۆ شۆڕکەرەوە، تابێمە سەرێو تەگبیرێکم بۆ بکەیت!) نەهیچ وەڵامێکی پیرەپیاوەکەم هاتەگوێو نەگوریسەکەشی بۆ شۆڕکردمەوە. تەنها بەگوریسەکەشدا دەمتوانی بچمەسەر، چونکە بیرەکە هێندە فراوان بوو کەنەدەکرا قاچو دەستم لەچوار دەوری بیرەکە گیربکەمو بەهەر حاڵێك بایە بچمەسەر. چەند سەعاتێك ئاوا بەدەستەوسانی دانیشتم، پاشان واهاتە پێش چاوم کە لەکاتی گەڕان بەشوێن کەڵەشێری دووەمدا لەژێر پووشو پەڵاشو تەبارەی گەڵاکاندا تاتە بەردێکم دیتبێ. بێ سێو دوو بەچنگ کەوتمە لادانی پووشو گەڵای ئەولایەی کەپێم وابوو تاتە بەردەکەم لەوێدا بینیبێت. زۆری نەخایاند، تاتە بەردەکەم دیتەوە، دەستێکم لێداو هەستم بەوەکرد کەژێرەکەی بۆشە،

گەرچی وام دەزانی، زۆر بەزەحمەت بۆم لادەبرێت، بەڵام زۆر بەئاسانی بەدەستمەوە هات و هەر بۆخۆی وەك دەركەیەك كرایەوە. رێڕەوە رێگایەكی دوورو درێژم كەوتە بەرچاو، كەكەمێك بەلاری بەژێر عەردەكەدا رۆدەچووە خوار. بەسكە خشكێ چوومە نێوی و پاش ماوەیەك هەستم بەتەسكبوونەوەی بەردەوامی رێڕەوەكە كرد، بەچەشنێك كەمەحاڵ بوو بكشێمە دواوەو بگەڕێمەوە بۆ زاری رێڕەوەكە. لەناكاو گەیشتمە ئاستێك لەتەسكی كەپێموابوو هاكا گۆڕەوشار دەدرێم، بەڵام باش بوو پاش هەوڵ و تەقەلایەكی زۆر كەمێك زیاتر چوومە پێش و خۆم لەبەردەم تاتە بەردێكدا بینییەوە، كە لەچوار دەورەكەیەوە تروسكایی رووناكییەك دەهاتە ژوور. پاڵێكم بەتاتە بەردەكەوە ناو خۆم لەنێو چاڵێكی كەمێك قووڵدا بینییەوە، زۆر بەئاسانی بەلایەكی چاڵەكەدا هەڵگەڕام كەدیاربوو بەمەبەست هێندەی جێبوونەوەی نووكە پێی زەلامێك تاسەر بەچەشنی پێپلیكانەیەك و بەشێوەیەكی رێكوپێك هەڵكەندرابوو. هەر كەگەیشتمە سەر قەراغی چاڵەكە، لەوە حاڵی بووم، كە گەیشتوومەتە نێوەڕاستی شارۆچكەیەك. پاش ئەوەی چەند شەقاوێكم هاویشت و سەیرێكی دەوروبەری خۆمم كرد هەستم بەوێستانی هەموو شتێكی نێو شارۆچكەكە كرد، هەر لەپەلەوەرو باڵندەو ئاژەڵەكانەوە تا دارو درەخت و نەمام و خونچەو گوڵەكانی نێو تەنها باخچەیەكی شارۆچكەكە، كەوەك ئەوەی لەبەرد دروستكرابێتن، ئاوا لەبەردەم ئەو رەشەبایەدا



راوێستابوون كە لەو دەمەوە هەڵیكرد كە من روانیمە باخچەكە. خەڵكی شارۆچكەكە هەرهەمووی لەماڵ هاتبوونە دەرو پێكەوە بەچەشنی پەیكەرێكی بێ جووڵە لەئاسمانیان دەڕوانی. گەرچی وەك ئەوان سەرم هەڵبڕی و لەئاسمانم روانی، بەڵام جگە لەتەمێكی سپی كەهێندەی فراوانی و گەورەیی شارۆچكەكە پانتاییەكی ئاسمانی داگیركردبوو، هیچی دیكەم نەبینی. شارۆچكەكەم جێ هێشت و پاش یەك دوو سەعاتێك لەڕۆیشتنی بەردەوام خۆم لەپاڵ شەش كەسی دیكەدا بینییەوە كە بەبێ پسانەوەو وەستان دەڕۆیشتن. نازانم بۆ لەو ساتەوەختەدا واهات بەئەقڵمدا كە بەهیچ شێوەیەك لێیان دانەبڕێم و بۆ كوێ چوون لەگەڵیان بچم! بەماوەی حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت رۆژو حەوت سەعات هەر حەوتمان گەیشتینە گچكە شارێكی نزیك دەریایەك. هێندەمان خۆش بوو تاپێمان نایە نێو گچكە شارەكەوە، وەك حەوت نەخۆش بەپیرمانەوە هاتن و هەر یەكسەر بردیانینە نێو باشترین خەستەخانەیەكی شارە گچكەكەیان و بۆ ماوەی دووساڵ نەیانهێشت لەوێ بچینە دەرو تێكەڵی كەس ببین. زۆر بەوردی رۆژانە فەحسیان دەكردین و لێمان وردەبوونەوە، شەش سەعات جارێك دەرزییان لێ دەداین، چوار سەعات جارێكیش دەبوو چنگێ حەب و دەرمان بخۆین، كەجارجارە چەشن و شێوەكانیان بۆ دەگۆڕین. سێ ژەمە هەمان چەشنە خۆراكیان دەداینێ، كە بەدرێژایی دووساڵ هیچ نەگۆڕابوو. پاش ئەوەی دووساڵی رەبەقمان لەوێدا بردەسەر،

لەنیوە ڕۆژێکدا کاتێک یەکێک لەکارمەندە کچەکانی نەخۆشخانەکە، سەروسینییەك ژەمە خۆراکی دووبارە بۆوەی، لەپاڵ سیسەمی هەر یەکێکماندا دانا، کەدەبوو بەردەوام لەسەری رابکشێین. ڕوومکردە کارمەندە کچەکەو گوتم(بۆ سێ ژەمە، هەمان چەشنە خۆراکمان دەدەنێ؟). لەوەڵامدا گوتی(لەبەرئەوەی دەرمانێکی زۆر گرنگ لەسەر هەر حەوتتان تاقی دەکرێتەوە، هەربۆیە دەبێت باشترین جۆرە جۆراکتان بدرێتێ). پێمگوت(باشە هیچ جۆرە خۆراکێکی لەوەی ئێستا باشتر نییە، تابماندەنێ؟!). بەسەرسووڕمانەوە گوتی(باشترین چەشنە خۆراك لای ئێمە ئەو گۆشتەیە کەسێ ژەمە دەتاندەینێ). گوتم(باشە ئەو گۆشتە، گۆشتی چ گیانداریێکە؟!).

بەپێکەنینەوە گوتی(بۆ تائێستا بەتامەکەیدا نەتزانیوە کەگۆشی چ گیانداریێکە؟!). بەخێرایی وەڵامم دایەوەو گوتم (نەخێر!). لەوەدابوو کەوەڵامم بداتەوە کاتێك یەکێك لەو دکتۆرانەی بەڕێکەوت بەبەردەمی دەرگاکەدا ڕەت بوو زۆر بەتووڕەییەوە بانگی کردو پێی گوت(تائێستا چەند جارم پێ گوتویت کەنابێت نەخۆشەکان ناڕەحەت بکەیتو لەگەڵیاندا بدوێیت).

ئەو نیوەڕۆیە، هیچ کامێکمان هیچیمان پێ نەخوراو ماوەیەکی دوورو درێژ بەبێدەنگی لەیەکترمان ڕوانی. گەرچی تەنها یەك وشەش لەزاری هیچ کامێکمانەوە نەهاتەدەر، بەڵام زۆر بەئاسانی لەنیگاو تێڕوانینەکانی یەکتر حاڵی بووینو



دەمانزانی تەنها یەك ژەمی تر گۆشتی کوڵاوی ئەو دەعبایە دەخۆین. هەر کەتاریك داهات ئاگرێکمان لەیەکێك لەژوورە چۆڵو هۆڵەکانی خەستەخانەکەدا کردەوە، پاش ئەوەی چڕە دووکەڵ هەموو شوێنێکی تەنی، کەس ئاگای لەئێمە نەما، بەئاسانی لەدەرگای سەرەکییەوە چووینە دەر. تاپێمان کرا بەخێرایی لەو دەوروبەرە دوورکەوتینەوەو خۆمان گەیاندە نزیکترین بەندەرێکی گچکە شارەکە. لەنگەرگرتنی کەشتییەکمان بەهەل زانیو زۆر بەبێدەنگی یەك لەدوای یەك چووینە نێویو خۆمان لەبەشی خوارەوەیدا حەشاردا، کە بەپێپلیکانەیەکدا بۆی دەچووینە خوار. سەرەتا بێجگە لەئێمە کەسی تر لەکەشتییەکەدا نەبوو، پاش چەند سەعاتێك گوێمان لەتەپەی پێی حەوت هەشت کەسێك بوو کە بەلۆژەلۆژ چوونە بەشی سەرەوەی کەشتییەکە. پاش نیو سەعاتێك دەنگی وەگەڕخستنی کەشتییەکەمان هاتەگوێو هێندەی نەبرد کەشتییەکە لەجێی خۆی جووڵاو هێدی هێدی لەبەندەرەکە دوورکەوتەوە. دوو ڕۆژی ڕەبەق هیچمان نەخواردو تاپێشمان کرا لەشوێنی خۆمان نەجووڵاین، بەڵام ئیدی کەزانیمان لەوە زیاتر بەرگە ناگرین، یەك لەدوای یەك بەپێپلیکانەکەدا چووینە بەشی سەرەوەی کەشتییەکە. کە کاپتی کەشتییەکە ئێمەی بینی لەجێی خۆی ڕاچەنیو بەسەرسامییەوە کەوتە سەیرکردنی جلوبەرگی بەرمان. منیش وەك ئەو کەوتمە سەیرکردنی جلوبەرگی بەری خۆمو برادەرەکانم، پاش تاوێك

لەوەحاڵی بووم کە بەبێئەوەی بەخۆمان بزانین بەجلی تایبەت بەنەخۆشخانەکانی نەخۆشخانەکەی گچکە شارەکەوە هەڵاتووین، بەڵام ئەگەر زانیباشمان، مەحاڵ بوو جلوبەرگێکی دیکەمان وەچنگ بکەوێت، چونکە هەر کەسەرەتا گەیشتینە نەخۆشخانەکە جلوبەرگەکانیان پێ داکەندین و پاشان سووتاندیان. کاپتنەکە لەناکاو نەڕاندی بەسەر یەکێك لەکەشتییەوانەکانداو کەوتە سەرکۆنەکردنی لەسەر بوونی ئێمە لەکەشتییەکەدا. بەڵام پاش ئەوەی کەشتییەوانەکە بۆ تاوێك کاپتنی بردەلاوەو دوای نیوسەعاتێك لەچەندوچوون، تووڕەیی کاپتن رەوییەوەو بەبێدەنگی چووە نێو ژووره تایبەتییەکەی خۆی و بەدووربینەکەی ملی کەوتە تێڕوانینی دەریاکە. ئیدی لەو رۆژەوە کەس لاقەی نەکردین، پێنج مانگی نێو کەشتییەکەمان بەبێدەنگی بردەسەر، نەئەوان هیچ پرسیارێکیان لێ دەکردین و نەئێمەش زاتی ئەوەمان دەکرد لەگەڵیاندا بدوێین. رۆژانە تەنها یەك جار نان و ئاویان دەداینێ، راپەڕاندنی هیچ جۆره ئیشوکارێکی نێو کەشتییەکە، ئەگەر زۆر گچکەو ساناش بایە، بەئێمەیان رانەدەسپاردو هەر بۆ خۆیان پێی هەڵدەستان. هەر لەسەرەتاوە گومانم لەبێدەنگییەکەیان پەیداکردبوو، دەمزانی لەپشت ئەو بێدەنگییەیانەوە مەرام و نیازێکی شاراوە خۆی حەشارداوە!. ئەوەی کەلێی دەترسام پاش پێنج مانگ و سێ رۆژ روویدا. ئەوەبوو لەئێوارەی دواڕۆژی مانەوەماندا دوای ئەوەی پاپۆڕێك لەکەشتییەکەمان نزیکبۆوە، کاپتنی پاپۆڕەکە



بەپەیژەیەکی لەگوریس دروستکراودا کە لەلایەکی کەشتییەکەمانەوە شۆڕ ببۆوە، خۆی گەیاندە نێو کەشتییەکەمان و چووە لای کاپتنی کەشتییەکەمان. پاش کەمێك مشتومڕو گفتوگۆ، کاپتنی پاپۆڕەکە سەفتەیەکی پارەی لەبەرکی دەستەڕاستی چاکەتەکەی دەرهێناو دایە دەست کاپتنی کەشتییەکەمان. ئیدی هەردوای ئەوە پێش خۆی ناین و بەپەیژەکەدا چووینە نێو پاپۆڕەکە، کەژمارەیەکی زۆر کەشتییەوانی تێدابوو. ئەوەبوو هەر یەکسەر پاپۆڕەکە بەرەو دوورگەی (سین) کەوتەڕێ، نازانم لەڕێگا بۆ هەموو برادەرەکانم جگە لەمن جلکەکانی بەریان داکەندو بەڕووت و قووتی دانیشتن. هەر کەگەیشتینە دوورگەکە، هەر شەش برادەرەکەمیان بەپەلە بردە نێو کۆیلەکان و لەو رۆژەوە کەسیانم نەبینییەوە. رەنگە هەر بەزوویی رەنگیان گۆڕدرابێت و دەمووچاویشیان وەك دەموچاوی ئەوان ژەنگی لێ نیشتبێت!. هەر لەسەرەتاوە پاسەوانەکان منیان جیاکردەوەو بەپەلە یەکێکیان چوو بەشوێن کاهینەکاندا، دوو کاهین پاش تاوێك بەخۆشحاڵییەوە بەرەولای من هاتن و زۆر بەگەرمی لەئامێزیان گرتم. کەبەرەو پەرستگاکە کەوتینەڕێ، سەرنجی جلوبەری کاهینەکانم دا، هەر کتوومت لەجلەکانی بەرم دەچوو!.

*        *    *

لەهەموو شوێنو جێگەیەکی دوورگەی (سین)دا چاوم بۆ سەعاتێك دەگێڕا تاوەکو تێی بڕوانمو لەوکاتو ساتەی تێیدام ئاگاداربم، بەڵام پاش پێنج ساڵیش لەمانەوەم تاکە سەعاتێکم نە لەدەستی هیچ کەسێکداو نە بەهەڵواسراویش بەهیچ کامێك لەدیوارەکانەوە نەبیندووە. تاریفی کاتەکان لەدوورگەکەدا بە(بەیانیو چێشتەنگاوو نیوەڕۆو پاش نیوەڕۆو ئێوارەو شەوو بەرەبەیان) دەکراو دەناسرا. ڕۆژەکانیش بەپێی ڕۆژژمێرێکی سەیرو عەجایب دەناسرایەوە، کە هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، نەشمدەزانی چۆن چۆنی دەزانن کامە بۆنەو مەراسیم دەکەوێتە چ ڕۆژێکەوە؟! ئەستەمی زانینی کاتو ساتەکان، زۆرجار وای لێدەکردم، خەون بەدەنگی لێدانی سەعاتە چاڵمەکەی ماڵی باپیرمەوە ببینم، کە لەداڵانەکەدا هەڵیانواسیبوو. بەمنداڵی چەند حەزم دەکرد دەرگا شووشەییەکەی بترازێنمو دەستێك لەبەندۆڵەکەی بدەم، بەڵام تا باپیرمو داپیرەم لەژیاندا بوون ڕێیان پێنەدام، پاش ئەوانیش زاتی ئەوەم نەکرد دەستی لێبدەم.

هەموو کەلوپەلو شتومەکێکی نێو ماڵەکەی باپیرم وەك خۆی مایەوە، تاوەکو بەمەبەستی دیتنی ئەو ڕووبارەی کەعەزیاکەی تێدا دەژیا لەڕۆژێکدا جانتاکەم پێچایەوەو بۆ هەفتەیەك ماڵەکەم



جێهێشت! لەئێوارەیەکی باراناویدا پاش ئەوەی بەناکامیو بەبێ دیتنی ئەو ڕووبارەی عەزیاکەی تێدا دەژیا گەڕامەوە. بێباکانە چوومە نێو کۆڵانەکەی ماڵی باپیرمو لەکاتێکدا کەپێم وابوو لەبەردەرکەی خانووەکەی باپیرمدا ڕاوەستاوم، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم لەبەردەرکەی خانوویەکی دیکەی کۆڵانەکەدا ڕاوەستابووم. بەبێ ئەوەی کە دەرکەکە لێبدەم، یەکێك دەرکەکەی ترازاندو گوتی(چیت گەرەکە؟). لەوەڵامدا گوتم(خانووەکەی باپیرم بۆ نادۆزرێتەوە!). دەمی هەڵهێناو گوتی(تۆ کێی؟! ماڵی باپیری چی؟!). وەڵامم نەدایەوەو بەپەلە خۆم گەیاندە سەرسووچی کۆڵانەکەو کەوتمە لێدانی دەرگای ماڵی پیرەژنە مردوو شۆرەکە، کە بۆ خۆی تەرمی داپیرەمی شووشتبوو. دەرگاکەی لێکردمەوەو گوتی(پەنا بەخوا، دیسان کێ مردووە؟!). لەوەڵامدا گوتم(خەمت نەبێت، کەس نەمردووە). نەیهێشت لەوە زیاتر بڵێمو گوتی(ئەدی بۆچی هاتوویت؟). بە لەسەرەخۆیی گوتم(داپیرە، تۆ من دەناسیت، وەنییە؟!)

بەسەرسامییەوە گوتی(ئەدی!). پاش ئەو وەڵامەی داپیرە، ئاهێکم پێدا هاتەوەو پاشان گوتم(بەمەبەستی دیتنی ئەو ڕووبارەی کەعەزیاکەی لەنێودایە، تەنها بۆ ماوەی هەفتەیەك خانووەکەی باپیرم جێهێشت، بەڵام ئێستا دەبینم خانووەکەی باپیرم لەشوێنی خۆیدا نەماوە! یان ڕەنگە خانووەکەی لەشوێنی

خۆیدا بێتو من پێم نەدۆزرێتەوە! کەمێك لەمەوپێش شتێکی سەیر روویدا، لەکاتێکدا پێموابوو لەبەردەرکی خانووەکەی باپیرمدا راوەستاوم، بەبیٚ ئەوەی بەخۆم بزانم، لەبەردەرکەی خانوویەکی دیکەی کۆڵانەکەدا راوەستابووم. ئەمە جگە لەوەی ئەو کەسەی دەرکەی دەرێی ترازاند بەهیچ کامێك لەهاوسێکانمان نەدەچوو. گەرچی دڵنیاشبووم لەوەی کە لەگەڕەکەکەدا بەهەڵەدا نەچووم، بەڵام دیتنی ئێوە دەهێندەی تر دڵنیای کردم، چونکە شوێنجێگەی خانووەکەتان، بۆ من سەنگی مەحەکە، کەهەرگیز لەیادم ناچێتەوە، بەتایبەت کەداپیرەم پێش چەند رۆژێك بەرلەوەی بمرێت، لەوە ئاگاداری کردبووم کەهەرکاتێك مرد، ئێوە ئاگادار بکەم. گەرچی شوێنجێگەی خانووەکەی ئێوەشم دەزانی، بەڵام دەیان جار شوێنجێگەکەی بۆ وەسفکردم، هەروەك ئەوەی تەنها چەند مەترێك لەخانووەکەی باپیرمەوە دوور نەبێت!). پاش ئەوەی کەدڵنیابوو لەوەی کەهیچی تر ناڵێم، بەدەنگێکی سۆزاوییەوە گوتی(منو داپیرەت، وەك خوشکی یەکدی وابووین، هەر کە بەبەردەمی دەرکەکەمدا تێپەڕبایە، بێگومان گەر بەسەرپێشەوە بایە، هەواڵێکی هەر دەپرسیم، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار بەتایبەت دەهاتە لامو پێکەوە باسی سەردەمی جحێڵیی خۆمانمان دەکرد، بەڵام من هەروەك بۆخۆت دەزانیت، مردوو شۆری حەوت گەڕەکم، بۆیە



بەدرێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ هەر هێندەم پێکرا چەند جارێك بەسەردانی بچمەلای، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیان جار مردووی ئەم دراوسیٚو ئەو دراوسێی ئێوەم شووشتووەو داپیرەشتم بەم دەستانەی خۆم شووشتووەو هەر بۆخۆشم کفنم کردووە. جا بۆیە ناکرێت لەشوێنجێگەی خانووەکەتاندا بەهەڵەدا بچم. کەنگیٚ خانووەکەی ئەنگۆ لەم کۆڵانەدا بووە، کەتۆ باسی دەکەیت. سەیرە بەهەفتەیەك بنیادەم شوێنجێگەی ماڵی باپیری خۆی لەبیردەکا، نازانم چ شتێك بەو رادەیە سەری لیٚ شێواندوویت؟! هەروەك ئەوەی نابەڵەد بیتو نەزانیت، ماڵی باپیرت دەکەوێتە بەشی ژوورووی گەڕەکەکەمانو حەوت کۆڵانی بەینە، لەگەڵ ئەم کۆڵانەی کەتۆ پێتوایە، کۆڵانەکەی ماڵی باپیرت بێت. ئەمە جگە لەشتێکی زۆر گرنگ کە لەبیرم چوو هەر لەسەرەتاوە پێت بڵێم، خانووەکەی باپیرت لەکۆڵاندا نییە وەك هەر ریزە خانووەکەی بەشی ژووروی گەڕەکەکەمان بەرەکەی بەرەلایەو روو لەپێدەشتە). هێندە پەشۆکامو رەنگو رووم گۆڕا، بەپەلە پیرەژن جامێك ئاوی بۆ هێنامو دایە دەستم، ئاوەکەم بۆ نەخورایەوەو هەر بەپڕی جامەکەم دایەوە دەستی. بەبێدەنگی بەردەرکەی ماڵی پیرەژنم جیٚ هێشتو بەدەر لەویستی خۆم، یەکە یەکەی قسەکانی لەمێشکمدا دەزرنگانەوە، بەچەشنێك کە بەبیٚ ئەوەی مەبەستم بوو بێت، خۆم لەپێدەشتە بەربەڕەلاکەی

بەردەمی ماڵی باپیرمدا بینییەوە، کە بەمنداڵی زۆرجار هەلوکێن و توول تووڵێنم تێداکردبوو.

هەر کەگەیشتمە ئەوێ، لەناخەوە پێکەنینم بەخۆم هات و لەبەرخۆمەوە گوتم(باش بوو هەموو خەڵکی کۆڵانەکەم لەخۆم کۆنەکردەوەو نەمکردە قاو! هەر زۆر بەڕاستی، لەو کۆڵانەدا بەشوێن خانووەکەی باپیرمدا دەگەڕام؟! ئەگەر دەرکەی ماڵی پیرەژنم لێ نەدایەو بەجوانی گوێم لەقسەکانی نەگرتبا، رەنگە ئێستاش بەمەبەستی دۆزینەوەی خانووەکەی باپیرم هەر لەو کۆڵانەدا گەڕابام!).

جانتاکەم دا بەشانداو لەدەرکەی دەرەوەی خانووەکەی باپیرمەوە چوومە ژوور، کە جانتاکەم کردەوەو دەفتەرە هەزار لاپەڕەییەکەی باپیرم و جلکە سەربازییەکانیم بینی، ئەوە بەخەیاڵمدا هات گەر پاش سەفەرێکی تر بکەوێتە بەر رێم و ناچاربم بەوەی بۆی بچم، لەگەڕانەوەمدا ئەگەر بەڕاستیش خانووەکەی باپیرمم بۆ نەدۆزرێتەوە رەنگە زۆر گرنگ نەبێت بەلامەوە، چونکە گرنگترین شتێك کە لەوەوە بۆم جێمابوو، دەستێ جلی سەربازیی و دەفتەری یادەوەرییەکان و سەعاتەکەی بەرباخەڵی بوو، کە بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم هەرسێکیانم لەجانتاکەمدا هەڵگرتبوو. پاش وچانێکی کەمخایەن، کەوتمە تەماشاکردنی گشت کەلوپەل و شتومەکێکی نێو ماڵەکەی باپیرم،



بەشێکی زۆریم نەکەوتە بەرچاوو چەندیش بۆیگەڕام نەمدۆزییەوە. هەر کەسەعاتە بەرباخەڵەکەی باپیرم لەکاردەکەوت، پێکەوە دەچووینە گچکە دوکانێکی سەعات چاککردنی نێو گوزەری زەڕەنگەران، کەدەکەوتە بنەبانی ئەو ژێر زەمینەی بۆنی گازو بەنزین و کادیۆم و زیووی تواوەی لێدەهات. هەر کە بەژێر زەمینەکەدا گوزەرمان دەکرد، دەنگی خڕەخڕی ئامێری تەڵیکردنی زێڕو مسی زەردو چرکە چرکی پرێسی لەقاڵبدانی چەقالەی گۆبەرۆگ و گۆی پلێلە بێزاری دەکردم. پێش ئەوەی بگەینە گچکە دوکانەکە بەناچاری دەبوو لەگەڵ باپیرمدا لەهەموو چەشنە کارو پیشەیەکی زەڕەنگەران بڕوانم، بەتایبەت ئەو کاتانەی کەکاریان دەکرد. بەتەماشاکردنی گڕوشەوقی ئاگری ئەو ئامێرەی کەزەڕەنگەرەکان لەسەر ئەزبێزێکی سپی پارچە زێڕەکانیان بەو پێیەی کەدەیانویست بەهۆی ئەوەوە پێکەوە دەنووساند، هەردەم چاوم دەچووزایەوە، هەربۆیە زیاتر دەمڕوانییە ئەو هەمبانە لەچەرم دروستکراوەی کەپەیتا پەیتا بەپێ گوشاریان دەخستەسەر. پاش ئەوەی دەمانڕوانییە هەموو ئەو جۆرو چەشنەکارانەی لەگوزەرەکەدا بەئاشکرا دەکردرا. دەچووینە ئەو گچکە دوکانەی کەهەردەم سەعاتەکەی باپیرمی تێدا چاك دەکرایەوە. هەر کەخاوەنی دوکانەکە باپیرمی دەبینی بەرزە پێ لەبەری هەڵدەستاو

بەپیرییەوە دەهات. وەك هەمیشە، کەباپیرم لەسەر کورسییە دارینەکەی نێو دوکانەکە دادەنیشت، ڕووی دەکردە خاوەنی دوکانەکەو دەیگوت(بلەجوو، پێموایە تاکە جوویەك لەم شارەدا مابێت، ئێوەبن!). گەرچی خاوەن دوکانەکە، زمانی تەتەڵەی دەکرد لەکاتی قسەکردنداو زۆر بەزەحمەت دەدوا، بەڵام هەرچۆنێك بایە وەك هەمیشە لەوەڵامی ئەو دێرە دووبارەبۆوەی باپیرمدا دەیگوت(بابم تا مردیش باسی چاکەو پیاوەتی ئەو زەمانەی ئێوەی دەکرد، دەزانم ئەگەر ئەنگۆ نەبانایە ئەوە بابی منیش وەك هەموو ئەوانەی کەشار بەدەرکران لەو دەمەدا، شار بەدەر دەکراو وەکی وان ماڵو موڵکی زەوت دەکراو ڕەوانەی شوێنێکی دیکە دەکرا). هەموو کاتێك باپیرم دوای ئەو وەڵامە دووبارە بۆوەی بلە جوو، چاوەکانی ئاویان تێدەزاو پاشان پڕ بەسییەکانی هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەمژی. ئیدی دواتر بلەجوو، خەریکی چاککردنەوەی سەعاتەکەی باپیرم دەبوو. هەر کە لەچاککردنەوەی دەبۆوە، دەیدایە دەست باپیرم. باپیریشم یان یادەوەرییەکی کۆنی خۆیو بابی بلەجووی دەگێڕایەوە، یان پاش خوداحافیزی دوکانەکەی جێدەهێشت. هەردەم پاش چاککردنەوەی سەعاتەکەی بەختەوەرییم لەچاوەکانیدا دەبینییەوە، بەڕادەیەك کامەرانو خۆشحاڵ دەبوو کەهەرچییەکی لەوکاتەدا لەدەست هاتباو بۆی کرابا، بۆی دەکردم. جگە لەوەی



لەوکاتانەدا هەر پرسیارێکم بەخەیاڵدا هاتباو لێم پرسیبا، ئەگەر مەبەستیشی نەبا بەڕاستی وەڵامم بداتەوە، وەڵامێکی وای بۆ دادەتاشی کەپێی قایل ببم.

لەیەکێك لەئێوارەکاندا پاش ئەوەی گچکە دوکانەکەمان جێهێشت، بەباپیرم گوت(باشە بۆ منتان ناوناوە موسا؟!).

باپیرم پاش کەمێك پەشۆکانو سەرسامبوون بەپرسیارەکەم، دەستێکی خستە سەر شانمو گوتی(چ پێویست دەکات بپرسیت، جگە لەوەی بۆ خۆت دەزانیت، هەرکەسێك کە لەدایك دەبێت ناوێکی لێ دەنرێت، تا پێی بناسرێتەوەو بانگ بکرێت).

هەر پاش وەڵامەکەی زۆر بەلەسەرەخۆیی گوتم(بەڵام مامۆستای مێژوو، ئەو پرسیارەی لێکردوومو ئەگەر ڕاستو ڕەوان وەڵامی نەدەمەوە، ئەوە سفرم لەوانەی مێژوودا بۆ دادەنێ، ئەمە بێجگە لەوەی کەپرسیاری ئەوەشی لێکردم کەموسا کێ بووەو لەچ سەردەمێکدا ژیاوەو چ کارە بووە). باپیرم پاش کەمێك تێفکرین گوتی(سەبارەت بەوەی کەبۆ ناوم ناویت موسا، ڕەنگە تەنها لەبەرئەوە بووبێت، کەخۆشەویسترین هاوڕێیەکم ناوی موسا بوو، یان ڕەنگە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە بەدرێژایی ژیانم ناو موسام پێ خۆش بووە، هەربۆیە چ باوکتو چ پاش مەرگیشی تۆم ناو نا موسا. دەرهەق بەوەش موسا کێ بووەو لەچ سەردەمێکدا ژیاوەو چ کارە بووە،

راستییەکەی منیش زۆری لەبارەوە نازانم، هێندەی بیستوومە یەکێك بووە لەکەسە ناودارەکانی شاری (هۆرا) جا لەبەر هۆیەکی نەزانراو شارەکەی خۆی جێهێشتووە، سالأنێکی دوورو درێژ بەپێیان رۆیشتووەو گەیشتۆتە دارستانی چیای زاگرۆ. پاش ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ لەوێدا ژیاوە، لەشەوێکدا خەونی بەڕزگارکردنی کۆیلەکانی دوورگەی (جالۆ)وە بیندووەو گوێی لەدەنگێك بووە کەپێی گوتووە(لەسەر دەستی تۆ کۆیلەکانی دوورگەی (جالۆ) رزگاریان دەبێت، هەربۆیە دەبێت بەزووترین کات خۆت بگەیەنیتە ئەویٚو بەدەستی خۆت کۆتایی بەژیانی دەسەلأتداریی دوورگەکە بهێنێت. دەبێت توند هەردوو دەستت لەبینەقاقای گیربکەیتو تا دەخنکێت بەری نەدەیت. تۆ لەم ساتەوە هەڵبژێردراوی ئەو کارە پیرۆزەیت).

بەیانی کەوەخەبەر دێت، خۆی بەتەنیا لەنێو کەشتییەکی چارۆکەداردا دەبینێتەوە. پاش ساتەوەختێکی کەمخایەن، کەشتییەکە دەگاتە کەناری باکووری دوورگەی (جالۆ) هەر کەپیٚ دەنێتە سەر خاکی دوورگەکە، بەڕێکەوت بەردێك کە لەوکاتەدا لەلایەن کەسێکەوە تووڕ هەڵدەدرێت، بەر سەری دەکەوێتو دەبوورێتەوە. کە بەئاگادێتەوە، ئەوەی لەیاد دەچێتەوە کەبۆچی هاتۆتە ئەو دوورگەیەو ئیشوکاری لەویٚ چییە؟ بەڕێکەوت دەبێتە نزیکترین برادەری دەسەلأتداری دوورگەکەو سالأنێکی تەمەنی



لەکۆشکەکەیدا دەباتەسەر. پاشان لەیەکێك لەڕۆژە هەرە گەرمەکانی دوورگەکەدا، کتێبێکی زۆر گەورەو قورسی سەر بەرزترین رەفەی یەکێك لەکتێبخانەکانی یەکێك لەپەرستگاکان دەکەوێت بەسەریداو هەموو ئەو شتانەی کەپێشتر لەیادی چوبۆوە وەیادی دێتەوە. هەر کە دەسەلأتداری دوورگەکە دەبینێت، دەست دەداتە بینی و لەوەدایە کەبیخنکێنێت، کاتێك دەست و پێوەندەکانی لەدوا ساتدا فریای دەکەون. دەسەلأتداری دوورگەکە پاش ئەوەی دێتەوە سەرخۆی، لەجێی ئەوەی کەهەر یەکسەر لەملی بدات بەپاسەوانەکانی دەڵێت سەرەتا نان و ئاوێکی باشی بدەنیٚ و بەبیٚ ئەوەی ئەزیەتی بدەن، هەر بەزیندوویێتی بیخەنە نێو تابووتێکەوەو سەرەکەی باش بنێتەوەو چوار دەوری بزمار رێژ بکەن، پاشان فڕێی بدەنە نێو رووبارەکەوە. ئیدی ناشزانم ئەو رووبارە لەنێو دوورگەکەدا بووە، یان لەشوێنێکی تردا بووەو بەتایبەت تابووتەکەیان بۆئەویٚ بردووە). ئەوەی باپیرم سەبارەت بەموسا بۆی باس کردبووم، پاش چەند رۆژێك هەر کەمامۆستای مێژوو پێی نایە نێو پۆلەکەمانەوە، بیٚ سیٚ و دوو کەوتمە گێڕانەوەی ئەوەی کەبیستبووم. تاقسەکانم تەواوکردو هەموو ئەوەی کەدەمزانی بیٚ کەم و زیاد بۆم گێڕایەوە، هیچی نەگوت. پاشان بۆ تاوێك دایە قاقای پێکەنین و دواتر گوتی(دەبێت باپیرت پێی رابوواردبیت و

گاڵتەی بەئەقڵت کردبێ! ئەگینا بێجگە لەتۆ، هەموو کەس دەزانێت کەموسا لەهیچ ئان و ساتێکدا پێی نەناوەتە سەرخاکی هیچ دوورگەیەك و هیچ کاتێکیش نەخراوەتە نێو تابووتەوە. تەنانەت گومانیش لەوە دەکرێت کەمردبێت، چونکە بۆ دواجار بەسەر چیایەکدا هەڵزناوەو ئیدی بۆ هەتا هەتایە نەگەڕاوەتەوە. موریدەکانی بەمەبەستی بینینەوە پاش هەفتەیەك لەنەگەڕانەوەی بەچیاکەدا هەڵزناون و جگە لەدار عەساکەی هیچ شتێکی دییان نەبینیوەتەوە).

گەرچی مامۆستای مێژوومان زۆر بەدڵنیاییەوەو بۆ چەند جارێك هەروەك ئەوەی کە بەڕاستی وابووبێت هەمان سەرگوزشتەی موسای دووبارە کردەوە، بەڵام سەیر لەوەدابوو کەهیچ گومانێکی سەبارەت بەقسەکانی باپیرم لا دروست نەکردم!. مامۆستای مێژوومان تا کۆتایی وانەکەمان کۆڵی نەدا لەدووبارەکردنەوەی قسەکانی پێشووی، هەر کەزەنگ لێیدا، پۆلەکەی جێهێشت و بەبێزارییەکەوە بەپێپلیکانەکانی بەردەم پۆلەکەماندا سەرکەوتە سەر. کەچاوێکم بەسەرتاپای پۆلەکەماندا گێڕاو روانیمە سەرجەم قوتابییەکان، هەستم کرد بێ هەست و خوست، وەك کۆمەڵێك جەستەی مۆمیاکراو پێکەوە لەخاڵێکی بنمیچەکە دەڕوانن.

*　　*　　*



بەبۆنەی یادی ساڵڕۆژی مەرگی (شەهمون)ەوە لەپێنجەمین ساڵی مانەوەمدا، چاوم بەسەیرترین کەشێك کەوت، کە بەپێی بڕیارێکی (کڕاڵ) لەو ساڵەدا دەبوو بەو چەشنە یاد بکرێتەوە. هەر لەبەیانی ئەو رۆژەدا بۆ یەکەمجار گوێم لەدەنگی دەهۆڵ بوو لەنێو دوورگەکەدا کە بەئیقاعێکی سەربازی لێدەدرا. بەخێرایی خۆم گەیاندە گۆڕەپانەکە، کۆیلەکان هەریەکەی زنجیرێکیان بەدەستەوە بوو، بەڕیزو بەیەك لەدوای یەك چاوەڕێ بوون. کاهینەکانی پێش (کڕاڵ) گەیشتنە گۆڕەپانەکە هەندێکیان لەپشت سەکۆکەو ئەوانەی دیکەش لەپێش سەکۆکەدا ریزیان بەست، هەر لەسەرەتاوە دەفە گەورەکانی دەستیان سەرنجی راکێشام.

پاش ئەوەی هەموو پاسەوانەکانی نێو گۆڕەپانەکە کە بەشێوەیەکی بڵاو وەستابوون و لەهەموو لایەکەوە چوار دەوری گۆڕەپانەکەیان دابوو، چەند جارێك پێیان لەعەرد کوتی، (کڕاڵ)و دەست و پێوەندو پاسەوانە تایبەتییەکانی گەیشتنە نێو گۆڕەپانەکە. پاش ماوەیەك (کڕاڵ) خۆی گەیاندە سەر سەکۆکە، چەند جارێك پەنجەکانی دەستی تەقاند، پاشان لەبەر کەوتە گوتنی وتاری تایبەت بەو رۆژە، کە بەزەحمەت تۆنی دەنگی خۆی

بۆ گڕ دەکراو زیاتر تۆنێکی لەرزۆك و زیقاوڵەو جارجارە نووساو دەکەوتە گوێم. (کڕاڵ) بۆ شاردنەوەی تۆنی شێواوی دەنگی زوو زوو ئاماژەی بۆ پاسەوانە دەهۆڵ لێدەرەکان دەکرد، تاوەکو توندترە لەدەهۆڵەکان بدەن!. گەورە کاهین بەمەبەستی ڕزگارکردنی (کڕاڵ) لەو بارە ناهەموارەی کەتێی کەوتبوو، هەر بۆخۆی و بەبێ ئەوەی کە(کڕاڵ) پێی بڵێت، بەدەنگێکی بەرزو تۆنێکی قەڵەوو گڕ کەوتە قسەکردن، بەڵام ئەو دەستپێشکەرییەی (کڕاڵ)ی زۆر شپرزەو شێواو کرد، کە لەبزواندنی پەیتا پەیتای قامکەکانیدا وەدەر دەکەوت. یەکێك لەکاهینەکان کەئاگاداری ئەو حاڵەتە نائاساییەی (کڕاڵ) بوو لەگەورە کاهین چووە پێش و شتێکی بەگوێدا چرپاند. گەورە کاهین هەر یەکسەر تۆنی دەنگی خۆی گۆڕی و هێندەی ناسك و باریك کردەوە کەزۆر لەتۆنی شێواوی دەنگی (کڕاڵ) خراپتربوو. هەر کە(کڕاڵ) دەنگی گۆڕدراوی گەورە کاهینی بەرگوێ کەوت، کەمێك هاتەوە سەرخۆی و بڕێك ئارام بۆوە. گەورە کاهین لەکۆتایی قسەکانیدا گوتی(هەروەك لەسەرەتاشدا گوتم ئەم بڕیارە نوێیەی (کڕاڵ)ی گەورەو مەزنمان، ئیلهامێکی بێوێنەی دنیابینی و دڵسۆزییەتی دەرهەق بەو کەڵە پیاوەی کە ئەم دوورگە وشك و برنگەی ئاوەدان کردەوە. ناکرێت ساڵڕۆژی مەرگی(شەهموز)مان لەیاد بچێت، دەبێت لەڕۆژێکی ئاوادا کەشێکی وای بۆ بخوڵقێنن کەهەتا



هەتایە لەیادمان نەچێتەوە. ئەی کۆیلە بێدەنگەکانی دوورگەی (سین)، دەبێت لەمڕۆدا دەنگی خۆکوتین و لەخۆدان و لێدانی زنجیرە قەوییەکانی دەستتان، بگاتە ئەو شوێن و جێگەیەی کەڕۆحی (شەهموز)ی تێدا شادو سەرفرازە.

دەبێت لەسەد لاوە خۆتان زامدار بکەن و خوێنی وەستاوو گەنیوتان بڕژێتە سەر خاکی دوورگەکەی شەهموز، تاوەکو لەناوەوە پاك ببنەوەو لەجەستەتاندا خوێنی نوێ بجمێت. ئێمە شەیدای ئەم دوورگە سیحراوییەی ئەوین، لەئاست ئەودا گچکە بنیادەمین، ئێمە گوێڕایەڵی حیکمەتەکانی (شەهموز)و وتە پیرۆزەکانی (کڕاڵ)ی مەزنین. ئەی کۆیلە کورتە باڵاکانی دوورگەی (سین)، گەرچی نکۆڵی لەمەزنی (شەهموز)ی قارەمان ناکرێت، بەڵام ئەگەر ئەویش نەبایەو لەو سەردەمەدا دوورگەکەی نەدۆزیبایە، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەم سەردەمەدا لەلایەن (کڕاڵ)مانەوە دەدۆزرایەوە!!. ئەی کۆیلە چاو خەواڵووەکانی دوورگەی (سین)، هەر کەگوێتان لەدەنگی دەفەکانمان بوو دەبێت حاڵ بتانگرێت و بەچەشنێك لەخۆتان بدەن کەتا ئێستا نەك هەر لەدوورگەکەماندا، بەڵکو لەدنیادا نەبیندرابێت و نەکرابێت). هەر کە گەورە کاهین قسەکانی تەواوکرد، کاهینە دەف بەدەستەکان، کەوتنە لێدانی دەفەکانیان، بەچەشنێك دەنگی دەهات کەئیقاعی دەنگی دەقی دەروێشەکانی ئەو شارەی وەبیر دەهێنامەوە کەجێم

هێشتبوو. دەنگی زنجیری دەست کۆیلەکان، ئەو دەمەی کەبەر پشت و سنگ و سکیان دەکەوت تا دەهات دەنگی لێدانی دەفەکانی دەشاردەوە، پاش ماوەیەك بێجگە لەدەنگی زنجیرەکان، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهاتە گوێم. کۆیلەکان تادەهات توندتر زنجیرەکانیان بەپشتی خۆیاندا دەدا کەهەر دەتگوت دەمێکە چاوەڕێی رۆژێکی وان. پێنەدەچوو هیچ ئازارێکیان پێ بگات، بەڵکو لەگەڵ هەر وەشاندنێکی زنجیرەکەی دەستیان بڕێك زیاتر چاوە ساردو سڕەکانیان دەگەشایەوەو دەمووچاوی ژەنگگرتوویان رەنگی دەگۆڕا، پێدەچوو لەناخەوە چێژێکی سەیرو ئەفسووناوی لەو چەشنە ئەشکەنجەدانەی خۆیان وەربگرن و حەزیان بەتەواوبوونی نەبێت. پاش تەواوبوونی مەراسیمی شین و لەخۆدانی کۆیلە نێرینەکانی بەشی خۆرئاوای دوورگەکە، (کڕاڵ)و دەست و پێوەندو پاسەوانە تایبەتییەکانی، خۆیان گەیاندە بەشی خۆرهەڵاتی دوورگەکە.

کاهینەکانیش پاش ماوەیەك بەچەند بەلەمێك لەڕووبارەکە پەڕینەوەو خۆیان گەیاندە ئەوبەری رووبارەکە، دواجار من و یەك دوو پاسەوان کەجێ مابوون، چووینە نێو بەلەمێکی لەوانەی تر گچکەترو بەبێ سەوڵلێدان گەیشتینە ئەوبەری رووبارەکە. هەر کەگەیشتمە گۆڕەپانی خۆرهەڵاتی دوورگەکە، چاوم بەکۆیلە مێینەکان کەوت کەهەریەکەیان بەوێنەیەکی مام ناوەندی (کڕاڵ) سنگ و مەمکی خۆیان داپۆشیبوو، بەڵام پێش ئەوەی بکەونە



قژڕنین و سنگ کوتان، راهیبەکان یەکە یەکە وێنەکانی (کڕاڵ)یان کۆکردەوەو خستیانە نێو سندووقێکی تایبەتی رازاوە بەنەخش و نیگار. قژڕنین و سنگ کوتانی کۆیلە مێینەکان، زۆر لەدیمەنی بەزنجیر لەخۆدانی کۆیلە نێرینەکان کاریگەرتر بوو بەلامەوە، هێندەی نەبرد سنگ و مەمکی خۆیان شین و مۆرکردەوەو زۆربەی تاڵە قژەکانی تەپڵە سەری خۆیان رنی. بێدەنگ دەگریان و ماسولکەکانی دەموچاوان بەچەشنێك گرژ دەبۆوە کەهەر دەتگوت هاکا دڵیان دەتەقێت و دەمرن. دەنگی ئیقاعی دەف راهیبەکان لەنێوەوە گڕی دەدان و پێدەچوو کەبیانەوێت داخ و کەسەرو زووخاوی چەند ساڵەی ژیانیان بەقژڕنین و سنگ کوتین بەتاڵ بکەنەوە. (کڕاڵ) گەرچی لەپشت ماسکەکەیەوە سیمای دیار نەبوو، بەڵام بەچەشنی جۆری وەستان و هۆگری و ئارامییەکەیدا پێدەچوو زۆر بەکەیف و خۆشحاڵ بێت. کە مەراسیمی یادکردنەوەی ساڵڕۆژی مەرگی (شەهموز) کۆتایی پێهات، هەموو شتێکی نێو دوورگەکە گەڕایەوە بۆ باری ئاسایی خۆی و بێجگە لەچەندان پەڵە خوێنی تێکەڵ بەئارەقەی جەستەی کۆیلەکان هیچی دیکە لەسەر خاکی هەردوو گۆڕەپانی دوورگەکە جێ نەما.

*    *    *

# ٦

کە شەو داهات، چەندان پەڵە خوێنی تێکەڵ بەئارەقەی جەستەی کۆیلەکان، کە لەسەر خاکی هەردوو گۆڕەپانی دوورگەکە جێ مابوون، بەهێوریی بوونە چەندان باڵندەی باڵ خوێناویی دەندووك درێژی چاو گەورە، پاش ئەوەی بەشپرزەیی لەهەموو شتێکی نێو دوورگەکەیان روانی، یەك لەدوای یەك لەشەقەی باڵیانداو فڕین. لەئاسمانی دوورگەکەدا بۆ تاوێك وەك گەردەلوولێك بەدەوری خۆیاندا هەڵسووڕان و پاشان لەبەرچاومدا ونبوون و نەمان. نازانم بۆ لەوکاتەدا باڵندەکانی شارۆچکەیەکی نزیك ئەو شارەم وەبیرهاتەوە، کەپێشتر تێیدا ژیابووم. پێش ئەوەی باڵندەکانی ئەو شارۆچکەیە، هەرهەموویان پێکەوە لەڕۆژێکی بەهاردا تەنگەنەفەس ببن و بخنکێن، چەند جارێك بەمەبەستی دیتنیان خۆم گەیاندبووە شارۆچکەکە کەتەنها لەیەك ڕێگەوە دەکرا بچیتە نێوی. یەکەمجار کەویستم خۆم بگەیەنمە ئەوێ، بەوپێیەی نابەڵەد بووم، بەئاسانی ئەو ڕێگەیەم بۆ نەدۆزرایەوە کە تەنها ڕێگەیەکی چوونە نێو شارۆچکەکە بوو. سەرەتا بەسێ چوار ڕێگەی تردا ڕۆیشتم. پاش ماوەیەکی



دوورودرێژ، هەستم بەوە دەکرد، ئەو ڕێگەیەی پێیدا هاتووم ناچێتەوە سەر شارۆچکەکە، ئەوەبوو دواتر کەوتمە دووی چەرچییەك کەپێم وابوو بۆ شارۆچکەکە بچێت و باش بوو بەهەڵەدا نەچوو بووم و بەماوەیەکی کەم گەیشتمە نێو شارۆچکەکە. هەر کەبەمەبەستی تەماشاکردنی دەوروبەری خۆم، سەرم هەڵبڕی و یەکێك لەباڵندەکانم بینی، نەك هەر بەدیتنی پەشۆکام، بەڵکو بڕێك ترس و خۆفیشی لا دروستکردم. ئیدی پاش ئەوەی لەزۆر شوێن و جێگەی شارۆچکەکەدا دەیان باڵندەی لەو جۆرو چەشنەم کەوتە بەرچاو، هێدی هێدی لەسەرەخۆتر کەوتمە سەیرکردنیان. هەر یەکێك لەباڵندەکان دوو هێندەی مرۆڤێکی ئاسایی باڵاو قەڵافەت و قەبارەیان هەبوو، بەڵام سەرباری گەورەیی و درێژییان زۆر بەئاسانی هەڵدەفڕین و ئاسمانی شارۆچکەکەیان تەی دەکرد. بەمەبەستی زانینی شوێنی مانەوەو هێلکەکردنیان پرسیارم لەپیرترین پیرەژنێکی شارۆچکەکە کرد، کەپرچی هێندە درێژ بوو بەناچاری بەدووی خۆیدا رایدەکێشا. گەرچی سەرەتا پێدەچوو گومانی لەپرسیارەکەم هەبێت و نەیەوێت وەڵامم بداتەوە؟! بەڵام پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تێی روانیم و بەقامکە وشك و رەقەکانی چەند جارێك سەری خووراندم، دەستی گرتم و هێدی هێدی بردمییە نزیك گەورە قەڵایەکی دێرینی دەرەوەی سنووری

شارۆچکەکە، کەدیوارەکانی بەحەوت رەنگ بۆیە کرابوون. هەرکەچوومە نێو قەڵاکە، ژمارەیەکی زۆرم لەو باڵندانە کەوتە بەرچاو، کەتەنها یەکێکیان لەسەر یەك هێلکەی زۆر گەورەی رەنگ خۆڵەمێشی کڕکەوتبوو.

لەگەڵ ئەوەی گەورەییەکەیان ئینسانی دەتۆقاند، بەڵام لەڕاستیدا زۆر بەستەزمان و بێزیان بوون، بێجگە لەوەی کەدەکرا زۆر بەئاسانی و پاش کەمێك تێڕوانین، حوزن و ماتەمێکی سەیرو نائاسایی لەچاوەکانیاندا ببینیت. بەڕۆژ هیچ جۆرە دەنگێکیان لێوە نەدەهات، تەنها کەشەو دادەهات، هەر هەموویان بەدەنگێکی نزیك لەدەنگی مرۆڤ و بەڕیتمی ئاوازی حەیرانێکی دێرین تا رۆژ دەبۆوە چریکەیان دەهات. بۆ یەکەمجار کە بەشەو لەشارۆچکەکەدا مامەوە، گەرچی گرمە گرمی هەورو گڤەگڤ و لوورەی رەشەباو باو بۆران، دەبوونە رێگری گوێگرتنم لەباڵندەکان، بەڵام پاش ئەوەی بۆ چەند جارێك گوێقوڵاغی هەمان ئاوازی دووبارە بۆوەی باڵندەکان بووم، دەنگێکی هاوچەشنی ئەو دەنگەم وەیاد هاتەوە کە لەیەکێك لەکۆڵانە دێرینەکانی ئەو شارەی پێشتر تێیدا ژیابووم و بەڕێکەوت لەئێوارەیەکی پاییزدا کەمن و (نەوا) هێدی هێدی بەرەو لای کۆنترین باڵەخانەیەکی کۆڵانەکە هەڵدەکشاین، لەناکاو هاتە گوێم. کە روانیمە دەستە راستی کۆڵانەکە کچێکی لاسووتاوی بەر پەنجەرەیەکی بەنایلۆن



گیراوم بینی، گەرچی لێوو قوڕگ و زاری نەدەبزواند، بەڵام پێدەچوو ئاوازەکە لەقووڵایی ناخی ئەوەوە بێتەدەر. دەنگی تەقینەوەی بۆمبایەك کەمێك رایچڵەکاندم، تەماشای (نەوا)م کرد، کەکەمێك لەسەرووی باڵەخانەکەوە چاوەڕێی دەکردم. کە بۆ دووەم جار روانیمە پەنجەرەکە کچەکەم نەبینییەوە. دەنگێکی هێندە کاریگەر بوو، کە لەوەو بەدوا نەدەکرا لەمێشکی خۆمی بسڕمەوەو لەیادی خۆمی بەرمەوە. هەرکاتێکیش زۆر خەمبار بوومایە لەبەرخۆمەوە دەکەوتمە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگەی کەپێدەچوو بەسەرهاتی وڵاتێکی دابەشکراوو سەرگوزەشتەی شارێکی خاپوورکراوو حەکایەتی هەموو مرۆڤێکی داماوو کلۆڵ بگێڕێتەوە.

تەماشەیەکی ئاسمانی دوورگەکەم کردو بۆ ساتێك پێموابوو تارمایی چەندان باڵندەی شارۆچکەکە، لەئاسمانی دوورگەکەدا دەفڕن. کەگەڕامەوە بۆ نێو پەرستگاکە، خۆم گەیاندە لای گچکە ژوورێکی لاچەپەکی لەتەختە دروستکراو، کەناوەوەی بەتەپەدۆر رووکەش کرابوو. ژوورێکی تایبەت بوو بەو کاهینانەی کەدەچوونە خەڵوەتەوە. دەرگای لەدار ساج دروستکراوەکەیم کردەوەو چوومە ژوورێ، دەمویست لەوێدا کەمێك لاسایی دەنگی باڵندەکانی شارۆچکەکە بکەمەوەو گەر بۆ ساتێکیش بێت، وەك ئەوان ئاوازی حەیرانە دێرینەکە بچڕم. بەڵام ئەو دەنگەی

لەقوڕقوڕاگەمەوە هاتەدەرو بیستم زارەتەرەك و پەشۆكاوی كردم، چونكە نەك هەر بەدەنگی خۆم نەدەچوو، بەڵكو زۆر گەورەو گڕو بگرە ترسناك و ناقۆڵا بوو. دیار بوو گەورە كاهین هەرچەندە ژوورەكەشی زۆر دوور بوو، لەو گچكە ژوورەی كەچوو بوومە ناوی گوێی لەدەنگم ببوو. هەربۆیە زۆر بەخێرایی گەیشتە لام و بەسەرسامییەوە گوتی(ناشێت ئەو دەنگە گەورەو قەوی و عەجاییە، لەقوڕقوڕاگەی تۆوە هاتبێتە دەر). لەوەدابوو كەوەڵامی بدەمەوە، كاتێك بۆخۆی دەمی هەڵهێناو گوتی(ئەگەر دەتوانیت كەمێك بخەوە!).

كەڕۆژ بۆوە، گەورەكاهین بەڕاڕەوە نهێنییەكەدا، منی لەگەڵ خۆیدا بردە نێو كۆشكەكەی (كڕاڵ) كەزۆر جوداو جیاوازبوو لەو ڕاڕەوە نهێنییەی كەپێموابوو پێشتر لەخەونێكمدا پێیدا ڕۆشتبێتم و لەوێوە خۆم گەیاندبێتە نێو كۆشكەكە. بێجگە لەوەی كەنێو كۆشكەكەش زۆر لەوە جوداو جیاوازتر بوو كەپێشتر لەخەونەكەمدا بیندبووم.

پاش ئەوەی لەگەڵ گەورە كاهیندا بەپەیژەیەكی لەدار دروستكراودا چووینە نێو چاڵێكی زۆر قووڵ، كەدەكەوتە بەشی دواوەی پەرستگاكەو هێندەی پانتایی دە كاشییەك سەرەكەی واڵا بوو، لەوێوە بەپێپلیكانەیەكی هەزار خانەییدا چووینە نێو گەورەترین هۆڵێكی كۆشكەكە، كە لەجێی باخچە داخراوەكە



حەوزێكی گەورەی تێدابوو، كەژمارەیەك لەكچۆڵە سەماكەرو كەنیزەكەكانی كڕاڵ لەنێویدا گەمەیان دەكردو تریقەیان دەهات. لەوێشەوە چووینە نێو ژووری ئاژەڵە مۆمیاكراوەكان، بێجگە لەنموونەی دەیان چەشن و جۆری خەنجەرو شمشێرو مەتاڵ و گورز، هیچ شتێكی دیكەی تێدانەبوو. لەهەمووشی سەیرتر، كتێبخانەكە بوو كە لەجێی پێنج كتێبەكەو ئەو وێنانەی (كڕاڵ) كەرەفەكانی پێ پڕكرابۆوە، سەدان دەرپێ و ژێركراس و گۆرەوی و مەمكدان و پێڵاوی ژنانە لەڕەفەكاندا دانرابوون. گەورە كاهین كە زانی زۆر بەوردی و ئەوپەڕی سەرسامییەوە دەڕوانمە هەموو ئەو شتانەی لەنێو رەفەكانی كتێبخانەكەدا دانراوە. بەدەنگێكی نەوی و نەرم گوتی(دارۆ، ئێمە كاتی ئەوەمان نییە، لەهەموو شتێك خووردببینەوە! جگە لەوەی كە رەنگە نەزانیت بۆ كارێكی زۆر گرنگ تۆم هێناوەتەوە ئێرە. هەرئەوەندەی لەو دەرگایەی دەستە راستەوە چووینە دەرێ، خۆمان لەنێو گرنگترین ژوورێكی كۆشكەكەدا دەبینینەوە، كەئەویش ژووری تایبەت بەخەوتن و حەوانەوەی (كڕاڵ)ـە). هێندەی نەبرد، چووینە نێو ژووری تایبەتی (كڕاڵ)، سەرەتا پزیشكێكی كەمێك بەتەمەنم بینی، كە بەئامێرێكی تایبەت فەحسی نێو زارو قوڕقووڕاگەی كەسێكی دەكرد، كە بەبێ هۆشی لەسەر سیسەمێكی گەورەی لەدار دروستكراوی بەزێڕو زیوو نەخشێنراو راكشابوو.

یەکەمجار دەموچاوی کەسە راکشاوەکەم بەتەڵخی هاتە بەرچاو، بەڵام پاش ئەوەی لێی نزیك بوومەوە پارچەیەك بەزو دووگی پەنماوو هەڵئاوساوم بینی، کەسیٚ قات غەبغەبە لەژێر چەناگەیەوە تاوەکو سەرسنگی داهاتبووە خوار. بەئەستەم دووچاوو خاڵێکی گچکەم لەنێو بەزو دووگەکەدا بۆ جوداکرایەوە، بەڵام چەند لێی وردبوومەوەو گەڕام کەپوو و گوێچکەکانیم بۆ نەدۆزرایەوە، تەنها شتێکی دیار لەدەموچاویدا دەمە زلەکەی بوو. بەپزیشکەکەم گوت(ئەمە کێیە؟!).

هەروەك ئەوەی گوێی لێم نەبووبێت، چووە لای ئەو مێزە رەشەی دەکەوتە لای تاکە پەنجەرەیەکی ژوورەکەوەو ئەو جانتایەی کردەوە کە لەسەر مێزە رەشەکە دانرابوو. پاش ئەوەی چەند ئامێرێکی پزیشکی لەجانتاکە هێنایە دەر، گەورە کاهینی بانگ کردە لای خۆی و چەند شتێکی بەگوێدا چرپاند. گەورە کاهین دوای ئەوەی چەند جارێك سەری بۆ پزیشکەکە لەقاندو دەستێکی خستە سەرشانی. زۆر بەهێمنی بەرەو لای من هات، نازانم بۆچی، بۆ تاوێك هیچی نەگوت و وەك من کەوتە تەماشاکردنی پزیشکەکە، کە تادەهات ئامێرێکی تری لەنێو جانتاکە دەهێنایە دەرو ئامێرەکەی کەپێشتر دەریهێنابوو دەیخستەوە نێو جانتاکە. لەوەدابوو، بۆ جارێکی تر بڕوانمە دەموچاوی کەسە راکشاوەکە. کە بەدوو قامکی موویەکی سپی



نێو سمێڵمی هەڵکێشاو پاشان هەر وەك ئەوەی شتێکی زۆر گرنگم پیشان بدات، چەند جارێك بەبەرچاومدا هێنای و بردی. دواتر گوتی(ئەگەر نەختێك بەوردی تەماشای کەسە راکشاوەکەی سەر سیسەمەکەت کردبا، هەر بەهەیبەتیدا دەتزانی کەخودی کڕاڵ خۆیەتی!). لەبەر خۆمەوە گوتم(تۆ بڵێی هەر لەزگماکەوە دەموچاوی وابووبێت؟!).

پزیشکەکە دوای ئەوەی بەیەکێك لەو ئامێرانەی لەجانتاکەی دەریهێنابوو، بۆ جارێکی تر قوڕگی (کڕاڵ)ی فەحس کرد. رووی کردە گەورەکاهین و گوتی(باش بوو هەر بۆ خۆی لەهۆش خۆی چوو، ئەگینا نەیدەهێشت ماسکەکەی لابدەم و فەحسی نێو قوڕگی بکەم). گەورەکاهین، هەروەك ئەوەی یەکێك پێی گوتبێت، بەپەلە دەستی دایە ماسکەکەی (کڕاڵ) کە لەسەر مێزەکە دانرابوو. پاشان زۆر بە لەسەرەخۆیی کردییە دەمووچاوی (کڕاڵ). دوای ئەوەی پزیشکەکە سەری(کڕاڵ)ی بەرزکردەوە، گەورەکاهین، لاستیکی ماسکەکەی لەپشتە سەری(کڕاڵ) قایمکرد. ئینجا گەورەکاهین، بەچرپە بەپزیشکەکەی گوت(نازانم بۆ دەنگی، بەیەکجاری وای لێهات و گەیشتە ئەم حاڵەی ئێستا. تۆ بڵێی چاك نەبێتەوەو دەرمانێك بۆ دەردەکەی پەیدا نەکرێت!؟). پزیشکەکە، پاش ئەوەی بەدەستەڕاستی کەمێك سەر لووتی خوراند. لەوەڵامدا گوتی(حەز دەکەم ئەو راستییەت پیٚ

بڵێم، کە تێکچوون و شێوانی دەنگی(کڕاڵ) پەیوەندیی بەتێکچوونی ناسروشتییانەی هۆرمۆنەکانی لەشییەوە هەیە. دیارە سەرەتا وەك دەبینن، دەنگی دەگۆڕێت، بەڵام پاش ماوەیەك، زۆر ئۆرگانی تریشی گۆڕانی بەسەردا دێت).

گەورەکاهین، بەشپرزەییەوە گوتی(مەبەستت چییە؟!).

پزیشکەکە، کەمێك زیاتر لەگەورەکاهین، چووە پێشێ و گوتی(مەبەستم ئەوەیە، ئەو گۆڕانکارییەی دووچاری بووە: تەنها لەم قۆناغ و دۆخەی ئێستایدا راناوەستێت). گەورەکاهین، پاش ئەوەی مووچووڕکێك لەکەڵەموستی پێیەوە تا تەپڵەسەری مێروولەی کرد، گوتی(باشە لەمە خراپتر چی تر ماوە؟!).

پزیشکەکە بەبێزارییەکەوە گوتی(نازانم بۆ تێناگەیت، گوتنی ئەوەی کەپێویستە پێت بڵێم، رەنگە ئاسان نەبێت! هەر باشیشە وەك ئێوە خەڵکی ئەم دوورگەیە نیم و هەر پاش ئەوەی کە(کڕاڵ) هاتەوە هۆش خۆی، دەگەڕێمەوە). گەورەکاهین، بەتووڕەییەوە گوتی(راشکاوانە، ئەوەی دەیزانیت، بیڵێ).

پزیشکەکە پاش کەمێك بێدەنگ بوون، دەمی هەڵهێناو گوتی(ئەو لەئێستادا، هەر بەتەواوی بۆتە نێرەمووك. خۆزیا هەر ئەوەندەش بایە، هێندە نابات هەموو خاسیەت و سیفاتێکی مێینەی بەزەقی تێدا دەردەکەوێت و بەماوەیەکی کەم، دەبێتە ژنێکی تەواو). گەورەکاهین، پاش ئەوەی ئەو دووسێ دێڕەی



لەپزیشکەکەوە بیست. بەواق وڕماوی ماوەیەك تێیڕوانیم و پاشان بەخەم و کەسەرێکی زۆرەوە گوتی(باشە چی بکەین؟! خۆمن وامدەزانی دەردو نەخۆشییەکی کاتییە و دوای ماوەیەك(کڕاڵ) وەك جارانی لێ دێتەوە. گەرچی پێشتریش لەسەرەتاوە تانیوەڕاستی وتارەکەی، دەنگی گڕی بڕی دەکرد! بەڵام هەرچۆنێك بایە لەئێستا باشتربوو. بەڵام وەك تۆ دەیڵێیت، مەسەلەکە لەدەنگدا نامێنێت و دەبێتە شتێکی تر. بەڕاستی شتێکی ترسناکە! رەنگە نەزانن، ئەم دوورگەیە پاش وتار خوێندنەوەیەکی(شەهموز)ی مەزن، ئاوەدان کراوەتەوە).

پزیشکەکە بەکاوەخۆ زاری بەش کردو گوتی(ئەی ناکرێت لەجێی ئەو کەسێکی تر، ببێتە...). گەورەکاهین، نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات و گوتی(بەپێی دەستووری دوورگەکەمان، کە لەلایەن (شەهموز)ی مەزنەوە دانراوە. ئەو کەسەی کەبۆی هەیە ببێتە (کڕاڵ)، یان دەبێت نەوەی خۆی بێت، یان ئەگەر رێگرێك هەبێت لەبەردەم بە (کڕاڵ) بوونی یەکێك لەنەوەکانیدا وەك تەمەن، یان حاڵەتێکی دەروونی، ئەوە لەو کاتەدا تەنها نەوەی خزمەکانی دەتوانن ئەو جێگەیە پڕ بکەنەوە. جا گرفتەکەی ئێمەش لەوەدایە،-دارۆ- تەنها نەوەیەکی(شەهموز)ە، کە ئێستا لەژیاندا مابێت! تاکە کەسێکیش بەخزمایەتی و پشتاوپشت دەچێتەوە سەر(شەهموز)ی مەزن، (کڕاڵ)ی

ئێستامانە، کەهیچ منداڵێکی نییە. ڕەنگە تاکە چارەسەرێکیش ئەوەبێت، کەتاسەر نەهێڵین کەس بەم وەزعەی(کڕاڵ) بزانێت. جگەلەوەی هەروەك پێشتر وام دانابوو تاچاك دەبێتەوە (دارۆ) لەجێی ئەو وتارەکانی بخوێنێتەوە. دیارە کەماسکەکەی (کڕاڵ)یشی کردە دەموچاوی پێموانییە کەس پێی وابێت کە(کڕاڵ).. ). پزیشکەکە بەتەوسێکەوە گوتی(بەڵام ئیدی (کڕاڵ) تا دوا هەناسەی ژیانی هەر بەو چەشنە دەمێنێتەوەو بەتەمای چاکبوونەوەی مەبە).

گەورە کاهین نەڕاندی بەسەریداو گوتی(دەزانم چاك نابێتەوە، مەبەستم ئەوەیە پێش ئەوەی گوێم لەقسەکانی تۆ بێت من خۆم ئەوە هاتبوو بەخەیاڵمدا کەتا چاك دەبێتەوە کەسێك لەجێی ئەو وتارەکان بخوێنێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی گوێم لەدەنگی (دارۆ) بێت، دەمویست کەسێکی دەنگ قەوی لەجێگەیەکی تری دنیاوە بهێنمە دوورگەکەو لەجێی (کڕاڵ) وتارەکان بخوێنێتەوە). پزیشکەکە بەسەرسووڕمانێکەوە گوتی(جگە لە(دارۆ)، لەدوورگەکەدا کەسێکی تر نەبوو؟! مەبەستم ئەوەیە، کە بۆ پێش ئەوەی گوێت لەدەنگی بێت، بیرت لەکەسێکی دەرەوەی دوورگەکە دەکردەوە، باشە هەر هیچ نەبێت لەناو خۆتاندا، مەبەستم لەکاهینەکانە، کەسێکی وات چنگ نەدەکەوت، کەڕۆژانە وتارەکانی پێ بخوێنیتەوە. جگەلەوەی گەر دارۆ تەنها نەوەیەکی



(شەهمون) بێت، وەك پێشتر گوتتان ئەی بۆ لەسەرەتاوە ئەوتان نەکردۆتە (کڕاڵ)، گەرچی ئێستاش نەچووە بچێ).

گەورەکاهین گوتی(سەبارەت بەوەی کەبۆچی (دارۆ)مان نەکردە (کڕاڵ)، حەکایەتێکی دوورو درێژەو ڕەنگە ئێستا کاتی گێڕانەوەیم نەبێت. دەرحەق بەوەش کە بۆ نەکرا، هیچ کاهینێك لەجێی (کڕاڵ) دابنێم، تا وتارەکانی بخوێنێتەوە، ڕەنگە نەزانن کەهیچ کاهینێك بێجگە لەخۆم بالأی هێندەی بالأی(کڕاڵ) نییە، ئەگەر ماسکیش لەدەموچاو بکەن زوو فەرقیان پێ دەکرێت و دەزانرێت. دیارە زلبوونی لەپڕی دەنگی (دارۆ) زۆر کاری تێکردم، بەڵام لەڕوویەکی دیشەوە بەبالأش هێندەی (کڕاڵ)ە، بگرە پان و پۆڕی شان و قەڵافەتیشیان لەیەك دەچێت. گەرچی منیش لەڕووی پان و پۆڕی شان و قەڵافەتمەوە شتێکی ئەوتۆم لەگەڵ (دارۆ) فەرق نییە، بەڵام بەوپێیەی کە لەزۆربەی بۆنەو مەراسیمەکاندا جگە لەوەی کەدەبێت لەشوێنێکی دیارو نزیك بە(کڕاڵ) رابوەستم و ببینرێم، دەبێت وتارێك یان چەند دێڕێك بۆ پشتگیری کردنی وتارو بڕیارەکانی ئەو بڵێم، بۆیە ناکرێت من ماسکەکە لەدەموچاو بکەم و ڕۆڵی ئەو ببینم، مەگەر.. ).

پزیشکەکە بەعاجبایەتییەکەوە گوتی(باشە ناکرێت وەك ئەو وڵاتەی کەمن تێیدا دەژیم کەس وتار نەخوێنێتەوەو زۆر بەڕۆتینی کاروبارەکانی ڕۆژانە بەڕێوەبچێت؟ لای ئێمە زۆربەی

خەڵکە رەشۆکییەکە هەر ناوی پاشای وڵات نازانێت و پێویستی بەزانینیشی نییە، ئیدی چ پێویست دەکات لەکات و ساتێکی دیاریکراودا کۆیلەکان لەئیشوکار بکەن و سەرقاڵی گوێگرتنیان بکەن، من تێناگەم، ئەمەچ سوودێکی هەیە؟!).
گەورەکاهین پاش هەڵوێستەیەکی کەم خایەن، کەپێدەچوو مەبەستی بێت، شێوازەیەکی گونجاو بۆ چەشن و جۆری قسەکانی بدۆزێتەوە، زاری بەش کردو گوتی(خزم و برادەرەکانی (شەهموز) پاش ئەوەی کە زارەترەك دەبن و ترس و خۆف دایاندەگرێت، ئەو دەمەی بەرۆخی رووبارەکەدا سەربەرەو ژوور دەکەونەڕێ، بەتایبەت ئەو دەمەی کەبیناییان لێڵ دەبێت، ئیدی کەپاشەو پاش بەفەرمانی (شەهموز) دەگەڕێنەوە دواوە، یەکێکیان بێ ورەیی و ترس و خۆف ناشارێتەوە. پێی وادەبێت کەدەبێت هەر لەگەڵ شەفەق کەوتنی رۆژی دوایی، دوورگەکە جێبهێڵن. بێگومان ئەگەر توانای وتاربێژی و سەلیقەی (شەهموز) لەوکاتەدا فریای نەکەوتباو وتارێکی زۆر گرنگی نەگوتبا، ئەوا بێشك هەموو خزم و برادەرەکانی بەرەبەیان بەهەر شێوەیەك بایە دوورگەکەیان جێدەهێشت و ئەویان بەتەنیا جێدەهێشت.
ئیدی پاش مەرگی شەهموزو هاتنە سەرحوکمی کوڕە تاقانەکەی بەڕەسمی وتار خوێندنەوە بووە سونەتێکی



هەمیشەیی و بەردەوامی ئەو کاتەو لەوەو بەدوای گشت (کڕاڵ)ەکانی دوورگەکەمان، باوەڕت هەبێت کەوتارە بەردەوام و یەك لەدوای یەکەکان هێندە کاریگەریی لەسەر کۆیلەکان هەیە کەپێم وانییە هیچ لێدان و ئەشکەنجەو تف و جوێن و تێهەڵدانێك ئەو کاریگەرییەی لەسەریان هەبێت. بەتایبەتی رەنگە ئێوە نەزانن ئەم کۆیلانەی نێو دوورگەکەمان لەشوێنێکی دیکەی دنیاوە هێنراونەتە ئێرەو لەتوخمێکی زۆر پیس و نەگریسی مرۆڤن. مەڕوانە بێدەنگی و گوێڕایەڵییان، ئەگەر وتارە دووروودرێژو بەردەوام و یەك لەدوای یەکەکان نەبووایە، ئەوە دەمێك بوو رەنگە هەر لەسەردەمی هاوردنیانەوە بۆ ئێرە دەستیان دابایەتە یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە.
دەبێت ئێمەی کاهین هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان وەگەڕبخەین بۆ پارێزگاریکردن لەپیرۆزترین رووبارێکی ئەم دنیایە، کەبێگومان لەودیو ئاست و شوێنێکی رۆخی رووبارەکەوە کەبینایمانی تێدا لێڵ و تەڵخ دەبێت و شتێك دەبێتە رێگری بینین و تەماشامان، بەهەشتێکی ئەزەلی و ئەبەدی هەیە، کەتەنها رێگەی چوونە ناوەوەی رۆحە بەهەشتییەکان دەدات. کاری هەمیشەیی و بەردەوامی ئێمەش پاراستنی پاکی و بێگەردیی ئەم خاکەیە کەپیرۆزترین

**رووبارێك بەنێوەڕاستیدا ڕەت دەبێت. دیارە دۆزینەوەی ئەم دوورگەیەش لەلایەن (شەهموز)ەوە گەرچی بەڕێکەوت دۆزراوەتەوە، بەڵام دیارە بێ حیکمەت و بێ مەڵامەت نییە، ئەوەی کە لەتۆشم دەوێت گەر وەك دەیڵێم جێبەجێی بکەیت، چیت بووێت لەگەوهەرو بەردی بەنرخ و شتومەك و کەلوپەلی عەجایب، ئەوە بەخۆشحاڵییەوە پێت دەبەخشم. گەرچی ئەوەی کە لەتۆم دەوێت، کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە کەتەنها بەتۆ ڕایی دەکرێت.**

**هەر کە(کڕاڵ) هاتەوە هۆش خۆی وای تێبگەیەنە گەر بۆ ماوەی چەند مانگێك لەجێگەدا بمێنێتەوە ئەوە بەتەواویی چاك دەبێتەوە. کەقەناعەتی کرد ئەو دەمە تەگبیری ئەوەی بۆبکە، تا چاك دەبێتەوە دەبێت کەسێکی دی بەبێ ئەوەی کەس بیزانێت لەجێی ئەو وتار بخوێنێتەوە. هەر کە هێندەت پێ گوت، ئیدی جڵەوی قسەکردن بۆ من جێبهێڵە). پاش ئەوەی (کڕاڵ) کەمێك دەستی بزواند، گەورە کاهین ڕووی تێکردم و گوتی(نازانم بۆچی تۆم لەگەڵ خۆم هێنایە ئێرە! بەهەر حاڵ ئێستا بەپەلە بچۆرە دەرێ و لەپشت دەرگاکەوە چاوەڕێ بە).**

*       *    *



**کەچوومە پشت دەرگاکە، هەستم بەماندووبوونێکی نائاسایی دەکرد، هەر دەتگوت سەرپاکی بیابانێکم حەوت شەوو حەوت ڕۆژ بەپێیان بڕیوە. ئەژنۆکانم بەچەشنێك ئازاریان دەهات کەزۆر خۆم بەپێوە بۆ ڕانەگیرا، لەپاڵ دەرگاکەدا دانیشتم و لاقەکانم لێ درێژ کرد. هەر کە لەژوورەکەی (کڕاڵ) هاتمە دەرێ و چوومە پشت دەرگاکە هەستم بەوەکرد، هەمان ئەو دەرگایە نییە کەپێشتر لەگەڵ گەورە کاهیندا لێوەی چووینە ژوور. بەرامبەر دەرگاکە، ڕاڕەوێکی تا بڵێی دوورو درێژو پان هەبوو، کە لەزۆر شوێنیدا حەوزی تایبەت بەماسی عەجایب و شووشەی سەرداخراوی پڕ لەدووپشك و مارو قرژاڵ و مشکی سپی و ڕۆبیان و کرمی ڕەنگاوڕەنگ و لوولپێچ دانرابوو. بێجگە لەشووشەیەکی زۆر گەورەی پڕ لەسەرەمێکوتە، کەخرابووە سەر مێزێکی بەرز.**

**هەموو ئەوەی لەڕاڕەوەکەدا کەوتە بەرچاوم، تاقیگەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بیرخستمەوە، کەدەکەوتە بەشی پشتەوەی قوتابخانەکەمان. پاش ئەوەی بەڕاڕەوێکی شێدارو تاریکدا دەڕۆیشتیت، دەگەیشتیتە بەردەم دەرگا زۆر بچکۆلەو نەوییەکەی کەدەبوو سەرو پشتی بۆ دانەوێنیتەوە تا بتوانیت بچیتە ژوور. مامۆستای بەرپرسی تاقیگەکە، هەردەم ڕیش و سمێڵی دەتاشی و بەردەوامیش سەدرییەکی سپی لەبەر دەکرد،**

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی دەوامی ڕۆژانەو تا لێدانی دوا زەنگی قوتابخانەکەمان، لەتاقیگەکەدا نەدەهاتە دەرێ. لەپشووەکاندا بەبێدەنگی دەچوومە نێو تاقیگەکەو تێم دەڕوانی، زۆربەی ئەو خشۆکانەی کەلێی داوا دەکردم و بۆم دەهێنا، لەمەنجەڵێکی گچکەدا دەیکوڵاندن، پاش ڕیشاڵ ڕیشاڵ بوون و داوەشانی گۆشتەکەیان سەرەتا ئێسکەکانی جیادەکردنەوەو دواتر هەریەکەیان بەجیا ئێسکەکانی پێکەوە دەنووساندن و پەیکەرە ئێسکی هەریەك لەخشۆکەکانی بەو چەشنە سەرلەنوێ دروست دەکردەوە. ئەو ڕۆژانەی کەدەبوو وانەی زیندەوەرزانی لەتاقیگەکەدا بخوێنین، زۆر بەپەلە خۆم دەگەیاندە ئەوێ و لەسەر یەکێك لەکورسییەکانی پێشەوەدا دادەنیشتم. هەر کەدەستی دەکرد بەقسەکردن زۆر بەسەرنجەوە تێم دەڕوانی و گوێم لێدەگرت، کەمێك باسی وانەی تایبەت بەخۆمانی دەکردو هێندەی نەدەبرد، وەك هەموو جارێك باسی زیندەوەرێکی سەیرو سەمەرەی بۆ دەکردین.

لەیەکێك لەئێوارە ساردەکاندا پاش ئەوەی وێنەی چۆلەکەیەکی لەسەر تەختە ڕەشەکە بۆ کردین، کەسەری بەسەرە مار دەچوو، بەکاوەخۆ دەمی هەڵهێناو گوتی(ئەگەر سەرنجی لەشی بدەن، بەتەواوی لەچۆلەکە دەچێت، بەڵام وەك دەبینن سەری بەسەرە مار دەچێت، دیارە هەر وەك ماریش دەگەزێت و ژەهرەکەشی لەژەهری ژەهراویترین چەشنی مار کوشندەترە.



گەرچی پێم وانییە لەئێستادا مابێت، بەڵام لەڕۆژگارێکدا لەهەموو شوێنێکدا هەبووەو کەوتۆتە بەرچاو. تەنانەت وەك دەگێڕنەوە، ژمارەیەکی بێ شووماریان لەپڕوپێکەوە بەچەشنی باران داباریونەتە سەر خەڵکی یەکێك لەوشارانەی کە چ خووڕەوشت و داب و نەریت و جلوبەرگیان وەك ئێمەیە، چ شێوەزاری ئاخافتنیان زۆر لەشێوە زاری ئاخافتنمانەوە نزیکە. ئیدی پێش ئەوەی ڕەشەبایەکی توند هەڵبکات، نیو بەنیوی خەڵکەکە دەکوژن، کەدیارە بەحوکمی لاوازیی باڵەکانیان ناتوانن لەکاتی هەڵکردنی ڕەشەبادا هەڵبفڕن. ناشزانم چۆن پێش وەخت هەر لەخۆیانەوە هەستی پێدەکەن و خۆیان لەپەناو پاسار دەنێن. هەر کەڕەشەباکە هەڵدەکات، لەبەدبەختی خەڵکی شارەکەدا، سوپای زرتە زەلامە ڕەش ئەسمەرەکان هێرش دەکاتە سەریان و بەماوەیەکی کەم هەموو نێرینەکانی شارەکە بەمنداڵی سەر بێشکەشەوە سەردەبڕن، پیرەژنەکان لەشارەکەدا جێدەهێڵن و کچ و ژنەکانیش لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە پایتەختی وڵاتەکەیان.

پاش ئەوەی جوانەکانیان دەدەنە سوڵتانی وڵاتەکەیان ئەوانەی دیکە لەبازاڕی کەنیزەك فرۆشتندا دەفرۆشن. مێچکەی چۆلەکەمارە، هێلکەکانی لەهەموو شوێن و جێگەو پەناو پاسارێکدا جێ دەهێڵێت، بەبێ ئەوەی لەسەری بخەوێت، بۆخۆی پاش دوو هەفتە دەترووکێت و بەچکەکەی بەماوەیەکی کەم وەك باوانی گەورە دەبێت. کیسەیەکی ژەهر، لەژێر

کەللەسەری هەر چۆلەکە مارەیەکدا هەیەو ئەگەر بۆماوەی یەك مانگ بەهیچ گیانداریێکەوە نەدات و ژەهرەکەی بەتاڵ نەکاتەوە، مردار دەبێتەوە. تەنها خۆراکێك کەهەفتەی یەکجار پێویستی بەخواردنێتی، دڕك و داڵ و گژوگیاو روەکی ژەهراوییە، کەدەبێت لەپێناو دۆزینەوەو چنگ هێنانی، دەیان کەژو کێوو ناوچەی دوورە دەست بگەڕێت. کەدیارە ژمارەیەکی زۆریان هەر لەڕێگادا مردار دەبنەوە.

لەناوچوونی چۆلەکە مارەش هاوکاتە لەگەڵ چاخی دۆزینەوەی لاستیك و بەکارهێنانی لەدروستکردنی دارلاستیکدا کەهەموو خەڵکی دنیا لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەو چەکە زۆر گرنگەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەهەموو جێگەو شوێنێکدا سەرقاڵی لەناوبردنیان بوون. جگەلەوەی هەر لەو سەردەمەدا چۆلەکەیەکی زۆر بچکۆلەی سەیری پەیدابووە، کەئیش و کاری گەڕان بەشوێن هێلکەی چۆلەکە مارەو دۆزینەوەی بووە. هەر پاش دۆزینەوەشی بەدەندووکە دەرزیلەییە زۆر باریکەکەی شیلەیەکی سەوزباوی رۆکردۆتە نێو و درەحاڵ گەشەکردنی سروشتی نێو هێلکەکەی راوەستاندووە. بێجگە لەوەی کەئەگەر بەچکەکەی نێوی هێندەی نەمابێت سەر لەهێلکە بهێنێتەدەر، یان لەیەکێك لەسووڕەکانی کامڵبوونیدا بوویێت، هێلکەکەی هەردوولاقی بەرز کردۆتەوەو لەبەرزی چەند مەترێکەوە فڕێی داوەتەوە خوار). لەناخەوە ئەو مامۆستایەم خۆشدەویست و هەردەم هەستم بەوە دەکرد، زۆر لەوە زیاتر دەزانێت کە



لەوانەکاندا بۆی باس دەکردین. بۆ یەکەمجار کەئەوم لەدەرەوەی تاقیگەکەدا بینی، لەو رۆژەدا بوو کەکۆمەڵێك کەسی سەرو ردێن درێژ لەدەرگای سەرەکی قوتابخانەکەمانەوە بەپرتاو خۆیان کرد بەژووردا. نەشمدەزانی کەئەوە دواجارێکە ئەوی تێدا دەبینم!

کەسە سەرو ردێن درێژەکان، بەسەر زۆربەی پۆلەکاندا دابەش بوون، ئەوەی هاتە نێو پۆلەکەی ئێمە لووتی بەچەشنێ گەورەو درێژ بوو، کەپێم وانەبوو تائەو کاتە لووتی ئاوام لەهیچ وێنەیەکی کاریکاتۆریشدا بەرچاو کەوتبێت. هەر یەکسەر وێنەی هەڵواسراوی کابرا رەشتاڵەکەی هێنایە خوارو پاش ئەوەی بەپێیان چووە سەری و شووشەی سەر وێنەکەی وردو خاش کرد، وێنەکی بەخێرایی هەڵگرتەوەو شێتگیرانە پارچە پارچەی کرد. وێنەی کابرا رەشتاڵەکە لەهەموو سووچ و کەلێن و ژوورو هۆڵ و ڕاڕەوو دالان و گەرماوو دوکان و سەر فولکەو بەردەمی بیناکان و سەرپردو ژێر پردی شارەکەدا دەکەوتە بەرچاو.

لەتەنها دوو شوێندا ئەو وێنەیەت نەدەکەوتە بەرچاو، یەکەمیان هەموو ئاودەستە گشتی و تایبەتییەکانی شاربوو، دووەمیشیان مەلهاخانە نهێنییەکانی زۆر شوێنی شارەکە بوو، کەخاوەنەکەی کابرایەکی زۆر قەڵەو بوو، پێش تەواوبوونی یەکێك لەجەنگەکانی ئەو وڵاتەی کەشارەکە دەکەوتە نێو سنوورەکانی، لەشوێنێکی نادیارەوە هاتبووە نێو شارەکەو تێیدا نیشتەجێ ببوو. سەرەتا وەك کەسێکی دیندار لەخەڵکەکە

نزیك ببۆوەو بەماوەیەكی كەم توانیبووی تێكەڵیان ببێت، بەحوكمی تواناو قودرەتی لەهیپنۆتیزمە كردن و خەواندنی بەرامبەرەكەیدا بەماوەیەك ژمارەیەكی زۆری گەنجەكانی كۆنترۆڵ كردبوو، جگەلەوەی كەفێری بەكارهێنانی حەشیشەو هیرۆین و تلیاكی كردبوون. ئیدی لەپیرۆزترین رۆژێكی شارەكەدا یەكەمین مەلهاخانەیەكی نهێنی لەشوێنێكی شارەكەدا دەكاتەوە، بەپێی زۆربوونی ژمارەی ئەو كەسانەی كە روویان تێكردووە، مەلهاخانەی دیكەی كردۆتەوەو بەو چەشنە بەردەوام بووە.

هەركەسێك بەبەردەم هەر یەكێك لەمەلهاخانەكانی كابرا قەڵەوەكەدا تێپەڕیبایە، ئەگەر پێشتر ئاگادار نەباو نەیزانیبایە ئەوە هەرگیز نەیدەزانی ئەو جێگەو شوێنەی كە بەبەردەمیدا تێپەڕدەبێت لەنێویدا چی دەكرێت. چونكە جگە لەوەی كە بەبەردەوام شوێنجێگەی مەلهاخانەكانی دەگۆڕی، بەشی پێشەوەشی دەكرایە مەغازەو دوكانی هەمەجۆر، كە زۆر بەئاسایی كەسانێكی سەر بەكابرا قەڵەوەكە كاریان تێدا دەكردو تەنها ئەو كەسانەی دەیانناسی یان ئەوانەی لەلایەن دەلاڵە تایبەتییەكانیانەوە بۆیان رەوانە دەكران، دەبرانە بەشی پشتەوەی مەغازەو دوكانەكان. ئەگەر بەرێكەوتیش كەسێك هەستی پێ كردباو زانیبای و بەراستیش دژ بەو جۆرە كارانە بایە، نەیدەوێرا باسی بكات و هیچ بڵێت، چونكە پیاوە قەڵەوەكەو پیاوەكانی لەلایەن بەشێكی پسپۆڕی سەر



بەئاسایشی شارەكەوە پارێزگارییان لێدەكرا. هەركەسێك لەوانەی كەئاگاداربوون و بەمەبەستی رابواردن چووبوونە نێو مەلهاخانەكانییەوە ئەگەر وشەیەكیان لەدەم هاتبایەتە دەرو تەنها شتێكیان سەبارەتی دركاندبا، نیوەشەو لەلایەن چەكدارەكانی بەشە پسپۆڕەكەوە خەتف دەكران و دەبرانە دەشتێكی كاكی بەكاكی و تاگیانیان دەداو دەمردن، لەهەر چوارلاوە بەردەباران دەكران. دواتر جەستەكانیان بەچەشنێك دەسووتاندن كەئەگەر رەژووە پارچەیەكی جەستەشیان جێ ماباو كەسێك بەرێكەوت بەرچاوی كەوتبا، ئەستەم بوو پێی وابێت پارچە جەستەی سووتاوی مرۆڤن. چونكە چ هێندە بەباشی دەیان سووتاندن كەهیچی ئەوتۆیان لەپاش جێ نەدەما، چ لەهەمان شوێنی دەشتەكەدا بەردەوام گاو گۆتاڵ و ئاژەڵە نەخۆشەكانیان تێدا دەسووتاند!. رەنگە هەموو ئەو زانیارییانەم بۆ هەتاهەتایە نەزانیبا، كەئەگەر جوانترین بێوەژنێكی شارەكە لەتۆڵەی بەزۆر بێ بنكردنی كچە تاقانەكەیدا كابرا قەڵەوەكەی لەشەوێكدا ژەهرخوارد نەكردبایە!

دوای ئەوەی زەلامە سەرو ردێن درێژەكە، هەموومانی لەگەڵ خۆی بردە بەردەم ژووری یەكێتی خوێندكارانی سەر بەكابرا رەشتاڵەكە، كە لەوكاتەدا هەموو قوتابییەكانی دیكەش لەوێدا بوون، سێ چوارێك لەزەلامە سەروڕدێن درێژەكان، یەك لەدوای یەك بەلەقە بەربوونە دەرگای ژوورەكەو هێندەی نەبرد شكاندیان، پاشان هەموو فایل و كاغەزو كتێبەكانی نێویان

گرتێبەردا. ئیدی پاش ئەوە قوتابییەکان لەهەموو لایەکەوە کەوتنە بەردباران کردنی گشت دەرگاو پەنجەرەکانی قوتابخانەکەو ئەوەندەی نەبرد شووشەیان بەهیچ پەنجەرەیەکەوە نەهێشت. دوای ئەوەی زەلامە سەرو ڕدێن درێژەکان بەدیوارە بەرزەکەی بەشی پشتەوەی قوتابخانەکەدا هەڵگەڕان و لەوێوە خۆیان هەڵدایە نێو کۆڵانە پێچاوپێچ و تەسك و تروسکەکەی پشتەوەی قوتابخانەکە.

هێزەکانی ئاسایش و تەواری و پۆلیسی سەر بەکابرا ڕەشتاڵەکە گەیشتنە نێو قوتابخانەکەو بۆ ماوەی سەعاتێك هەموو قوتابییەکانیان دایە بەر کێبڵ و شەق و زللە. دواتر بەدەنگی بەرز چەند جارێك بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان هاواری لێکردین و گوتی(بەپەلە هەرهەمووتان لەگۆڕەپانەکەدا ریزبن).

دوای ئەوەی بەخێرایی خۆمان گەیاندە گۆڕەپانەکەو یەك لەدوای یەك ریزبووین. بەڕێوەبەرو بەرپرسێکی سەر بەکابرا ڕەشتاڵەکەو ژمارەیەك چەکدار هاتنە نێو گۆڕەپانەکە. بەڕێوەبەر پاش ئەوەی کەفە سپییەکەی لالغاوەی بەدەستەسڕێك سڕی، گوتی(بەفەرمانی جەنابی بەرپرس، کە بۆخۆی لەپاڵمەوە ڕاوەستاوە دەبێت هەرهەمووتان بگیرێن، بەڵام لەبەرئەوەی بەزەییم پێتاندا دێتەوەو دەزانم ئەوەی کەکردووتانە لەنەزانی و گەوجیتانەوەیەو زۆربەتان بێتاوانن، زۆرتان بۆ پاڕامەوە. پێم ناڵێن بەردبارانکردنی دەرگاو پەنجەرە چ مانایەکی هەیە؟! کوانێ ئەو سەرو ردێن درێژانەی کەوێنەی گەورەترین زاتێکی



ئەم دنیایەیان هێنایەخوار؟! پاش ئەوەی ئێوەیان فریودا، بۆ کوێ هەڵهاتن و چوونە کوێ؟ دڵنیابن لەوەی کەئەگەر کەمێك غیرەتیان هەبا، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرنەدەچوون و هەڵنەدەهاتن. دیارە باش ئەو کەسانەش دەناسین، کە بەنهێنی پەیوەندییان لەگەڵ کەسە سەرو ردێن درێژەکاندا هەیە، هەر پاش تەواوبوونتان، لەو گەمەیەی کەکەمێکی تر دەزانن چییە؟! هەرهەموویان دەستگیر دەکرێن). هەر پاش ئەم قسانە، بەڕێوەبەرو بەرپرسەکەو چەکدارەکان، گۆڕەپانەکەیان جێهێشت. دوای ماوەیەك چوار چەکدار، لەچەکدارەکانی بەرپرسەکە، سەرو فەردەیەك خڕەکە بەردیان هێنایە نێوگۆڕەپانەکەو لەبەردەممانندا ڕۆیان کرد. بەڕێوەبەر لەیەکێك لەپەنجەرە بێ شووشەکانەوە، سەری هێنایەدەرو گوتی(هەرچۆن پەنجەرەکانتان بەردباران کرد، ئاوا بەردبارانی یەکتر بکەن، هەر یەکێکتان بەسەرو گوێلاك شکاوی نەبینمەوە، بەدەستی خۆم سەری دەشکێنم). ئیدی پاش ئەوەی سەرو گوێلاکی یەکدیمان هێنایە خوارەوەو سەرپاکی عەردی گۆڕەپانەکەمان بەخوێنی خۆمان سوورکرد. گوێمان لەدوا هاواری بەڕێوەبەر بوو لەو ڕۆژەدا کە گوتی(هەرکاتێك حەزتان لەم گەمەیە بوو ئاگادارم بکەن، تاخڕکە بەردی پێویستان بۆ حازر بکەم).

*        *    *

هەستامە سەرپێ و بەرەو لای گەورەترین حەوزێکی پڕ لەماسییە عەجایبەکان کەوتمەڕێ. هەر کە لەحەوزەکە نزیك بوومەوە، کەڵبەی ماسییەکان سەرنجیان راکێشام، کەیەك دوانێکیان لەوکاتەدا خەرکی پارچەپارچەکردنی بەچکە پشیلەیەکی تۆپیوبوون. ماسییەکان لەجێی پووڵەکە پێستێکی دڕکاویی پەڵەپەڵە جەستەی داپۆشیبوون. تەنها یەك چاوی زۆر گەورە دەکەوتە دەستەڕاستی لاسەریان و دیوەکەی تری لاسەریشیان لەجێی چاو چەپکێ لینجەمووی بۆری لێ هاتبوونەدەر. کلکێکی دڕکاویی درێژ، لەکۆتایی لەشە تەشیلەییەکەیاندا بۆسەرەوە هەڵگەڕابۆوەو هەروەك کلکە دووپشك، لەکۆتاییەکەیدا چزوویەکی پێوەبوو. کە روانیمە مشکە سپییەکانی نێو یەکێك لەشووشەکان، زۆر پەشۆکام و پێم سەیر بوو، وەك باڵندە پەڕوباڵ و دەندووکیان هەبوو. مارو دووپشك و لوول پێچ و ڕۆبیان و قرژاڵ و کرمی نێو شووشەکانی تریش سەیرو سەمەرەو عەجایب بوون. دواشتێك کەلێی چوومە پێش و تێمڕوانی، ئەو شووشە زۆر گەورەیە بوو، کە لەسەر مێزێکی بەرز دانرابوو. گەرچی لەسەرەتادا سەرەمێکووتەکانی نێو



شووشە زۆر گەورەکەی سەرمێزە بەرزەکەم زۆر بەئاسانی هاتە پێش چاو، بەڵام پاش تاوێك تێڕوانین و تەماشاکردن، هەستم بەگۆڕانی رەنگ و هەڵئاوسانیان کرد، بەچەشنێك کەپاش هەڵئاوسانی تەواویان کێشیان کەمی دەکردو وەك میزەڵدانێکی پڕ لەگاز، بەرزدەبوونەوە.

دواسەرەمێکووتەیەکی نێو شووشەکە، گەرچی هێندەی قەبارەی ناوەوەی شووشەکە هەڵئاوسا، بەڵام بەرزنەبۆوە! پاش کەمێك گەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی و بەتەنیایی لەنێو شووشەکەدا مایەوە. گەڕامەوە بۆ شوێنی خۆم و لەپاڵ دەرگاکەدا دانیشتم. هێندەم بیر لەدوا سەرەمێکووتەیەکی تەنیای نێو شووشەکە کردەوەو لەهۆکاری بەرزنەبوونەوەو گەڕانەوەی بۆ دۆخی جارانی خۆی کۆڵیمەوە، پێڵوەکانم قوورس بوون، هێدی هێدی چاوەکانم لێکناو خەوتم. لەخەونمدا، خەنجەرێکم داهێشتە نێو مەنجەڵێك ئاوی کوڵاوو هاوارم کرد(کوشتم). هەروەك ئەوەی بەڕاستی کەسێکم کوشتبێت، کەخەنجەرەکەم دەرهێنایەوە، خوێناوی بوو. هێشتاکە دڵۆپە خوێنەکانی سەر خەنجەرەکەم نەسڕیبۆوە، کەکۆمەڵێك زەلامی سمێڵ سوورو چاو کەسکم، لەچوار دەوری خۆمدا بینی. پاش ئەوەی بردیانمە بەردەم پیاوێکی هاوشێوەی خۆیان، کە لەسەر کورسییەکی زۆر گەورە

دانیشتبوو، سەری هەڵبڕی و گوتی: (بۆ کوشتت؟). لەوەڵامدا گوتم(من کەسم نەکوشتووە). دوای ئەوەی هەستایە سەر پێو بۆ تاوێك لەپاڵمدا راوەستا. لەناکاو هەروەك ئەوەی هستریا گرتبێتی، هاواری کرد(کوانێ کەلەپچەکان لەکوێن؟ بەپەلە هەڵیبواسن). بەڵام هەریەکسەر پەشیمان بۆوەو گوتی: (هەڵواسینی چی؟ بۆ لەبنمیچەکەدا شیش و قولاپ هەیە تا هەڵیبواسین؟! خێرا راست و چەپی بکەن تاددان بەتاوانەکەشیدا نەنێت، کەلەپچەکانی مەکەنەوە، ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو، پرێمزەکەی بخەنەژێر). پاش گەڕانێکی زۆر یەکێکیان کەلەپچەکانی لەنێو چەکمەجەیەکی یەکێك لەدۆلابەکاندا دۆزییەوە، لەوەدابوو کەلێم بێتەپێش، کاتێك هەردوو گڵۆپی نێو ژوورەکە کوژانەوە. هەر پاش کوژانەوەی هەردوو گڵۆپەکە، هەستم کرد کەهیچ پەنجەرەو دەلاقەو کون و کەلەبەرێك لەژوورەکەدا نییە، بەچەشنێك تاریك بوو کەهیچ شەوەزەنگێکی نووتەك و تاریکی وەك تاریکایی نێو چوار دیواری ئەو ژوورەم بەدرێژایی ژیانم نەبیندبوو. ماوەیەك هەست و خوستم راگرت، هەروەك ئەوەی کەس لەژوورەکەدا نەبێت، ئاوا بێدەنگ و بێ سرتەو بێ خشپە بوو.



دوای ئەوەی ماوەیەکی تریش چاوەڕێم کردو دوورو نزیك هەستم بەبوونی هیچ کامێکیان نەکرد، بەڕاست و چەپدا کەوتمە دەست هاویشتن، هەرچۆنێك بێت خۆم گەیاندە بەردەم ئەو دەرگایەی کەپێشتر منیان لەوێوە هێنابووە ژوور، کەپێدەچوو کوونی کلیلەکەی بەمادەیەك پڕکرابێتەوە. پاش ئەوەی چەند جارێك دەسکی دەرگاکەم بۆ خوارەوە جووڵانداو توند بەرەو لای خۆم رامکێشا، ئەوجار دەرگاکە کرایەوە. هەرکەچوومە دەرێ، خۆم لەبەردەم گۆڕستانێکدا بینییەوە کەمردووەکانی لەسەر گۆڕەکان بەڕووتی راکشابوون. پاش ئەوەی تەماشای یەکە بەیەکەیانم کردو لێیان وردبوومەوە، هەمان شوێن زامم لەسەر نێوچەوانی هەر یەکێکیاندا بینییەوە، بەچەشنێك کەچواردەوری زامەکە، بەگڕی ئەو فیشەکەی کەهەموو نێوچەوانەکانی لەهەمان نزیکییەوە بڕیبوو رەش داگەڕاو سووتاو بوو. لەگۆڕستانەکەوە چوومە نێو هۆڵێکی گەورە، کەکۆمەڵێك پیرەژنی رەشپۆش، پەیتا پەیتا قژی خۆیان دەڕنی و جارجارەش پڕبەدەم دەیانزریکاند. هەر کەیەکێکیان منی بینی، پڕ بەدەم هاواری کردو گوتی(ئا ئەمەیە بکوژەکە). بەهەر هەموویان شاڵاویان بۆ هێنام و پێکەوە زریکاندیان(بۆهەر هەموویانت، لەیەك رۆژدا، بەهەمان

دەمانچە کوشت؟). هەر کەگوتم(مردووە راکشاوەکانی سەر گۆڕەکانی گۆڕستانەکە، من نەمکوشتوون). هێندەی تر هارو شێتگیربوون، یەك دوویەکیان نینۆکە زۆر درێژەکانیان لەلامل و دەمووچاوم گیرکرد. پاشان دەموچاویان بەچەشنێك گۆڕدرا، کەنەدەکرا ترس و خۆف لەناخمەوە مووچڕکە نەکات. دەموچاوی هەریەکێکیانم لێبووە، دەموچاوی ئەو پیرەژنە جادووگەرانەی کەتەنها بەخەیاڵ تەسەوری دەموچاوی لەو چەشنەم کردبوو.

چەند هەوڵمدا، خۆمم بۆ رانەپسکاو نەمتوانی هەڵبێم، دەشمزانی چەند نکۆڵی بکەم هێندەی تر پەلامارم دەدەن، پیرەژنێکیان ئەوەندەی نەمابوو، بەنینۆکەکانی هەردووچاوم لەبنڕا هەڵقەنێت، هەربۆیە بەناچاری گوتم(ئێوە راست دەکەن).

کەوام گوت کەمێك هاتنە سەرخۆیان و پیرترین پیرەژنیان کەتا ئەوکاتە لەدوای هەموویانەوە راوەستابوو، لێم هاتە پێش. بەدەنگێکی پڕ لەنازو مەکرکردن و بەخۆبادانێکی عەیارانەوە گوتی(ئێوە راست دەکەن، دادی ئێمە نادات، راست و دروست دەبێت وەڵامی پرسیارەکەمان بدەیتەوە، بۆچی هەر هەموویانت لەیەك رۆژدا بەهەمان دەمانچە کوشت؟ ئێمە عەودالی وەڵامی ئەم پرسیارەین و هەتا



بەتەواویی لەنووکەوە بۆ مان نەگێڕیتەوە دەستبەردارت نابین). نەمدەزانی چ وەڵامێکیان بۆ دابتاشم و چییان پێ بڵێم. پاش کەمێك بێدەنگی و روانینە چاوەکانی پیرترین پیرەژنێك، کە لەبەردەممدا راوەستابوو، گوتم(رەنگە ئێوە نەزانن، هەر هەموویان بۆنی ئەسیدو ترشەڵۆك و بۆگەنی سەگی تۆپیو لەزاریانەوە دەهات، هەربۆیە پاش ئەوەی چل شەوو چل رۆژ لەیەك ژووردا لەگەڵیاندا مامەوە. لەڕۆژێکدا کەئێوە بۆ خۆتان بەروارەکەی دەزانن هەر هەموویانم بانگ کردە گۆڕستانەکەو یەکی فیشەکێکم نا بەسەریانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من کەسیانم نەکوشتووەو تەنها شتێك کەکردبێتم داهێشتینی خەنجەرەکە بوو بۆ نێو مەنجەڵێك ئاوی کوڵاو). پاش ئەوەی قسەکانم تەواوکرد پێڵووەکانم لێکنا. بەدەنگی شکانی شتێك کە لەنێو ژوورەکەی (کڕاڵ)ەوە هاتە گوێم بێداربوومەوە. کەڕوانیمە پێش خۆم و پاشان سەیرێکی چوار دەوری خۆمم کرد، لەڕاڕەوێکی چۆڵ و هۆڵ بەولاوە هیچی دیکەم نەدیت.

*    *    *

# ٧

تا تاوێکیش جگە لەڕاڕەوە چۆڵ و هۆڵەکە هیچی دیکەم نەبینی. بەڵام پاش ماوەیەك دەنگی پێی کەسێکم لەبەشی سەرەوەی ڕاڕەوەکەوە هاتە بەرگوێ، هێدی هێدی دەنگی پێی کەسەکە، لێم نزیك بۆوەو بەبەردەممدا رەت بوو. گەرچی دەنگی پێیەکانم زۆر بەجوانی گوێ لێ بوو، بەڵام شکڵ و شێوەی کەسەکەم نەهاتە پێش چاو. هەرئەوەندەی دەنگی پێیەکان بەتەواویی نەمان، ڕاڕەوەکەم لەبەرچاودا لێ بووە دەشتێکی کاکی بەکاکی. هەستامە سەرپێ و پاش قەدەرێك لەڕۆیشتن، گەیشتمە نێو ئەو بنکە تووتنانەی کەپانتاییەکی بەرفراوانیان داگیرکردبوو. هەر لەخۆمەوە یەك دوو گەڵای نێو پەلی بنکە تووتنێکم لێکردەوەو لەگیرفانم نا. ئیدی پاش ماوەیەك گەیشتمە بەردەم چیایەکی عاسی کەهەڵزنان و سەرکەوتن بەسەریدا ئەستەم بوو. بەڵام هەروەك ئەوەی پێیان گوتبێتم(بەسەریدا سەربکەوە) کەوتمە خۆ تاقیکردنەوەو هەوڵدان، بەڵام چەندم کردو کۆشام بەچنگەکرێ، جگە لەچەند مەترێك زیاتر نەمتوانی پێیدا هەڵگەڕێم. کەئەویش



دەرئەنجامەکەی هەڵخلیسکان و هەڵخزانە خوارم بوو. لەوەدابوو بگەڕێمەوە نێو دەشتەکە، کاتێك باڵندەیەکی یەکجار گەورە منی لەنێو دەندووکی خۆی ناو بردمییە سەر دوندی چیاکەو لەوێدا جێی هێشتم. سەرەتا سەرم هەڵبڕی و ڕوانیمە تاقی ئاسمان کەڕەنگی خوێنی لەخۆگرتبوو، دواتر ڕوانیمە ئەو ڕووبارە رەش داگەڕاوەی کە بەشیوێکدا رەت دەبوو. هێندەی هەوای سەر دوندی چیاکە ساردبوو، کەجگە لەوەی بەچەشنی گوێزان ڕووکاری توێکاری دەکردم، ئاویشی دەزاندە چاوەکانم. دوای ئەوەی بەناچاری پێڵووەکانم لێك نا، هەروەك ئەوەی لەڕاڕەوەکەدا بم، بۆ جارێکی تریش گوێم لەدەنگی پێیەکان بوو، کەهێدی هێدی لێم نزیك بوونەوەو لەپاڵمدا ڕاوەستان. یەکێك دەستی گرتم و بەچاونووقاوی وەدووی کەوتم، پاش ئەوەی بەسەر پێپلیکانەیەکی دوورو درێژدا سەرکەوتین و ماوەیەك ڕێك و ڕاست بەشوێنێکدا گوزەرمان کرد، دەرگایەکی کردەوەو دوای ئەوەی لێوەی چووینە ژوور، دەرگاکەی زۆر بەباشی داخست و کلۆمی دا، پاش ئەوەی چواردەرگای تریشی کردەوەو بەهەمان شێوە دایخستن و کلۆمی دا، گوتی(ئیدی چاوەکانت بکەرەوە). کەچاوەکانم کردەوە خۆم لەبەردەم مێزێکی گەورەی لەشووشە دروستکراودا بینییەوە، کەحەوت مایکرۆفۆنی شکڵ و قەبارەی جیای لەسەردانرابوو. لەدەستە ڕاست و دەستە چەپیشیدا دوو

کامێرای گەورە، لەسەر ستاندەکانیان راگیرکرابوون. کە ئاوڕم لەو کەسە دایەوە کەتا ئەوێی هێنابووم، تەماشام کرد خودی گەورەکاهین خۆیەتی، پاش ئەوەی کۆمەڵێك کاغەزی نووسراوی لەبەردەممدا دانا، ماسکێکی وەك ماسکەکەی(کڕاڵ)ی لەدەموچاو کردم و گوتی(ئیدی دەبێت زۆر بەباشی رۆڵی (کڕاڵ) ببینیت و بەچاکی وتارەکانی بخوێنیتەوە، چونکە(کڕاڵ)م تەنها بەو مەرجە پێ قایل کراوە! ئاگاداربە تەنها یەك هەڵەش مایەی قبووڵ نییەو سزاکەشی رەنگە شتێك بێت، کە بەئەقڵی هیچ کامێکماندا نەیەت. دەبێت لەخوێندنەوەدا زۆر وریاو لەسەرەخۆبێت. تا یەك هەفتە بەم چەشنە هەموو رۆژێك بەردەوام دەبیت پاشان گەر (کڕاڵ) تۆی بەدڵ بوو لەیادکردنەوەی رۆژی یەکەمین سەفەرێکی (کڕاڵ)دا، لەجێی ئەو وتار دەخوێنیتەوە. حەزدەکەم ئەوەشت پێ رابگەیەنم کە بەدرێژایی ئەم هەفتەیە لەم ژوورە ناچیتەدەرو لەگەڵ هیچ کەسێکیشدا نادوێیت).

پاش ئەوەی گەورەکاهین قسەکانی تەواوکرد، دەرگاکەی کردەوەو گازی دوو زەلامی سەرڕووتاوەی کرد، کەبەترس و لەرزێکی زۆرەوە خۆیان کرد بەژوورداو هەریەکێکیان پڕیدایە کامێرایەك و بەستاندەکەیەوە چەند مەترێك دوور لەبەردەممدا قووتیان کردەوە. پێش ئەوەی بکەومە خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە کاغەزە نووسراوەی کە لەبەردەممدا دانرابوو، گەورەکاهین دەمی



لەیەکێك لەمایکرۆفۆنەکان بردەپێش و گوتی(بۆ هەموو ئەوانەی کە لەمەودوا گوێیان لەدەنگی (کڕاڵ) دەبێت، حەزدەکەم لەوە خەبەرداربن، کەدەنگی (کڕاڵ)ی مەزنمان لەپڕو بەموعجیزە گۆڕانی بەسەرداهات، ئیدی لەمەودوا دەنگێکی دیکە دەبیستن، کەهەرخودی دەنگی (کڕاڵ)ی پێشوومانە). گەرچی هەروەك جاران هیچ لەوتارەکەی (کڕاڵ) تێنەگەیشتم، بەڵام بەبێ هەڵە ئەوەی کە لەسەر کاغەزەکان نووسرابوو، وەك خۆی خوێندمەوە. پاش ماوەیەکیش لەتەواوبوونم لەخوێندنەوەی وتارەکە، پەشۆکاوی و حەپەساویم لەدەمووچاوی گەورەکاهیندا دەبینییەوە هەروەك ئەوەی دەنگم لەئێستادا زۆر لەوە گەورەتر بێت کەپێشتر بیستبووی. ئیدی هەفتەیەك بەو چەشنە بەردەوام بووم. لەچێشتەنگاوی دوای رۆژی هەفتەکەدا گەورەکاهین خۆی کرد بەژووررداو بەبێدەنگی منی لەگەڵ خۆیدا بردە ژوورێکی زۆر گەورەی تایبەت بەجلوبەرگ و پێڵاوەکانی (کڕاڵ). جلوبەرگەکانی لەنێو بیست و پێنج کەنتۆی دوانزە تاکیدا هەڵواسرابوون، پێڵاوەکانیشی لەنێو حەفتاو پێنج رەفەی داکوتراو بەلایەکی دیوارەکەدا دانرابوون. بۆماوەی سەعاتێك زیاتر گەورەکاهین سەیری قات و کراس و پانتۆڵ و بۆیمباغە هەڵواسراوەکانی کرد، پاشان چاکەتێکی رەشی بێ قۆپچەو پانتۆڵێکی فشی قاوەیی و کراسێکی پەمەیی و بۆیمباغێکی مۆری جیاکردەوە، دوای سەیرکردن و لێووردبوونەوەی دایە دەستم. بەخێرایی لەبەرمکردو چوومە بەردەم یەکێك لەئاوێنە

هەڵواسراوەکانی نێوژوورەکە. هێشتاکە بەتەواوی لەخۆم نەڕوانیبوو، کەجووتێ پێڵاوی نفت و نوێی بۆ هێنام، پاش ئەوەی لەپێمکردن، گەورە کاهین کۆمەڵێك کاغەزی نووسراوی دایە دەستم و گوتی(تادەگەینە گۆڕەپانەکە دەبێت هەرهەمووی لەبەربکەیت و وەك خۆی بێ هەڵە، لەسەر سەکۆکە بیڵێیتەوە، حەزدەکەم بۆ جارێکی تریش لەوە ئاگادارت بکەم، کەتاکە هەڵەیەك چییە نابێت بیکەیت. گەرچی لەوکاتەدا کەس لاقەت ناکات و هیچت پێ ناڵێت، بەڵام هەر ئەوەندەت خۆشە کەلەسەر سەکۆکە دێیتە خوار). هەر کە گەیشتینە گۆڕەپانەکە، بەپێپلیکانەکاندا چوومە سەر سەکۆکەو کەوتمە گوتنەوەی ئەوەی کە لەبەرم کردبوو، بەبێ ئەوەی کە هیچی لێ تێگەیشتبێتم، وشە وشە وەك خۆی دەمگوتەوە.

تا نێوەڕاستی وتارەکە، بێ هیچ هەڵەیەك درێژەم دایە، بەڵام هەر کەگەورەکاهین هاتە تەنیشتم و بەچرپە گوتی(دەنگت تادێت بەرزتر دەبێتەوە، ئەگەر ئاوا بەردەوام بیت، بێگومان دەبێت کوونە گوێمان بئاخنین، ئەگینا بێ شك پەردەی گوێچکەی هەرهەموومان دەدڕێت و کەڕدەبین). هەموو ئەوەی کەدەبوو، پاش نێوەڕاستی وتارەکە بیڵێم، لەبیرمچۆوە. گەرچی زۆرم هەوڵدا وەبیری خۆمی بهێنمەوە، بەڵام تاکە وشەیەکیم وەبیرنەهاتەوە. بێدەنگییەکەم، هێندەی خایاند، کە بۆ خۆشم بێزاربووم و ئەوەندەی نەمابوو، کە لەسەکۆکە بێمەخوار، کاتێك



گەورە کاهین بەتووڕەیی چرپاندی بەگوێمدا و گوتی(مەعز بۆ خوا، شتێك بڵێ). نەدەکرا لێی بپرسم و بڵێم(چی بڵێم، ئەوەی کەپێویست بوو. لەدوای نێوەڕاست وتارەکەوە بیڵێم، بەتەواویی لەیادم چۆتەوە، ئەگەر دەتەوێت شتێکی تر دەڵێم). هەروەك ئەوەی پێی گوتبێتم(چی ئەڵێیت بیڵێ!).

دەمم هەڵهێناو گوتم(ئەی کۆیلە بێدەنگەکانی دوورگەی (سین)، تاکەی بەملکەچی ژیان دەبەنەسەر، تاکەی هیچ ناڵێن و دەنگێك لەزارتانەوە نایەتەدەر). هەر پاش ئەوەی کەهێندەم گوت، تەماشای دەموچاوی ژەنگگرتووی یەکەیەکەی کۆیلەکانم کرد، سەیر لەوەدابوو هەرهەموویان بەپێوە خەوتبوون. ئاوڕێکم لەکاهینەکان دایەوە کە لەوکاتەدا هیچ کامێکیان لەوێدا نەمابوون، گەرچی گەورە کاهین پێش ئەوەی ئەو یەك دوو دێڕە بڵێم، لەتەنیشتمدا راوەستابوو، بەڵام پێدەچوو پاش بیستنی ئەوەی کەگوتم لەگەڵ کاهینەکانی تردا گەڕابێتەوە بۆ نێو پەرستگاکە. دەست و پێوەندو پاسەوانەکانی دەوروبەرم هەروەك ئەوەی کە گوێیان لەوەنەبووبێت، کە گووتوومە هەروەك جاران و بەهەمان شێوە لەشوێنی خۆیاندا راوەستابوون. دەمزانی هەروەك گەورەکاهین ئاگاداری کردبووم، گەر هەڵەیەك بکەم، هەرئەوەندەم خۆشە کە لەسەکۆکە دێمەخوار، بۆیە دەمویست درێژترین ماوە لەوێدا بمێنمەوە.

*       *    *

که لەنزیك ڕۆخی ڕووبارەکەدا ڕاوەستابووم، نەمدەزانی کەی و چۆن، لەسەر سەکۆکە هاتبوومەخوار، هەروەك ئەوەی زەینم کوێر بووبێتەوە، بەهیچ ئەو ساتەوەختەم وەبیرنەدەهاتەوە. نەمدەزانی بۆ دەبێت لەگەرمترین ئێوارەیەکی تەممووزدا هاتبێتمە نزیك ڕۆخی ڕووبارەکەو چاوەڕێی چی بم؟! هێندەی نەمابوو بیر لەو ئێوارە باراناوییە بکەمەوە کە بەناکامی و بەبێ دیتنی ئەو ڕووبارەی کەعەزیاکەی تێدا دەژیا، گەڕامەوە بۆ نێو ئەو گەڕەکەی خانووەکەی باپیرمی تێدابوو. کاتێك گەورەکاهینم بینی، کەهێدی هێدی لێم نزیك بۆوەو لەپاڵمدا ڕاوەستا، بەڵام هەروەك ئەوەی نەیبینیبێتم بەبێدەنگی لەڕووبارەکە ڕاما. چەند جارێك ڕەنگی ڕووبارەکە لەبەرچاومدا گۆڕاو پاشان وەك خۆی لێ هاتەوە. ئەوەندەی پێنەچوو چوار پاسەوانی تێکسمڕاو تابووتێکیان هێنایە نزیك ڕۆخی ڕووبارەکەو پاش ئەوەی گەورەکاهین ئاماژەیەکی بۆکردن بردیانە لێواری ڕۆخی ڕووبارەکە. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك لەڕووبارەکەیان ڕوانی، چوار دەستەکی فڕێیاندایە نێو ڕووبارەکە. هەر پاش ئەوەی چوار پاسەوانەکەو گەورەکاهین ئەو ناوەیان جێهێشت، شەو داهات. لەسەعاتێکی دیاریکراودا ڕەوێك ئاسکی چاوزەرد هاتنە قەراغ ڕووبارەکەو پاش ئەوەی بەتەواویی لەڕووبارەکە نزیك



بوونەوە بێباکانە دەمیان لەئاوی ڕووبارەکە وەردا، بەڵام وەك جاران بریق و باقی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژێر تریفەی مانگەشەو لەچاویاندا نەدەبریسکایەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە تابلێی چاوەکانیان مات و خامۆش بوو، بەچەشنێك کەهیچ شتێك لەچاوەکانیاندا ڕەنگی نەدەدایەوە. سێبەری پۆلێك باڵندە بۆ تاوێك لەسەر ڕووی ڕووبارەکە وەدیارکەوت لەوەدابوو کەبەمەبەستی دیتنیان، سەرهەڵبڕم، کاتێك دەنگێکی نائاسایم، کەوتە بەرگوێ، پاشان شەپۆلەکانی ڕووبارەکە بەتەواویی لەشوێن خۆیاندا ڕاوەستان. سەیرێکی تابووتەکەم کرد کەمێك لەخوار ئەو شوێنەی لێوەی فڕێدرایە نێو ڕووبارەکە ڕاوەستابوو. پاش ئەوەی کەمێك تێمڕوانی، هێور هێور هەرچوار لای تابووتەکە وەك شووشەیەکی ڕوونیان لێ هات، کە بەئاسانی کەسە ڕاکشاوەکەی نێو تابووتەکەم دەبینی، بەڵام بەو پێیەی کە ڕووی لەو دیوی ڕۆخی ڕووبارەکە بوو، دەموچاویم نەدەبینی. لەبەرخۆمەوە گوتم(بۆ دەبێت شەپۆلەکانی ڕووبارەکە تابووتەکەیان لەمبەری ڕۆخی ڕووبارەکەوە نەبردبێتە ئەوبەری؟).

هەرپاش ئەوەی کەمێك لەجێی خۆم جووڵام، ئەو گوتەیەی شەهموزم بیرکەوتەوە، کەپاش گەڕانەوەی لەبەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەکە، بەسی و حەوت کەسەکەی گوتبوو(با بەڕۆخی ڕووبارەکەدا سەر بەرەو ژوور بکەوینەڕێ، دەبێت سەرچاوەکەی

بدۆزینەوە، ئەگینا هیچ لەلوغزی رووبارەکە تێناگەین). سەر بەرەوژوور کەوتمە هەنگاونان و گۆڕانی ناوبەناوی رەنگ و شێوەی رووبارەکە، وەك پێشتر لەسەردەمی شەهموزدا روویدابوو، نەمبینی و بەهیچ شێوەیەك نەکەوتە بەرچاوم. جگەلەوەی ئاوی رووبارە وەستاوەکە هەر بەڕوونی دەهاتە پێش چاوم و هیچ لیخن و لێڵ نەدەبوو. گەرچی هەر سی و حەوت کەسەکەو شەهموز، کەسەر بەرەو ژوور هەنگاویان ناوە، یەك هەنگاو لەشوێن خۆیاندا نەچوونەتە پێش، بەلاّم من وام نەدەهاتە پێش چاوم و پێدەچوو هەنگاو هەنگاو بچمە پێش، گەرچی بەهیچ نەگەیشتمە ئەو ئاستەی کەئەوان بیناییانی تێدا لێڵ ببوو.

لەوەدابوو کەبگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی پێشتر تێیدا راوەستابووم، کاتێك تابووتەکەم بەڕاوەستاوی لەنێو رووبارەکەدا بینی، دووری مابەینی تابووتەکەو ئەو شوێنەی کەلێی راوەستابووم، وەك دووری نێوان شوێنی پێشووی راوەستانم و تابووتەکەم وابوو.

لەبەرخۆمەوە گوتم(ناکرێت پێم وابووبێت کە بەرەو سەرووی رۆخی رووبارەکە کەوتوومەڕێ، لەکاتێکدا هەر لەشوێنی پێشووی خۆمدا راوەستاوم! باشە ئەگەر هیچ لەشوێن خۆمدا نەجووڵابام، چۆن بەم شێوەیەی ئێستا شەکەت و ماندوو دەبووم؟!).

* * *



هەر کە بۆ یەکەمجار بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەدوورگەکەدا مابوومەوە، کۆمەڵێك پەپوولەی باڵ سووری چاو گەورەم، بەسەر رووبارەکەوە بینی. کەمێك لەجێی خۆم راچەنیم و بەسەرسامییەوە کەوتمە تەماشاکردنیان. پەپوولەی هێندە گەورەم بەدرێژایی ژیانم نەدیتبوو، قەبارەی لەشیان هێندەی قەبارەی لەشی کۆترێك دەبوو. باڵەکانیان وەك باڵی نەورەس درێژو، تادەهاتیش چاوە فسفۆرییە گەورەکانیان گەورەتر دەبوو. پاش چەند جارێك فڕین، بەسەر مەودایەکی کورتی رووبارەکەدا بەشێوەیەکی بازنەیی چواردەوری تابووتەکەیان داو هێدی هێدی و یەك لەدووی یەك لەسەری نیشتنەوە، بەچەشنێك کەنەدەکرا ئیدی ناوەوەی تابووتەکە ببینم. ئەوەندە هەستم بەماندووبوون و شەکەتی دەکرد، کەنەدەکرا لەوە زیاتر بەپێوە رابوەستم، هەربۆیە لەشوێن خۆمدا لێی راکشام. پاش ئەوەی هێور هێور هەستم بەقوورس بوونی پێڵووەکانم کرد، هەربۆخۆیان پێکەوە نووسان. دوای ماوەیەك هەروەك ئەوەی خەوتبێتم و خەون ببینم، وێنەی هەموو ساڵانێکی تەمەنم تێدا بردبووەسەر، دواتر خۆم لەنێو یەکێك لەکۆڵانەکانیدا بینییەوە، کەپێش ئەوەی خۆم بگەیەنمە سەری کۆڵانەکە وام هەست دەکرد هەموو ئەو کەسانەی لەوێدا رۆژانێك ناسیبوومن،

لەسەری کۆڵانەکەوە تێم دەڕوانن. کەگەیشتمە سەری کۆڵانەکە کەسیانم نەبینی.

هێدی هێدی لەوێوە چوومە سەر ئەو شەقامەی بەبەردەم گەورەترین مزگەوتێکی شارەکەدا تێپەڕدەبوو، لەپەنایەکی دیواری دەرەوەی مزگەوتەکەدا کابرایەکی ردێن سپیم بینی، کەمێژووی خانووە نەوی و داتەپیوەکان و حەکایەتی دڵۆپەکردنی ساپیتەو شکانی کاریتەو داکەوتنی دارەڕاو خلبوونەوەی باگردێنەکانی بۆ تەزبیحە قەزوانییەکەی نێو دووقامکی دەستەڕاستی خۆی دەگێڕایەوە. لەوەدابوو لەکابرا ردێن سپییەکە نزیك ببمەوەو پرسیارێکی لێبکەم، کاتێك لوورەو گڤەی ئەو رەشەبایەی کە لەو کاتەدا هەڵیکرد پرسیارەکەی لەبیربردمەوە. هەردەم رەشەبای ئەو شارەی کەپێشتر تێیدا ژیابووم، لەکاتی هێوربوونەوەیدا سامێکی وەك سامی ساتەوەختی مەرگی لادروست دەکردم. هەر کەتووڕەش دەبوو، گاڵەی بەدارو بەرد دەکرد. کام درەختەی گەورەبوو، دەیچەماندەوەو گشت تانکی و بەرمیل و تەنەکە بەتاڵەکانی پێش خۆی دەنا. هەر دوای ئەوەی بەلای خومخانەکان و گوزەری ئاسنگەران و کۆپان درووەکانی شاردا رەت بووم و گەیشتمە سەر شەقامە سەرەکییەکە، گوێم لەدەنگی پێی ئەسپێکی شەکەت بوو، کەعەرەبانەیەکی شەق و شڕی بەدووی خۆیدا رادەکێشا. چەندم چاو بۆ عەرەبانچییەکە گێڕا نە لەسەر عەرەبانەکەو نە لەپشت و ئەملاوئەولای عەرەبانەکەدا نەبوو. دە



مەترێکیش لەپێش ئەسپەکەوە کەسم نەبینی. پاش ئەوەی ئەسپەکە بۆ ماوەیەك لەشوێن خۆیدا راوەستاو بەلای دەستەڕاستدا وەرچەرخاو هەریەکسەر خۆی کرد بەکۆڵانێکدا. هەرچەندە حەزم دەکرد وەدووی بکەوم و بزانم بۆ کوێ دەچێت، بەڵام دەنگێك کە لەپشت یەکێك لەدیوارەکانی نزیك شەقامەکەوە دەهات، رایان پێ گۆڕیم و بەرەو لای دەنگەکە هەنگاوم نا. هەر کەگەیشتمە پەنا دیوارەکەو گوێم هەڵخست، کەسێکی پشت دیوارەکە، کەدیاربوو قسەی بۆ کەسێکی تر دەکرد، گوتی(هەرچەندە هیچ کاتێك بەتەمانەبووم تەنها شتێك کە بەدرێژایی ژیانم شارەزای بووم و دەیزانم بۆ کەسی بگێڕمەوە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کەدوێنێ شەو بۆ دووەمین جار عزرائیل لەسووچێکی ژوورەکەی رەحمەتییەوە خۆی پیشاندام، ئیدی ئەوە لام بووە یەقین، کەسەری سێیەم جار مەحاڵە لێم بگەڕێت و بەهەر شکڵ و شێوەیەك بێت، گیانم دەکێشێت. هەربۆیە بڕیارمدا هەرچییەك بزانم سەبارەت بەمێژووی دروستکردنی تەزبیح و حەکایەت و بەسەرهاتی تەزبیح فرۆشەکانی شار، هەر ئێستا لەنووکەوە بۆت بگێڕمەوە. تەنها داوایەکشم لەتۆ ئەوەیە کەتا دووجار عزرائیل خۆیت پیشان نەدا ئەوەی کەئێستا بۆت دەگێڕمەوە نەکەی بۆ هیچ کەسێکی بگێڕیتەوە). گەرچی پاش بیستنی ئەو قسانە هەر یەکسەر پەنا دیوارەکەم جێهێشت، بەڵام تابیست هەنگاوێکیش بەرەو لای سەرووی شەقامە سەرەکییەکە، هەر لەبەرخۆمەوە پێدەکەنیم بەجۆرێك کەهێندەی

نەمابوو کپی و خامۆشی ئەو ساتەوەختەی شەقامەکە بشێوێنم. باش بوو بەدیتنی ئەو چوارکەسەی کەدارە مەیتەکەیان هەڵگرتبوو هاتمەوە سەرخۆم و هەر لەخۆمەوە دوورو نزیك وەدوویان کەوتم.

پاش ئەوەی وەك ئەوان لەدەرگایەکی لەدارگوێز دروستکراوەوە چوومە نێوەڕاستی ئەو ڕێچکەیەی بەنێو کۆمەڵێك نەمامی ڕەنگ ئەرخەوانیدا تێپەڕدەبوو، هێندەی نەبرد خۆم لەبەردەم حەوزێکی لاکێشەیی گچکەدا بینییەوە. هێشتاکە بەتەواویی لەحەوزەکە ورد نەبووبوومەوە، کەچوار دەستەکی مردووەکەیان لەدارە مەیتەکە هێنایە دەرو خستیانە سەر ئەو تاتەشۆرەی کە لەلای چەپی حەوزەکەدا دانرابوو. هەر کەتەماشای مردووەکەم کرد بۆ تاوێك لەشوێنی خۆمدا سڕبووم. کتومت لەخۆم دەچوو، تەنانەت هەمان شوێن زامی سەرلاقی ڕاستم، لەسەر لاقی ڕاستی ئەویش هەبوو. بەهۆی گیزەگیزی مێشێك کە بەبەرچاومدا دەهات و دەچوو، ئاگام لەشوشتن و کفنکردنی مردووەکە نەما. هێندەم زانی کەهەر چوار کەسەکە، لەهەمان دەرگای پێشووەوە دارەمەیتەکەیان بردەدەر. گەرچی زۆر بەخێرایی وەدوویان کەوتم، بەڵام هەروەك ئەوەی کەغەیب بووبێتن لەبەرچاومدا دیار نەمان. ئیدی پاش ئەوەی چوومە سەر شەقامەکە، ڕێك و ڕاست ماوەیەك ڕۆیشتم. تاگەیشتمە لای ئەو ستوونە بەردە بەرزی دەکەوتە لای ڕاستی ئەو فولکەیەی کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی لەو شارەدا ژیابووم. هەموو مانگێك



دەڕووخێندراو بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی تێدابکرێت، هەر کتومت وەك فولکەکەی پێشوو دروست دەکرایەوە. وەك هەموو جارێك بەسەرسامییەوە لەستوونە بەردە بەرزەکەم ڕوانی، کەهەر لەگەڵ کوژرانی هەرکەسێکی شارەکە، دڵۆپە خوێنێك لەشوێنێکییەوە دادەچۆڕایە خوار. ئیدی بەپێی سەرنجدان لەدڵۆپە خوێنە داچۆڕاوەکانی سەر ئەملاو ئەولای ستوونە بەردەکە، دەزانرا لەو ڕۆژەدا چەند کەسی شارەکە کوژراوە.

تەنانەت لەیەکێك لەو ڕۆژانەی کەژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکە، لەلایەن پیاوەکانی کابرا ڕەشتاڵەکەوە گوللەباران کران، بەچەشنێك دڵۆپە خوێنداچۆڕاوەکان سەرتاپای ستوونە بەردەکەیان تەنیبوو، کەگەر لەو ڕۆژەدا تەنها یەك کەسی تر کوژرابا مەحاڵ بوو لەبری ئەویش دڵۆپە خوێنێك لەشوێنێکی ستوونەکەوە دابچۆڕێتە خوار. چونکە هێندەی نووکە دەرزییەك شوێن لەستوونەکەدا نەمابوو، کەخوێنی لێ دانەچۆڕێت. هەر کە لەشەقامەکەی سەروو فولکەکەوە بەرەو سەر هەڵکشام، لەهەردوو بەری موحەجەرەی قەراغ شۆستەکانەوە چەند لافیتەیەکی ڕەشم بینی، کە بەباشی بەموحەجەرەکانەوە قایم کرابوون.

ئەو چەند دێڕەی کە لەسەر لافیتەکان نوسرابوون، هێندە بەخەتێکی ورد نوسرابوون، تالێیان نزیك نەبومەوە، بۆم نەخوێندرایەوە. لەسەر هەر هەموو لافیتەکانیش، هەمان شت

نووسرابوو(موسای کوڕەزای پیرۆت سیاوڵە، لەگەرمترین ئێوارەیەکی تەمووزدا، بەمەبەستی دیتنی عەزیای نێو یەکێك لەڕووبارەکان، خەو دەیباتەوەو لەخەونیدا دەگاتە رۆخی ئەو رووبارەی کەعەزیاکەی تێدا دەژی، پاش ماوەیەك، لەچاوەڕێکردنی سەر هێنانەدەری عەزیاکە لەڕووبارەکە، لاقەکانی تێکەڵ دەبن و دەکەوێتە نێو رووبارەکەو دەخنکێت).
ئەو رەشەبایەی کەپاش ئەوەی هەموو لافیتەکانم خوێندەوە، لەناکاو هەڵیکرد، هیندەی نەمابوو بەپشتا بمخات. باش بوو هەر زوو دەستم بەقەویترین شیشێکی ئەو موحەجەرەیەوە گرت، کە لەبەردەممدا بوو. هێدی هێدی خۆم گەیاندە ئەو کۆڵانەی لەبەتەنیشت رووی سەرەوەی تاکە باخچەیەکی شاردا تێپەڕدەبوو، سەردەمانێك پێکەوە لەگەڵ (نەوا) بست بەبستی ئەو باخچەیە گەڕابووین. گەرچی لەئێستادا زۆری فەرق هەبوو، لەگەڵ ئەو باخچەیەی کە پێشتر بینبووم. سەرجەم درەختە بەرزەکانی باخچەکە، لەبنڕا هەڵقەندرابوون و لەجێی ئەوان، درەختی نەوی و نەمام و دەوەن روێندرابوون. گشت چواردەورو سەرەوەی باخچەکە، بەتەلی هێڵەك گیرابوون. بەچەشنێك کەڕێی چوونە ژوورەوەی نەك هەر باڵندە، بەڵکو هیچ جۆرە مێروویەکیشی نەدەدا. کەگەیشتمە بەردەم دەرگای تەلبەندکراوی باخچەکە، نووسراوێکی سەر دەرگاکە سەرنجی راکێشام، کەلەسەری نوسرابوو(وێنەگرتن، لەنێو باخچەکەو چواردەوریدا قەدەغەیەو هەرکەسێك سەرپێچی لیٚ بکات، بەپێی



بڕیاری دووسەدو شەست و شەشی ماددەی حەوتی یاسای دوانزەی سەر بەپارێزگاری شارەکەمان، بەتوندی سزا دەدرێت).
چەندم بیر لێکردەوە، لەوە حاڵی نەبووم، کە بۆ دەبێت وێنەگرتنیان لەباخچەکەو چوار دەوریدا قەدەغە کردبێت.
لەبەرخۆمەوە گوتم(تۆ بڵێی بیناو خاونوویەکی زۆر تایبەت و گرنگ، لەچواردەوری باخچەکەدا هەبێت و لەوە بترسن، کە کەسێك بەناوی وێنەگرتنەوە، وێنەی ئەو شوێنانە بگرێت).
بەڵام کە بەوردی تەماشای چواردەوری باخچەکەم کرد، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆم نەهاتە پێش چاو، جگە لەگۆڕانی رەنگی بۆیەی دەرگاو پەنجەرەو دیوارەکانی بیناو خانووەکان و زیادبوونی ژمارەی دەرگاو پەنجەرەکانیان. کە نەدەکرا، ئەوە بووبێتە هۆکاری قەدەغەکردنی وێنەگرتن، لەنێو باخچەکەو چوار دەوریدا. هەر پاش نەختێك راوێستان و تێڕامان، سەربەرەو ژوور ئەو کۆڵانەم گرتەبەر، کە بە بەردەم دێرینترین حەمامێکی شارەکەدا تێپەڕ دەبوو. هەر کەگەیشتمە بەردەمی حەمامەکە، بوونی پەیکەرێکی گەورە سەرنجی راکێشام، کەکەمێك لەسەرووی دەرگاکەیەوە دانرابوو.
پێشتر گەرچی دەیان جار، خۆم لەنێو حەمامەکەدا شوشتبوو، سەدان جاریش بەبەردەمیدا تێپەڕ ببووم، بەڵام نەك هەر ئەم پەیکەرە، بەڵکو هیچ پەیکەرێکی تریشم لەبەردەمی حەمامەکەدا نەدیتبوو. کە بەوردی کەوتمە سەیرکردنی پەیکەرەکە، جگە لەو تێکەڵە و پێکەڵییەی کە بێمانا دەهاتە

پێش چاوم، لچ و لێوێكی بەدەرزی و دەزوو دادووراو لەشوێنێكی پەیكەرەكەدا جێی كرابۆوە، كە هەر بەتەواویی لەلچ و لێوی تەنها شاعیرێكی بەرهەڵستكارو زۆر بڵێی دەمێك ساڵ لەوەو پێشی شارەكە دەچوو، كە لەساردترین ڕۆژێكی یەكێك لەزستانەكاندا، لەپیسترین كەلاوەیەكی شاردا گوللەباران كرا. لەدەرگای حەمامەكەوە چوومە ژوورو وەك جاران لەدالانەكەیدا دوعا هەڵواسراوەكان و دێڕە شیعرییەكانم نەبینییەوە، كەتادەگەیشتیتە بەردەم دەرگای ناوەوەی حەمامەكە، لەهەردوو لای دیوارەی دالانەكەدا، بەخەتێكی جوان نوسرابوون. هەر كەدەرگای ناوەوەی حەمامەكەم كردەوەو چوومە نێوی، پەشۆكام. لەشوێن حەوزەكەی نێوەڕاستی حەمامەكەدا، پەیكەرێكی هاوشێوەی ئەو پەیكەرە دانرابوو، كە لەتەنیشت هەردوو سەكۆ بەرزەكەی نێو هەردوو گۆڕەپانی دوورگەكەدا، بیندبووم. لەپشت پەیكەرەكەشدا، حەوت كەسی مۆمیاكراو بەپێوە ڕاگیركرابوون. لێیان نزیك بوومەوە و لەدەستە ڕاستەوە كەوتمە سەیركردنیان. یەكەمین كەسێكی مۆمیاكراو، گەرچی هەمان جل و بەرگی پیاوە ئایینیەكانی خەڵكی شارەكەی لەبەركرابوو، بەڵام بەشێوە زۆر لەگەورەكاهین دەچوو. دووەمین كەسێكی مۆمیاكراو، جگە لەوەی كە ڕووت و قووت بوو، شێوەشی بەهیچ كەسێك لەو كەسانە نەدەچوو، كە بەدرێژایی ژیانم بینیبوومن. سێیەمین كەسێكی مۆمیاكراو، بەقەڵافەت و



بالاّیدا، هەر كتومت لە(كڕاڵ)ی دوورگەی (سین) دەچوو. جل و بەرگەكەی بەریشی، هەر لەوجل و بەرگانە دەچوو كە لەبۆنە و مەراسیمە جیاجیاكاندا (كڕاڵ) لەبەری دەكرد. تەنها جیاوازییەك لەنێوانیاندا، كەپاش ماوەیەك لەتێڕوانین و لێوردبوونەوە فەرقم پێكرد، ئەوە بوو كە ماسكی دەموچاوی كەسە مۆمیاكراوەكە كەمێك لەو ماسكە گەورەتربوو كە(كڕاڵ) لەدەموچاوی دەكرد. چوارکەسە مۆمیاكراوەكەی دیكەش، چ بەجل و بەرگ و چ بەشێوەش، هەر بەتەواویی لەو چوار پاسەوانە دەچوون. كە تابووتەكەیان فڕێ دایە نێو ڕووبارەكەوە. بەیەكێك لەدیوارەكانەوە وێنەیەكی فۆتۆگرافی دوورگەیەك هەڵواسرابوو، كە زۆر بەدوورگەی (سین) دەچوو. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ، لەوێنە فۆتۆگرافییەكەم ڕوانی، گەڕامەوە بۆ بەردەم ئەو كەسە مۆمیاكراوەی كە لە(كڕاڵ) دەچوو. لەبەرخۆمەوە گوتم(تۆ بڵێی ئێستاكێ لەجێی من، وتارەكانی (كڕاڵ) بخوێنێتەوە؟). هەر بۆخۆشم وەڵامی خۆمم دایەوە و گوتم(ئەگەر بوونم لەدوورگەی(سین)دا، تەنها خەون و خەیاڵ نەبوبێت و بەڕاستی لەوێدا ژیابێتم و هەموو ئەو شتانەم بینیبێت، كەپێم وایە بینیبێتم، ئەوە بێگومان لەدوای من، هەر دەبێت كەسێكیان وەچنگ كەوتبێت، تاوەكو لەجێی (كڕاڵ) ئیدامە بەخوێندنەوەی ئەو وتارانە بدات، كە جگە لەژمارەی بڕیارەكان، هیچی تری لێ تێ نەدەگەیشتم). هەر دوای ئەوەی

کە هێندەم گوت، هەستم بەهاتنە پێشی هەر حەوت کەسە مۆمیاکراوەکە کرد. ئیدی چاوەڕێی ئەوەم نەکرد، کە بزانم چەندی تر دێنە پێش و بەچەند هەنگاو دەگەنە لای من. بەپەلە خۆم گەیاندە لای دەرگاکە و چوومە دەرێ. پاش ئەوەی گەیشتمە سێ کۆڵان ئەولاتری ئەو کۆڵانەی حەمامەکەی تێدا بوو، رێك و راست خۆم کرد بەنێو یەکێك لەو کوچە تەنگەبەرانەی کە دەرنەدەچوو. لەوەدا بوو پاشەوپاش بگەڕێمەوە دواوە، کاتێك هەموو شتێك لەبەرچاومدا رەش داگەڕا. ئیدی نازانم بۆ هەر دوای ئەوە، گیزە گیزی کۆمەڵێك مێشم هاتە گوێ، کە پێدەچوو لەنێو سەرمدا جێی خۆیان کردبێتەوە.

دوای دووبارە بوونەوەی چەند جارێکی گیزە گیزیان، شتێك لەناوەوە و بەدەر لەویستی خۆم، ناچاری دەکردم کە مێشکی خۆمم وەك کەلاکێکی گەنیو و بۆگەن بێتە پێش چاو. پاش ماوەیەك لەبەردەوام بوونی گیزەگیزی مێشەکان، تابووتەکەی نێو شەپۆلە راوەستاوەکانی رووبارکەم بیرکەوتەوە. لەوەدا بوولەشوێن خۆم ببزوێم و هەنگاو بنێم، کاتێك دەیان هێڵە تیشکی بەشەوق، لەچاوە فسفۆڕییە گەورەکانی پەپوولە باڵ سوورەکانەوە دابارییە نێو ئەو پانتاییە تەسك و تروسکە تاریکەی، کە لەوکاتەدا تێیدا راکشابووم. لەبەر خۆمەوە



گوتم(دەبێت کەی و چۆن، نێو کوچە رەش داگەڕاوەکەم جێ هێشتبێت و بەچی گەیشتبێتمە ئێرە؟).

ئیدی هێدی هێدی، شەوقی هێڵە تیشکی چاوە فسفۆڕییەکانی پەپولەکان، یەك لەدوای یەك، هەروەك فوو لەمۆم بکەیت، کوژانەوە. پێش ئەوەی بۆ دواجار پێڵوەکانم لێك بنێم، گوێم لەدەنگی باپیرم بوو، کە گوتی(گەرچی نامبینیت و مەحاڵیشە جارێکی تر کەس ببینیت! بەڵام وابزانە هەروەك سالأنێکی زۆر لەمەوپێش، پێکەوەین و لەپڕ دەستە سڕەکەی گیرفانی شەڕواڵەکەم دەردەهێنم و بەبەرچاوتدا دەیهێنم و دەیبەم، پاشان پێت دەڵێم، دەئێستا سەیر بکە). هەر دوای ئەوەی کە باپیرم دەنگی نەما. وێنەیەکی رەش و سپی، کاتی منداڵی خۆم هاتە بەرچاو، کە لەنێوەڕاستی دەشتێکی کاکی بەکاکیدا، دانیشتبووم و قامکەکانی هەردوو دەستم لەخۆڵی عەردەکەی گیر کردبوو.

ئەوەندەی نەمابوو کە وێنەکە بەتەواویی لەبەرچاومدا کاڵ ببێتەوە، کە بۆ دواجار گوێم لەچریکەی ئەو باڵندە دەنگ خۆشەبوو، کە زیاتر دەنگی چریکەی لەئاوازێکی خەمناك، یان وشە بەسوێیەکانی گۆرانییەکی دێرین دەچوو.